
# گوڵان

پەیامی ئەمرۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤٤٣) - (١٦)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢٤

ستیفن بلانك:

**کەوتنی خێرای دیمەشق پێی گوتین ڕووسیا ناتوانێت بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات**



فوئاد ئیزەدی:

**ئیسرائیل دەیەوێت سووریا ببێتە وڵاتێک کە هاوشێوەی ئەردەن و میسر تەتبیعی لەگەڵدا بکات**



د.عەبدولحسێن شەعبان:

**شکاندنی دەرگای زیندانەکان گەواهیدەری ستەم و ترس و تۆقاندنی ڕژێمی بەعسی سووریا بوون**

# تورکیا کەوتنی ئەسەد وەک هەلێک بۆ ئایندەی خۆی سەیر دەکات






# سەردانەکەمان بۆ مۆسکۆ
# لە ١٩ی شوباتی ٢٠١٣



ماوەیەکی زۆر بوو میخائیل بۆگدانۆف[١] بانگهێشتنامەکەی هێنابوو بۆ ئەوەی سەردانی مۆسکۆ بکەم، ئەوەی ڕاستی بێت منیش پێم خۆش بوو سەردانەکەم بکەم.

بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژی ١٩ی شوباتی ٢٠١٣، لە هەولێرەوە بەرەو ڕووسیا بەڕێ کەوتین. دوای سێ کاتژمێر گەیشتینە مۆسکۆ. لە فڕۆکەخانە پێشوازییەکی گەرمیان لێ کردین. دوای پشوودانێکی کورت، سەردانی ئەو خانووەمان کرد کە کاتی خۆی بارزانیی نەمر لە نێوان ساڵانی ١٩٥٤ – ١٩٥٨ تێیدا ژیابوو. بە مۆڵەتی فەرمیی شارەوانیی مۆسکۆ تابلۆیەک لە دیواری باڵاخانەکە دراوە و لەسەری نووسراوە: (ڕێبەری گەلی کورد، مستەفا بارزانی، لە ماوەی نێوان ١٩٥٤–١٩٥٨ لەم خانووەدا ژیاوە).

لە کاتی سەردانم بۆ ئەو خانووە ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتووی ڕووسیا و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ڕووسیاش ئامادە بوون، لەوێ وتارێکم پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و، لە بەشێکی وتارەکەدا گوتم: سوپاسی حکومەتی ڕووسیا و شارەوانیی مۆسکۆ و ئامادەبووانی خۆشەویست دەکەم. زۆر خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لێرە لەگەڵتاندا بەشدارم بۆ لادانی پەردە لەسەر نووسینێکی تایبەت بە ژیانی بارزانی لەم شوێنەدا. من تەنیا بە چەند کاتژمێرێک لە هەولێرەوە گەیشتمە مۆسکۆ، بەڵام باوکم بە پەنجا و سێ ڕۆژ بە شەڕ و لوولەی تفەنگەکەی و هاوسەفەرە قارەمانەکانی، خۆی گەیاندە سنووری یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو کە تەنیا وڵاتێک بوو دەرگاکانی بە ڕوویدا کردەوە و لە ١٩٤٧–وە تا ١٩٥٨ پەنای دان و هەموو ئاسانکاری و پێویستییەکانی خوێندنیان بۆ دابین کرا. جێی سوپاسی من و هەموو گەلی کوردە و هەرگیز لە یادەکانماندا ناسڕێتەوە.

ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ٢٠١٣، سەردانی ماڵی سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمیر پووتینمان کرد کە لە دەرەوەی شاری مۆسکۆ بوو. دیدار و چاوپێکەوتنێکی دۆستانە بوو و وەزیری دەرەوە، لاڤرۆڤیش ئامادەی دیدارەکە بوو.

---

(١) سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکاری بەناوبانگی ڕووسی؛ لە ساڵی ٢٠١١–وە جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بووە و لە ساڵی ٢٠١٤–وە نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ڕووسیا بۆ کاروباری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. پێشتر باڵیۆزی ڕووسیا بووە لە وڵاتانی میسر و ئیسرائیل.




ژمارە (٥)ی پاییزی ٢٠٢٤ی (هەردەم)، کە گۆڤارێکی کولتووریی وەرزییە، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات، بە تەوەری (هونەری وەرگێڕان) کەوتە بەردیدی خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە. دیارە هونەری وەرگێڕان دەخوازێت سەرلەنوێ مانا بونیاد بنێتەوە هاوکات کاریگەری لای خوێنەر بێنێتە ئاراوە، بنەما سەرەکییەکانی زمانیش ڕەچاو بکات، وەرگێڕان هەموو کایە و ژانرەکانی ئەدەب و زانست و ئابووری و سیاسەت و هونەر ..تاد لەخۆدەگرێت، وەرگێڕانیش خۆی لەخۆیدا هونەرە، پیشەیە وەستای خۆی دەوێت، مەرجیش نییە ئەوەی تۆزێك سەر لە زمانەکانی دیکەی وەك عەرەبی یان ئینگلیزی دەربکات، بتوانێت لەم وەرگێڕاندا سەرکەوتوو بێت.

لەم ژمارەیەدا دکتۆر سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن سەبارەت بە وەرگێڕان، بەناونیشانی (وەرگێڕان، گۆڕینی چاو لە دیوارەوە بۆ پەنجەرە!) نووسیویەتی: وەرگێڕان، بەر لەوەی هونەر بێت، پێویستییە، پێویستییە بەو مانایەی کە مرۆڤەکان، گرووپ و کۆمەڵگەکان پێویستییان بە یەکترناسین و لە یەکترگەیشتن هەیە، هەر ئەوەشە مرۆڤایەتیی لە یەکتر کۆکردۆتەوە، هەروەها دەڵێت: وەرگێڕان وەستانە بەدیار پەنجەرەوە، ئیشکردنە لەنێو ڕەنگەکانی ئەودیو پەنجەرەوە، بەڵێ کورد پێنگاڤی باشی بڕیوە و چاوی لە دیوارەوە بۆ پەنجەرە گۆڕیوە.

حەمەسەعید حەسەن سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی لە نووسینێکیدا بەناونیشانی هونەری وەرگێڕان ئاماژە بەوە دەکات کە (وەرگێڕ دەبێت ئاگای لەوە ببێت، شتگەلێک هەن، نووسەری دەقی سەرچاوە نایانڵێت، دەریاننابڕێت و نایاننووسێت، بەڵام لەژێر دێڕەکاندا هەن و هەمیشە لە گوتراوەکاندا، تامەزرۆییەک بۆ لای نەگوتراوەکان هەیە)، لە تەوەری ئەم ژمارەیەدا چەندین نووسەر بە بابەتی هەمەجۆر لەسەر هونەری وەرگێڕان بەشدارییان کردووە. دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە هەموو وەرزێك تەوەرێك لە دەرکردنی (هەردەم) بەردەوامە و دیدی خوێنەرانی پێ ڕۆشن دەکاتەوە.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نوسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**سالح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی سالح**
**کارزان کانەبی**
**رێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار رەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -رووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

د. محیدین حەسەن :



**قەلاچۆکردنی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە کردار و هەڵمەتێکی نیشتمانپەروەری هەیە**

عەلی فەیلی :




**کوردایەتی و نیشتمانپەروەری، بارزانی و کوردانی فەیلی پێکەوە کۆ دەکاتەوە و هەرگیز لێکتر جیا ناکرێنەوە**

د.عوسمان عەلی :



**گرنگە سەرۆک بارزانی کە شکۆی تایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، دەستپێشخەرییەک بکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی لە رۆژئاوا بە بەشداریی هێزەکانی رۆژ و ئەنەکەسە**

پ. د.کامەران سالحی



**پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە سیستەمێکی دیموکراسیی لیبراڵی هەیە**


عەبدولرەحمان سدیق



**پاککردنەوەی ژینگە لە رۆژی نێودەوڵەتیی هاوکارییدا**

شاد ڕزگار:

**تەنیا بە یاسا ناتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە**





**کەرکووکییەکان باس لە مەترسییەکانی سیاسەتی تەعریب لە ئاییندەدا دەکەن**

**ئامێرێکی گرنگ بۆ پێوانەی نەخشە و ئەندازە**



**چۆن تەندروستیی ئێسک دەپارێزیت؟**





مەریەم فرەنکول:

**هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی چەنگەوە مۆسیقای کۆن و نوێ تێکەڵ بکەم**

سۆز ئومێد:

**هێشتا خەڵکانێک هەن زۆر بە هەڵە بیر دەکەنەوە و وەرزش بە عەیبە دەبینن**









# دوای کەوتنی ڕژێمی ئەسەد


## گەڕان بەناو وردەکاریی گۆڕانکارییە تازەکانی هاوکێشەی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



« له ناو زۆربەی پایتەختەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەواڵی کەوتنی بەشار ئەسەد جۆرێک لە نیگەرانی دروست کردووە، بەڵام لە ناو ئەنکەرای پایتەختی تورکیا جۆرە گەشبینییەک بە سووریای دوای کەوتنی ئەسەد بوونی هەیە. ڕەجەب تەیب ئەرۆدگان سەرۆک کۆماری تورکیا وای دەبینێت «کەوتنی ئەسەد هەلێکە بۆ ئایندەی تورکیا». ئەم گەشبینییەی ئەردۆگان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەر لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١وە، تورکیا بە هەموو جۆرێکی ماددی و لۆژیستی وەبەرهێنانی کردووە و هاوکاریی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کردووە، کە ئێستا دەسەڵاتی دیمەشقیان بەدەستەیەوە، لە ئێستاشدا بەو جۆرە هاوکێشە تازەکە دەخوێنێتەوە، بەوەی کاتی ئەوە هاتووە کە سوود و قازانجی ئەو وەبەرهێنانە کۆبکاتەوە.

تورکیا لە هەوڵی ئەوەدایە کە حکومەتە کاتییەکەی «محەمەد بەشیر» لە سووریا بە شێوەیەک خۆی پیشانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بدات، کە لە چوارچێوەی یاسادا مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی سووریا دەکات و ڕێز لە مافی هەموو کەمینەکانی ئەو وڵاتە دەگرێت، لەمەش زیاتر لە ماوەی قۆناغی ڕاگواستنی ئەم حکومەتە کاتییەدا، هەنگاو بۆ دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی ئافرەت و سەروەریی یاسا هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی هاودژی لەگەڵ ئەم سیناریۆیە دروست دەکات، کە دەیەوێت لە دیمەشق پیادەی بکات، بە پلەی یەکەم ئەوەیە، تورکیا چەندین ساڵە بە هەموو شێوەیەک پشتگیری لە حکومەتی ئینقازی «جەبهەی تەحریری شام» لە «ئەدلب» دەکات، بەڵام ئەو حکومەتە بە هیچ شێوەیەک دیموکراتی نەبووە، لەمەش زیاتر هاودژییەک لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆی تورکیاش دروست دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تورکیا ئامادە نییە، ددان بە مافی کوردی وڵاتەکەی خۆیدا بنێت، چۆن دەتوانێت بەوە ڕازی بێت، «هەیئەی تەحریری شام» مافەکانی کوردی سووریا بسەلمێنێت.

تورکیا وەک لایەنێکی سەرەکی لەم هاوکێشە تازەیەدا، دەبێت تەحەمولی ئاکامی ئەم ڕووخانە بگرێت، ڕاستە هەر لەگەڵ ڕووخانی ئەسەد لە ناو تورکیا دەست بە ئاهەنگگێڕان کرا و بەو جۆرە لە قەڵەم درا، کە حکومەتی داهاتووی دیمەشق دۆستی تورکیا دەبێت و ئاوارەکانی سووریا دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، بەڵام لایەنێکی دیکەی دیمەنەکە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخی سووریا دووبارە گەڕایەوە بۆ ئاژاوە و پاشاگەردانی و دووبارە تیرۆر و ناسەقامگیری دەستی پێکردەوە، ئەوا ئاوارەی زیاتر ڕوو لە تورکیا دەکەن، لەم حاڵەتەدا پیاوە بەهێزەکەی تورکیا (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان) پەشیمانی دادی نادات لەو سەرکەوتنە کارەساتبارەی چەکدارەکانی هەیئەی تەحریری شام بە خێرایی لە سووریا بە دەستیان هێنا».



## گۆنول تول

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی تورکیا لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نووسەری کتێبی»شەڕی ئەردۆگان: خەباتی پیاوە بەهێزەکە لە ناوخۆ و لە ناو سووریا»دا،

**● ڕووداوەکانی ئەم دواییەی سووریا ئایندەیەکی نادیاری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست کردووە**

بە پێچەوانەی ئەو ئومێدەی تورکیا کە لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای بەشار ئەسەد هەڵیچنیوە، هەموو لایەك ئەو مەزندە و ئەگەرانە زۆر بە دوور دەزانێت، کە گرەو لەسەر ئەوە بکرێت، دوای نەمانی ئەسەد، سووریا و ناوچەکە بەرەو ئاشتی و سەقامگیری هەنگاو هەڵبگرێت، بەپێچەوانەوە هەموو ئەگەر و مەزندەکان لە تەواوی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە بەو ئاراستەیەن، کە ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە ناو سووریا لە ئایندەیەکی نزیکدا دروست دەبێت، دەوڵەتانی دراوسێی و دەوڵەتانی پەیوەندیدار بە کێشەی سووریاشەوە دەگرێتەوە و، پێشبینی دەکرێت دەرهاویشتە نەرێنییەکانی ئەم سەرکەوتنە کارەساتبارەی هەیئەی تەحریری شام بەمجۆرە سەرانسەی وڵاتانی ناوچەکە بگرێتەوە:

١- ئیسرائیل کە خۆی بە سەرکەوتووی پلە یەکی ئەم شەڕە دەزانێت و هۆکاری کەوتنی ئەسەد دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هێرشانەی کردوویەتیە سەر هێزەکانی حزبوڵڵا و گرووپە چەکدارەکانی سووریا، بووەتە هۆکاری ئەوەی بنامین نەتانیاهۆی گەیاندووەتە ئەو ئاستەی پێی دەگوترێت «لوتکەی غروور» یان ئەوەی پێی دەگوترێت «جنون العظمة - Paranoia»، واتە گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا ڕێگە بۆ مانەوەی ئیسرائیل، درێژەدانە بەم شەڕ و کاولکارییە کە لە ٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣ دوای هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێکردووە. هەر بۆیە ئیسرائیل بە گشتی و لەژێر سایەی حکومەتەکەی نەتانیاهۆدا پێناچێت، هیچ ئامادەباشییەکی بۆ ئەوە هەبێت دووبارە بە ئاشتی و دیالۆگ سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.

٢- تورکیا کە خۆی بە براوەی پلە یەکی شەڕی ناوخۆی سووریا دەزانێت و، لە ئێستادا ئەو گرووپە ئیسلامییانەی هەیئەی تەحریری شام لە دیمەشق دەستیان بەسەر دەسەڵاتدا گرتووە، کە چەندین ساڵە تورکیا نەك هەر هاوکاریی ماددی و لۆژستییان پێشکەش دەکات، بەڵکو لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوو لەچەندین قۆناغدا ڕێگەی پێداون لەسەر خاکی تورکیا خۆیان ڕێك بخەنەوە و دووبارە هێرش بکەنەوە بۆ ناو خاکی سووریا، ئەوا نەك نایەوێت حکومەتێکی گشتگیر و دیموکراتی لە دیمەشق بێتە ئاراوە، بەڵکو دەیانەوێت تورکیا ڕۆڵی شادروستکەر «King Maker» لە حکومەتی داهاتووی سووریا بگێڕێت و، بە تەواوی کۆپی حکومەتەکەی ئەدلب بێت، کە بە ڕێنمایی و ڕاسپاردەی ئەنکەرا کاروبارەکانی هەڵدەسووڕان. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا تورکیا بە ئاسانی و بێ کێشە ئەم خەونەی بۆ دێتەدی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاڵۆزیی گۆڕانکارییە تازەکانی هاوکێشەی جیوسیاسیی ناوچەکە دەیداتەوە و، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە لە هاوکێشەی ناوچەکە بە گشتی و لە گۆڕەپانی سووریای دوای ئەسەد بەتایبەتی، تورکیا بە تەنیا یاریزان نییە، چۆن دەخوازێت بۆی بچێتەسەر.

٣- کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەرەی مقاوەمە کە لەم هاوکێشە تازەیەدا بەو شێوەیە وێنا دەکرێن، کە گورزی کاریگەریان بەرکەتووە، بەتایبەتی لە تێکشکانی توانای سەربازی و کوشتنی سەرکردەکانی حزبوڵڵا و هەروەها ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش کە بە هەڵوەشانەوەی هیلالی شیعی ناو دەبرێت، بەڵام وەك پرۆفیسۆر سۆزان مانۆلی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ئامۆژگای برۆکینگز، لە دوایین وتاری لە گۆڤاری فورین ئەفێرز بە ناونیشانی «نۆرمێکی تازەی مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» ئاماژەی پێکردووە، «کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوەی سەلماندووە، کە توانای ئەوەی هەیە، زۆر بە هێمنی ئیحتیوای ئەو شکستانە بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت و باشتر خۆی ڕێك بخاتەوە». پرۆفیسۆر لۆنلی لەسەر بنەمای بەڵگە و ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەی داڕشتووە و ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، لە ساڵی ١٩٩٢ ئیسرائیل توانی عەباس مووسەوی سەرۆکی حزبوڵڵا بە هێرشێکی ئاسمانی لە ناو ببات و دوای ئەو حەسەن نەسروڵڵا کرا بە سەرۆکی

**هەر لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ٢٠١١وە، تورکیا بە هەموو جۆرێکی ماددی و لۆژیستی وەبەرهێنانی کردووە و هاوکاریی ئەو گرووپە ئیسلامییانەی کردووە، کە ئێستا دەسەڵاتی دیمەشقیان بەدەستەیەوە**

**تورکیا ئامادە نییە، ددان بە مافی کوردی وڵاتەکەی خۆیدا بنێت، چۆن دەتوانێت بەوە ڕازی بێت، «هەیئەی تەحریری شام» مافەکانی کوردی سووریا بسەلمێنێت**

**مەزندەکان لە تەواوی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە بەو ئاراستەیەن، کە ئەو ئاژاوە و پاشاگەردانییەی لە ناو سووریا لە ئایندەیەکی نزیکدا دروست دەبێت، دەوڵەتانی دراوسێی و دەوڵەتانی پەیوەنیددار بە کێشەی سووریاشەوە دەگرێتەوە**

ئەو حزبە، بەڵام پاش مانگێك لەم ڕووداوە، حەسەن نەسرولڵا بەرنامەی دانا بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە ئەرجەنتین، هەروەها ئاماژەی بە کوشتنی قاسم سولەیمانی کردووە بە هێرشێکی ئاسمانی لە سەرەتای ٢٠٢٠ لە بەغدا و دەڵێت «ئەوەی لە جێگەی سلێمانی دانرا کە مەبەستی (ئیسماعیل قائانی)یە، لە قاسم سولەیمانی کاریگەرتر کاروبارەکانی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران هەڵدەسووڕێنێت».

کەواتە لە ئاراستەی ئەم خوێندنەوەی پرۆفیسۆر لۆنلی، دەیەوێت هۆشداریی ئەوە بدات، کە کەوتنی ئەسەد و شکستەکانی حزبولڵا کۆتایی بە کێشەکان ناهێنێت، بەڵکو «نۆرمێکی تازەی مەترسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»دا دەهێنێتە ئاراوە، ئەم نۆرمە تازەیە لە ناو سووریادا سەرئێشەی مەترسیدار بۆ پلانەکەی تورکیا دوای ڕژێمی ئەسەد دروست دەکات.

٤- عێراقیش دیسان کە مەزندەی ئەوەی لێدەکرێت، لەناو ئەم هاوکێشەیە لە پڕیشکی ئەم شەڕە دوور نەبێت و بە شێوەیەك لە شێوەکان تێوە بگلێت، بەڵام سەردانی ئەنتۆنی بلینکن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ عێراق «بەبێ ئەوەی لە بەرنامەی گەشتەکەیدا دیاری کرابێت»، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە بلینکن پەیامێکی دڵنیاکەرەوەی بۆ عێراق «وەك دەوڵەت» پێ بوویێت و، هەوڵی داوە بەرپرسانی دەوڵەتی عێراق لەوە ئاگادار بکاتەوە کە مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر عێراق «دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشە، نەك هێرشەکانی ئیسرائیل بو سەر عێراق»، ئەم پەیامەی ئەمریکا، ئەو لێدوانانە پشتڕاستی دەکاتەوە کە بلینکن لە عێراقەوە بە جیهانی ڕاگەیاند، لەمەش زیاتر ئەمریکا و ئیسرائیلیش زۆر باش دەزانن لە ئێستادا عێراق وەك دەوڵەت، هاوشێوەی دەوڵەتی لوبنانە و ئەو هێزەی نییە کە هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، بەڵام بۆ ئەوەی وەك لوبنانی بەسەر نەیەت، دەبێت گوێ بۆ ئەو پەیامە نێودەوڵەتییانە بگرێت کە دەڵێت: پێویستە لەم قۆناغە «بڕیاری بوێرانە و یەکلاکەرەوە بدەیت». ئەم پەیامە وەك نێردەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، دوای سەردانەکەی بۆ نەجەف و دیداری یەکەمی لەگەڵ ئایەتولڵا سیستانی و دیداری دووەمی لەگەڵ محەمەد ڕەزا سیستانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەیی ڕایگەیاند، «خودی ئایەتولڵا سیستانی و مەرجەعییەتی باڵای نەجەف» لە ناوەڕۆکی ئەم پەیامە تێگەیشتوون و پەیامیان ئاراستەی حکومەتی عێراق کردووە بەوەی بڕیار بدات، «چەك» تەنیا لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا بێت و بڕیاری شەڕ و ئاشتی لە دەستی دەوڵەتی عێراقدا بێت.

٥- هەرێمی کوردستان لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا، تەنیا کارەکتەری غەیرە دەوڵەتییە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەوڵەتانی ناوچەکە لەسەر دوو ئاست بە گرنگ لە قەڵەمی دەدەن:

یەکەم: لەسەر ئاستی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەتا ئێستاش تەنیا هێزە لەسەر زەوی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش، لەگەڵ کەوتنی ئەسەدیش لەلایەن چەکدارانی هەیئەی تەحریری شامیشەوە، ئەمریکا دووبارە ڕێگرتنەوەی لەسەر هەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشی وەك ئەولەوییەتی سیاسەتی خۆی لەم هاوکێشە تازەیە پێناسە کردووەتەوە، بۆیە لەم هاوکێشە تازەیەدا و لە پرۆسەی ڕێگرتن لەدووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و ڕۆڵێکی گرنگی پێدەدرێت.

دووەم: لە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و لە ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستی ناوخۆی و لەسەر ئاستی هەرێمی، ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا وەك دوولایەنی دژ بەیەك لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا، پێویستیان بە ڕۆڵ و ناوبژیوانیی هەرێمی کوردستان هەیە و لەدوایین پەیامیشیدا مەزلووم عەبدی سەرۆکی ئیدارەی ڕۆژئاوا، ڕاشکاوانە داوای هاوکاری لە هەرێمی کوردستان کرد، بۆ ڕێکخستنەوەی نیوماڵی کورد لە ڕۆژئاوا و یەکگرتوویی گوتاری کوردی لەم قۆناغەی تازەیەی دوای کەوتنی ئەسەد.

**ئیسرائیل بە گشتی و لەژێر سایەی حکومەتەکەی نەتانیاهۆدا پێناچێت، هیچ ئامادەباشییەکی بۆ ئەوە هەبێت دووبارە بە ئاشتی و دیالۆگ سەقامگیری بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە**

**لە هاوکێشەی ناوچەکە بە گشتی و لە گۆڕەپانی سووریای دوای ئەسەد بەتایبەتی، تورکیا بە تەنیا یاریزان نییە، چۆن دەخوازێت بۆی بچێتەسەر**

**کۆماری ئیسلامی ئێران لەماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ئەوەی سەلماندووە، کە توانای ئەوەی هەیە، زۆر بە هێمنی ئیحتیوای ئەو شکستانە بکات کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە و زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت و باشتر خۆی ڕێک بخاتەوە**

**● لە چاوەڕوانیی دەستبەکاربوونی ترەمپ و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمری واقیعی ناوچەکە**

لەگەڵ ئەوەی ئاراستەی زاڵی بۆچوونی توێژەران و چاودێرانی سیاسی لە سەرانسەری جیهان سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانیی داهاتووی دۆناڵد ترەمپ، بەو جۆرەیە کە ناتوانرێت خوێندنەوە بۆ هیچ سیاسەت و ڕەفتارێکی ئەم سەرۆکە بکرێت و، هیچ پرۆگرامێکی نییە بێجگە لە مەزاجی خۆی و ئەوەی پێی دەگوترێت «تیۆریی پیاوە شێتەکە- The madman theory»، بەڵام ئەگەر لەم چوارچێوەیەشدا (تیۆریی پیاوە شێتەکە)، خوێندنەوە بۆ شێوازی بڕیار و حوکمڕانیی ترەمپ بکەین، ئەوا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، ئەم تیۆرە پێش ئەوەی ترەمپ پیادەی بکات، وەك لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی بینیمان، ئەوا مێژوو پێمان دەڵێت ئەم تیۆرە (تیۆریی پیاوە شێتەکە) بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆمارییەکان و کاتێك دەگەنە دەسەڵات بۆ ناچارکردنی بەرانبەرەکانیان پیادەی دەکەن.

بنەچەی ئەم تیۆرە کە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوەی نیکۆلای ماکیاڤیلی کە لە ساڵی ١٥١٧ گوتوویەتی: «کارێکی لۆژیکانەیە هەندێك جار شێتانە خۆت نمایش بکەیت»، ڕیچارد نیکسۆن ٣٧مین سەرۆکی ئەمریکا کە سەر بە پارتی کۆمارییە لە ساڵی ١٩٦٩ و بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕی ڤێتنام ئەم گوتەیەی ماکیاڤیلی کرد بە «تیۆری پیاوە شێتەکە» بۆ ئەوەی بە ڕێگەی کیسنجەر هەڕەشە لە «هۆشی مینە»ی سەرۆکی ڤێتنام بکات، بۆ ئەوەی ئەگەر ڕێککەوتنی ئاشتی واژۆ نەکات، ئەوا نیکسۆن شێتە و دووبارە پەنا بۆ بەکارهێنانەوەی چەکی ئەتۆمی دەبات. ئەوکات پارتی کۆماری بەو جۆرە پێگەی ئەمریکای لە جیهاندا دەبینی، بەوەی پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەیویست بە هەر نرخێك بێت، شکۆی ئەمریکا ڕاست بکاتەوە.

دروشمی پارتی کۆماریی ئەمریکا کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦وە «ئەمریکایەکی مەزن بونیاد دەنێینەوە»یە، بەرنامەی پارتێکی سیاسیی ئەمریکایە، کە کورتکراوەکەی «G0P- پارتە دێرینە گەورەکە»یە، ئەمەش بەو مانایەی هەڵبژاردنی دۆناڵد ترەمپ بۆ سێ جار لەسەر یەك (٢٠١٦و٢٠٢٠ و ٢٠٢٤) وەك تاکە کاندیدی ئەو پارتە بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، مانای ئەوەیە سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی کۆماری پێویستی بە کەسایەتییەکە کە توانای «پیشاندانی سیمای شێتی و موجازەفە»ی هەبێت، هەر بۆیە ئەو تیمەی کە بۆ ئیدارەی تازەی ترەمپ بۆ «٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥» ئامادە کراوە، هەر یەکەیان بە شێوەیەك، جۆرێك لە سیفاتەکانی ترەمپیان تێدایە، لە سەرووی هەموویانەوە «مایك والتز» کە دەبێتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی لە ئیدارەی داهاتووی ترەمپ، کە یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی زۆر بە توندی ڕەخنەی لە سەرۆك بایدن گرت، کە سەرکۆنەی ئیسرائیلی کرد بۆ هێرشەکانی بۆ سەر غەززە.

ئاماژەکردنمان بە باکگراوەندی ئەم تیۆرە (تیۆری پیاوە شێتەکە) لە هزری سیاسیی ڕۆژئاوا و وەك بەشێك لە سیاسەتی دەرەوەی کۆمارییەکان لە ئیدارەکانی ئەمریکادا، بۆ ئەوە بوو، ئاماژە بەوە بکەین، ئەم ئاراستەیە خوێندنەوە بۆ تیۆرێك لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات، کە ئاراستەی سیاسەت و ستراتیژیەتی حزبێکی فەرمانڕەوای وەك کۆمارییەکان دیاری دەکات، کە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوو، نەك هەر دەیەوێت حوکمڕانیی دەوڵەتێکی گەورەی وەك ئەمریکا بکات، بەڵکو دەیەوێت بە شێوەیەکی تازە سەرکردایەتیی جیهان بکات، یان ڕۆڵێکی کاریگەری لە سەرکردایەتیکردنی جیهاندا هەبێت.

جارید کۆشنەر، ڕاوێژکاری تایبەتیی دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیدا (٢٠١٧-٢٠٢١)، یەکێك لە گرنگترین دۆسیەکانی پێ سپێردرابوو، کە ئەویش بریتی بوو لە دووبارە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل، کە ئەم دۆسییە گرنگە ناوی لێ نرابوو «سەفقەی سەدە». کۆشنەر ڕاشکاوانە بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی پرۆسەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی دەوڵەتانی عەرەبی ڕاگەیاند «باس لەوە مەکەن لە ساڵی ١٩٤٨-

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەتا ئێستاش تەنیا هێزە لەسەر زەوی کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش**

**مەترسیی ڕاستەقینە لەسەر عێراق «دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشە، نەك هێرشەکانی ئیسرائیل بو سەر عێراق»**

**لە ئێستادا عێراق وەک دەوڵەت، هاوشێوەی دەوڵەتی لوبنانە و ئەو هێزەی نییە کە هەڕەشە لە ئیسرائیل بکات، بەڵام بۆ ئەوەی وەک لوبنانی بەسەر نەیەت، دەبێت گوێ بۆ ئەو پەیامە نێودەوڵەتییانە بگرێت کە دەڵێت: پێویستە لەم قۆناغە «بڕیاری بوێرانە و یەکلاکەرەوە بدەیت»**

**ئەمریکا دووبارە ڕێگرتنەوەی لەسەر هەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعشی وەک ئەولەوییەتی سیاسەتی خۆی لەم هاوکێشە تازەیە پێناسە کردووەتەوە**

**ڕۆژئاوای کوردستان و تورکیا وەک دوولایەنی دژ بەیەک لەم پرۆسە ئاڵۆزەدا، پێویستیان بە ڕۆڵ و ناوبژیوانیی هەرێمی کوردستان هەیە**

٢٠١٧ چی ڕووی داوە و کێ کەمتەرخەم بووە و کێ باش کاری نەکردووە، ئێمە ئێستا لە ٢٠١٧ بڕیار دەدەین، چیمان پێدەکرێت، یان چیمان پێناکرێت». ئەم ئاراستەی کۆشنەر کە خۆی ئەمجارە لە ستافی خولی دووەمی ئیدارەی ترەمپدا نییە، لە شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ «نۆرمە تازەکەی مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست»، دووبارە پیادە دەکرێتەوە، ئەو واقیعەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ٢٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ دەگاتە کوێ، ئیدارەی تازەی ترەمپ وەك ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ دەکات و ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئیدارەی پێشوو (جۆزیف بایدن) لە کویدا هەڵەی کردووە و لە کوێدا سەرکەوتوو بووە.

پرۆفیسۆر گونیول تول، لە دوایین وتاریدا بە ناونیشانی «چۆن تورکیا شەڕی ناوخۆی سووریای بردەوە» کە لە ڕێکەوتی ١١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی «هێزەکانی هەیئەی تەحریر شام لە سەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ ئامادەکارییان کردبوو، هێرشەکانیان بۆ سەر سوپای سووریا دەست پێبکەن، بەڵام ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا گوشاری لەسەر کردن و هێرشەکەی پێ دواخستن». ئەو کاتی ئەردۆگان ڕێگری کرد لە هێرشەکەی هەتەشە، هێشتا هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ی سەرۆکایەتیی ئەمریکا ئەنجام نەدرابوو، بەڵام دوای ئەوەی ترەمپ هەڵبژاردنەکانی بردەوە، ئەردۆگان خۆی کۆبوونەوەی لەگەڵ چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام کرد و هانی دان، بۆ ئەوەی هێرشەکانیان دەست پێبکەن، کە خۆیشی مەزندەی نەدەکرد بەو خێراییە ئەو هێرشانە ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنن.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، گرەوی گەورەی تورکیاش بۆ هاندانی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام بۆ ئەوەی پەلە بکەن لەسەر هێرشەکەیان بۆ هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد بۆ ئەوە بوو، گۆڕانکارییەکی تازە لە ناو سووریا دروست بکات و، لەگەڵ هاتنی ترەمپ بیکاتە ئەمری واقیع، هەتا ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بەو خێراییە نەکەوتایە و هەر لە دیمەشق بمابایەتەوە. هەروەها گرەوی ئێستاشی لەسەر دامەزراندنی حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی محەمەد بەشیری سەرکردە لە هەیئەی تەحریری شام لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە دۆناڵد ترەمپ هاوکات لەگەڵ پێشڕەوییەکانی چەکدارانی هەتەشە بەرەو



دیمەشق ڕایگەیاند «ئێمە هیچ بەرژەوەندییەکمان لەو شەڕە نییە و دەستتێوەردان ناکەین». ئەم پەیامەی ترەمپ بەو جۆرە تەفسیری بۆ کراوە، کە ئەولەوییەتی سیاسەتی ترەمپ بەرانبەر سووریا لە ئیدارە تازەکەیدا «کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەبێت لە سووریا»، ئەمەش گرێ دراوەتەوە بەوەی کە دەتوانرێت لەگەڵ ترەمپدا سەفقەیەك لەسەر بەشداریی تورکیا کاراتر لە شەڕی تیرۆریستانی داعش لە نێوان هەردوولادا واژۆ بکرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر تورکیا بتوانێت لەبری هێزەکانی ئەمریکا شەڕی دژی داعش لە سووریا بکات، ئەوا ترەمپ دەتوانێت هێزەکانی خۆی بگێڕێتەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکاش جەماوەری بۆ زیاد دەبێت.

نییەتی تورکیا بەرانبەر بە ڕۆژئاوای کوردستان خوێندنەوەی باشی بۆ ناکرێت و پێناچێت بە ئاسانی ئامادە بێت، مامەڵە لەگەڵ بەڕێوەبەری خۆسەریی ڕۆژئاوا بکات، ئەمە لە کاتێکدا دەسەڵاتی خۆسەر و مەزڵووم عەبدی چەندین جار داوایان کردووە، کە ئامادەن دیالۆگ و دانوستاندن لەگەڵ تورکیا بکەن.

لەگەڵ ئەوەی ترەمپ بەوە ناسراوە کە سیاسەتی «ئەمریکا پێش هەر شتێکی دیکە - America first» پیادە دەکات، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەواوی جیهان لە سیاسەتی «America first» جیا ناکاتەوە و، دەبێت بەو جۆرە تەفسیری بۆ بکرێت، لای ترەمپ «بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا» لە سەرووی هەموو شتێکی دیکەیە، لەم چوارچێوەیەدا

**(تیۆریی پیاوە شێتەکە) بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆمارییەکان و کاتێک دەگەنە دەسەڵات بۆ ناچارکردنی بەرانبەرەکانیان پیادەی دەکەن**



بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژئاوا کە دوو ئامانجی گرنگی لە پشتەوەیە «شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و پاراستنی کێڵگە نەوتییەکانی ڕۆژئاوا»، کارێکە سازشی لەسەر ناکات، هەروەك چۆن لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ترەمپ بڕیاری دا، هێزەکانی لە ڕۆژئاوا کەم بکاتەوە و ڕاستەوخۆ دوای ئەم هەنگاوە، هێزەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر ڕۆژئاوا و لە بەرانبەردا ئیدارەی ترەمپ سزای زۆر قورسی لەسەر تورکیا سەپاند، ئەوا دەبێت تورکیا ئەوەی لا ئاشکرا بێت، لە ئیدارەی ئۆباما کەوتنی کۆبانی بە دەستی تیرۆریستانی داعش وەك هێڵی سوور لە قەڵەم درا و تورکیا ناچار کرا، کە ڕێگری لە چوونی هێزی پێشمەرگە بە ناو خاکی تورکیا نەکات و کۆبانێ لە کەوتن بپارێزرێت.

ئەم ئاراستەیە بۆ دووبارە دەستپێکردنەوەی پرۆسەی ئاشتی ئیسرائیل- فەلەستین و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبییش لەگەڵ ئیسرائیل هەر بە هەمان شێوەیە و، مەزندە دەکرێت لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی ڕاستەوخۆ دراوسێی ئیسرائیل بن، یان کاریگەرییان هەبێت لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، زەمینەسازییەك بۆ ئەم سیناریۆیە کرابێت و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستینیش بە سەرۆکایەتی مەحموود عەباس کرابێتە بەشێك لەم سیناریۆیە و، لەسەر ئەمری واقیعی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەگەڵ دەستپێکی ئیدارەی تازەی ترەمپ هەنگاوی بۆ هەڵبگیرێت.

لەگەڵ ئەوەی لە ڕووکەشدا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئیسرائیل خۆی وا نمایش دەکات، کە لە بارێکی ئاساییدا نەبێت لەسەر چەندین پرسی تایبەت بە جیوپۆلیتیکی ناوچەکە، بەڵام خوێندنەوە سیاسییەکان لەدوای کەوتنی ئەسەد بۆ دەسەڵاتی هەیئەی تەحریری شام لە دیمەشق، وایە کە جۆرێك لە گەرەنتیی بە ئیسرائیل دابێت و ڕەفتار و گوتاری ئەبوو محەمەدی جۆلانی ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە، کە ئەگەر هەیئەی تەحریری شام لە دەسەڵات بمێنێتەوە، ئەوا ئامادە بێت، یان بیلایەن بێت، یان بە هاوشێوەی تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی بکاتەوە، لەمەش زیاتر نەك هەر لکاندنی بەرزاییەکانی جۆلان بە ئیسرائیلەوە کە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا ترەمپ وەك بەشێك لە خاکی ئیسرائیلی ناساندن، پێدەچێت ئەو بەشەی دیکەش کە دوای هاتنی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام هاتنە دیمەشق و سوپای ئیسرائیل پێشڕەوی کرد بۆ ناو خاکی سووریا، ئەو بەشەش وەك پشتێنەیەك بۆ ئاسایشی ئیسرائیل هەر وەك بەرزاییەکانی جۆلان و بەشێك لە خاکی ئیسرائیل بناسێنرێت.

سەبارەت بەو ئەگەرانەی کە بە هاتنی ترەمپ بۆ مامەڵەکردنی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران چ گۆڕانکارییەکی بەسەردا دێت، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووکەشدا وەك پەیوەندییەکی زۆر ئاڵۆز ڕاڤە دەکرێت، بەڵام پێدەچێت ئەمجارەیان و پێش ئەوەی ترەمپ بۆ جاری دووەم بێتەوە کۆشکی سپی، کەناڵی دیپلۆماتیەتی ناڕاستەوخۆ لە نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیدارەی تازەی کۆشکی سپی بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی تیدا خرابێتە گەڕ، بەتایبەتی کە ئیلۆن ماسك گەورە بزنێسمانی هاوڕێی نزیکی دۆناڵد ترامپ، لەگەڵ باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی لە دوای دەرچوونی ترەمپ کۆبووەتەوە، لەمەش زیاتر وەك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاو کرایەوە، ترەمپ ئەوەی درکاندووە، کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەباشی پیشان بدات بۆ ڕێککەوتن، ئەوا «لە ماوەی تەنیا یەك هەفتەدا» لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن دەکات.

پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا لە هیچ قۆناغێکدا ئاساییبوونەوەی تەواوی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵام لە قۆناغی جیاوازدا لەسەر هەندێك پرس لە سەردەمی ڕۆناڵد ریگان و باراك ئۆباما توانراوە ڕێککەوتن بکەن. ئەم پرسە لەوانەیە بۆ پەیوەندییەکانی ئێران و ئیسرائیلیش بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕاستە. لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر سۆزان مالۆنی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی سیاسەتی دەرەوە لە ئامۆژگای برۆکینگز لە دوایین وتاریدا بەناونیشانی «نۆرمی تازەی مەترسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» ئاماژەی

**ئەگەر تورکیا بتوانێت لەبری هێزەکانی ئەمریکا شەڕی دژی داعش لە سووریا بکات، ئەوا ترەمپ دەتوانێت هێزەکانی خۆی بگێڕێتەوە و لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکاش جەماوەری بۆ زیاد دەبێت**

**دەبێت تورکیا ئەوەی لا ئاشکرا بێت، لە ئیدارەی ئۆباما کەوتنی کۆبانی بە دەستی تیرۆریستانی داعش وەک هێڵی سوور لە قەڵەم درا و تورکیا ناچار کرا، کە ڕێگری لە چوونی هێزی پێشمەرگە بە ناو خاکی تورکیا نەکات و کۆبانێ لە کەوتن بپارێزرێت**

**ترەمپ ئەوەی درکاندووە، کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادەباشی پیشان بدات بۆ ڕێککەوتن، ئەوا «لە ماوەی تەنیا یەک هەفتەدا» لەگەڵ ئێران ڕێککەوتن دەکات**

پێکردووە، لەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ١٩٦٣وە کە ڕژێمی شای ئێران پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئیسرائیل هەبوو، ئایەتوڵڵا خومەینی لە گوتارێکیدا ڕاشکاوانە «ئیسرائیلی بە دوژمنی ئیسلام و چینی ئاییندارانی ئێران دانا و . شای ئێران دوای ئەم گوتارە لە ئێران دووری خستەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٩ و دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی جارێکی دیکە دووپاتی کردەوە. ئێستا ڕابەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران (ئایەتوڵڵا خامنەئی) جەخت لەسەر هەمان پەیامی ئیمام خومەینی دەکاتەوە، بەڵام لە ساڵانی شەڕی عێراق – ئێراندا، ئیسرائیل، عێراقی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانی، نەك کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیە ڕێگری ئەو ڕێڕەوەی نەکرد کە چەکی بۆ ئێران پیا دەڕۆیشت. ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو، هەتا بەرپرسانی ئەمریکی دەستتێوەردانیان کرد و دەستیان کرد بە فرۆشتنی چەك بە ئێران بۆ ئەوەی ئێران هاوکار بێت لە ئازادکردنی بارمتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناردنی هاوکاریی نهێنی بۆ یاخیبووانی کۆنترا لە نیکاراگوا».

ئەم ئاراستەیە جۆرێك لە گەشبینی لێ دەخوێندرێتەوە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا ئایەتوڵڵا خامنەئی دەستبەرداری ئەو فەتوایە نەبووە کە «بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی حەرامە»، لە چوارچێوەی ئەم فەتوایەشدا ئێران چەکی ئەتۆمی دروست ناکات و پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی وەك پرۆگرامێکی ئاشتییانە دەمێنێتەوە، لە بەرانبەریشدا چیدیکە ئیسرائیل «غەززە، لوبنان، سووریا» وەك هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئاسایشی دەوڵەتەکەی سەیر ناکات، سەبارەت بە عێراقیش فەتواکەی ئایەتوڵڵا سیستانی بە هەند وەردەگیرێت کە گوتویەتی: «دەبێت چەك تەنیا لە دەستی حکومەت بێت و بڕیاری شەڕ و ئاشتی بە دەستی دەوڵەتی عێراق بێت»، ئەمەش ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە کە عێراق وەك دەوڵەت ئەو توانا سەربازی و تەکنەلۆژییەی نییە، ڕووبەڕووی ئیسرائیل ببێتەوە، یان لە بەرژەوەندیی دەوڵەتەکەدا بێت هەڕەشە لەسەر ئیسرائیل دروست بکات.

ئەم پێشهاتانە بەوجۆرە ڕاڤە دەکرێن، ئەمری واقیعی تازەی باروودۆخی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاستە لە ڕووکەشدا زۆر ترسناك و ئاڵۆزە، بەڵام بەشی هێندەش دەرفەتی تێدایە کە بەرژەوەندییەکان فەرزی دەکەن، لێکتێگەیشتن بێتە ئاراوە.

**● تیرۆریستانی داعش**

**دوژمنی هاوبەشی کاراکتەرەکانی کۆی ناوچەکە**

لایەنی سەرەکی و گرنگ لە ئێستادا کە تیرۆریستانی داعش وەك مەترسی بۆ سەر ئایندەی وڵاتەکەی سەیر دەکات، دەوڵەتی تورکیایە و، بەپێی ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە، هەتا ئێستا دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا (٣,٠٠٠) گومانلێکراویان بە تۆمەتی ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش دەستگیر کردووە، ئەم وەرچەرخانە لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش، ڕاشکاوانە واتە وشکردنی سەرچاوەی دابینکردنی داهات و هاتنی تیرۆریستانی داعش لە وڵاتە جیاوازەکانەوە بە ڕێگەی تورکیادا.

لەم چوارچێوەیەدا کە تیرۆریستانی داعش وەك دوژمنی هاوبەش بۆ هەموو کاراکتەرەکانی ناوچەکە دەکەوێتەوە، زەمینەیەك دروست دەبێت، بۆ ئەوەی جۆرێك لە «لیکتێگەیشتن و هاریکاری» بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لەناو هەموو کاراکتەرە دژ و دۆستەکاندا بێتە ئاراوە، هەروەك چۆن لە سەرەتای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامیی چەکدارانی «حزبوڵڵای لوبنانی، گرووپە جیاوازەکانی حەشدی شەعبی، ڕاویژکارانی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی» لەژێر چەتری فڕۆکەکانی ئەمریکا و کۆی دەوڵەتانی ناتۆ و یەکێتیی ئەورووپا پێکەوە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشیان دەکرد و، لەمەش زیاتر ئەمریکا خۆی ناوبژیوانیی دەکرد، بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق ڕێککەوتنی هەماهەنگی واژۆ بکەن و شاری مووسڵ لە تیرۆریستانی داعش ئازاد بکەن.

لەناو ئەم ژینگە تازە و ئاڵۆزەی نەخشەی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، جیا لە کاراکتەرەکانی ناوچەکە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییش

**پەیوەندیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی بە ئاشکرا لە هیچ قۆناغێکدا ئاسایبوونەوەی تەواوی بە خۆیەوە نەبینیوە، بەڵام لە قۆناغی جیاوازدا لەسەر هەندێک پرس لە سەردەمی ڕۆناڵد ڕیگان و باراک ئۆباما توانراوە ڕێککەوتن بکەن**

**هەتا ئێستا ئایەتوڵا خامنەئی دەستبەرداری ئەو فەتوایە نەبووە کە «بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی حەرامە»، لە چوارچێوەی ئەم فەتوایەشدا ئێران چەکی ئەتۆمی دروست ناکات و پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی وەک پرۆگرامێکی ئاشتییانە دەمێنێتەوە**

**لە ساڵانی شەڕی عێراق – ئێراندا، ئیسرائیل، عێراقی بە دوژمنی سەرسەختی خۆی دەزانی، نەک کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆیە ڕێگری ئەو ڕێڕەوەی نەکرد کە چەکی بۆ ئێران پیا دەڕۆیشت**



**فەتواکەی ئایەتوڵا سیستانی بە هەند وەردەگیردرێت کە گوتویەتی: «دەبێت چەک تەنیا لە دەستی حکومەت بێت و بڕیاری شەڕ و ئاشتی بە دەستی دەوڵەتی عێراق بێت»**

**ئەمری واقیعی تازەی بارودۆخی جیۆسیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕاستە لە ڕووکەشدا زۆر ترسناک و ئاڵۆزە، بەڵام بەشی هێندەش دەرفەتی تێدایە کە بەرژەوەندییەکان فەرزی دەکەن، لێکتێگەیشتن بێتە ئاراوە**

هێزە گەورەکان وەك «ناتۆ بە سەرکردایەتیی ئەمریکا، ڕووسیا و چین» بەرژەوەندیی هاوبەشیان لە خاڵێکی هاوبەشدا بۆ دروست دەبێت، کە ناچار دەبن، هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ، بۆ ئەوەی جۆرێك لە سەقامگیری بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك ناوچەیەکی ژیاری بۆ بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەموویان دابین بکەن.

لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکەش هەر یەکەیان بە جۆرێك بەرژەوەندی بۆ دروست دەبێت، کە ناچار دەبن لە پێناوی پاراستنی ئەو بەرژەوەندییانە سازش لەسەر گوتارە توندەکانی پێشوویان بکەن، کە لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێدەکەین:

- تورکیا کە خۆی بە براوەی شەڕی ناوخۆی سووریا دەزانێت و دەیەوێت ڕۆڵی سەرەکی لە حکومەتەکەی هەیئەی تەحریری شام هەبێت، ناتوانێت گوشاری گەورە لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان دروست بکات، لەبەر ئەم هۆکارانە:

**١-** ئیدارەی ڕۆژئاوا گفتوگۆی لەگەڵ تورکیا ڕەت نەکردووەتەوە و ئامادەیە گفتوگۆ بکات، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە پەیەدە ئامادەیە خۆی لە سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە جیا بکاتەوە و وەك ئایدیۆلۆژیەت وەك عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆی بخاتەڕوو.

**٢-** لە ئێستادا تورکیا پێویستی بەوەیە کە ئۆجەلان لە زیندانی ئیمراڵییەوە بێنێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی لە پەرلەمانەوە پەیامی کۆتاییهاتنی شەڕ بدات و پرۆسەی ئاشتی دەستی پێبکرێت. بۆ تورکیا زۆر قورس دەبێت ئەم پرۆسەیەی سەرکەوتوو بێت، ئەگەر گوشاری زیاتر بخاتە سەر ڕۆژئاوا.

**٣-** هاندانی چەکدارانی هەیئەی تەحریری شام لەلایەن تورکیاوە بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر ڕۆژئاوا، ئەوا ڕیسەکەی تورکیا دەکاتەوە بە خوری، ئەمەش بەو مانایەی نە لەو پرۆسەیە سەرکەوتوو دەبێت، کە دەیەوێت لە ناو تورکیا جێبەجێی بکات، نە لەو پڕۆژەیەش سەرکەوتوو دەبێت کە مەبەستێتی حکومەتەکەی دیمەشق دەستێکی سیاسەتەکانی دەستی خۆی بێت.

- کۆماری ئیسلامیی ئێران کە وەك ئاماژەی پێدەکرێت لە ساڵی ١٩٧٩وە هەتا ئێستا ئەمە یەکەم شکست نییە ڕووبەڕووی ببێتەوە، بۆیە بەرژەوەندیی ئێرانیش لەوەدایە کە جۆرێك لە سەقامگیری لە ناوچەکە دروست ببێتەوە، بۆ ئەوەی بە هێمنی خۆی ڕێك بخاتەوە و خۆی ناکەتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی عێراقیش بە دەردی سووریا و لوبنان ببات، لەمەش زیاتر مانەوەی عێراق



بە سەقامگیری خزمەتی بەرژەوەندییە دوورمەوداکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

● ئیسرائیل کە هەتا ئێستاش غرووری باڵادەستییە سەربازییەکەی بەری نەداوە، دەبێت چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخشێنێتەوە و، دەبێت لەوە دڵنیا بێت، کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەتایبەتی دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و ئاسیا، زیانێکی زۆری بەرکەوتووە و ڕایەکی گشتیی نێودەوڵەتی خەریکە دژی ڕەفتارەکانی حکومەتی ئیسرائیل دروست دەبێت، ئەم حاڵەتە ئەگەر لە خاڵێکدا ڕانەگیرێت، سەرەنجام زیان لە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ئەورووپا و ناتۆش دەدات، لەمەش زیاتر زەمینیەك بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی زیاتر لە ناوچەکە دەخولقێنێت، کە سەرەنجام پێش هەر لایەك بە زیانی دەوڵەتی ئیسرائیل تەواو دەبێت.

● دەوڵەتانی عەرەبی بەتایبەتی ئەوانەی تا ئێستا بە فەرمی لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکانیان ئاسایی نەکردووەتەوە، پێویستیان بەوەیە بە شێوەیەك لە شێوەکان پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و دەسەڵاتی نیشتمانیی فەلەستین بە سەرۆکایەتیی مەحموود عەباس دەست پێبکاتەوە، بۆیە بەخۆداچوونەوەی ئیسرائیل بەم سیاسەتەی ئێستا پیادەی دەکات، زەمینەیەکی لەبار بۆ ئیدارەی تازەی ترەمپ دێنێتە ئاراوە کە پرۆسەی «سەفقەی سەدە» زیاتر سەرکەوتوو بێت و دەوڵەتانی عەرەبیش زیاتر ڕووبەڕووی ئیحراجیی شەقامەکانی خۆیان نەکاتەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە لەناو کاراکتەرە دەوڵەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی کوردستانە کە کاراکتەرێکی غەیرە دەوڵەتییە و تەنیا هەرێمێکی فیدراڵییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام تایبەتمەندیی ئەم هەرێمە و لۆژیکی سەرۆك بارزانی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگە و بوونی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینەکان لەم هەرێمە، ڕۆڵێکی هێجگار گرنگ بە هەرێمی کوردستان دەدات، نەك تەنیا بۆ ڕێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی دوژمنە هاوبەشەکە کە «دووبارە سەرهەڵدانەوەی تیرۆریستانی داعش»ـە، بەڵکو ئەو ڕۆڵە گرنگەشی دەبێت، چۆن لە ناوچەیەکی فوسەیفەسائی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەزموونی سەرکەوتووی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، لە ناوچەکە و دەوڵەتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دووبارە بکرێتەوە.

**بەپێی ڕاپۆرتەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە، هەتا ئێستا دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیا (٣,٠٠٠) گومانلێکراویان بە تۆمەتی ئەندامی ڕێکخراوی تیرۆریستانی داعش دەستگیر کردووە**

**ئیدارەی ڕۆژئاوا گفتوگۆی لەگەڵ تورکیا ڕەت نەکردووەتەوە و ئامادەیە گفتوگۆ بکات، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە پەیەدە ئامادەیە خۆی لە سەرکردایەتیی قەندیلی پەکەکە جیا بکاتەوە و وەک ئایدیۆلۆژیەت وەک عەبدوڵڵا ئۆجەلان خۆی بخاتەڕوو**



**د.عوسمان عەلی**

سەرۆکی ڕێکخراوی تاس بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی بۆ گوڵان:

# گرنگە سەرۆک بارزانی کە شکۆی تایبەتی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، دەستپێشخەرییەک بکات بۆ دامەزرانی حکومەتێکی نیشتمانی لە ڕۆژئاوا بە بەشداریی هێزەکانی ڕۆژ و ئەنەکەسە

**دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد کە نیو سەدە حوکمی کرد، گۆڕانکارییەکی گەورە و دۆخێکی نوێ لە سووریا دەستی پێکردووە، ئەم دۆخە نوێیەش هەر لە گواستنەوەی دەسەڵات لە وڵات و پرسە هەنووکەییەکانی مافی پێکهاتەکان و ئازادی و سەقامگیری و شێوازی حوکمڕانی و دەستوور و چارەنووسی کوردستانی ڕۆژئاوا، دەستتێوەردانە دەرەکییەکان و دەیان بابەتی دیکەی پەیوەندیدار بە چارەنووسی ئەو هەموو هێزە سیاسییانەی لەو وڵاتەدان، دەهێنێتە بەرباس و گفتوگۆ، لە هەمووشی گرنگتر ئەو بایەخە زۆرەیە کە لە هەرێمی کوردستانەوە چاودێریی هەموو پێشهاتەکان دەکرێت. سەبارەت بەم پرسە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر عوسمان عەلی سەرۆکی ڕێکخراوی تاس بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی ئەنجام دا.**

* هەروەکو چاوەڕوان دەکرا، دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزییەکی لە ڕاددەبەدەری بە خۆیەوە بینی، بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو بوو، ئەوە بوو کە ڕژێمەکەی ئەسەد بەو شێوە خێرایە لەلایەن چەکدارانی (تەحریر شام)ـەوە ڕووخا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند شەڕەکانی حەماس و حزبوڵڵا و تێوەگلانی سووریا و ئێران کاریگەریی لەسەر ئەم ڕووخانە گەورەیەی شام هەبوو؟

- با لە ڕووخانە گەورەکەی ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە دەست پێبکەین، بەو پێیەی گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و، بە تەواوەتی هاوکێشەی سیاسی و هێزی لە سووریا گۆڕی. بێگومان هۆکاری ئەم ڕووخانەی ڕژێم لە دیمەشق و پێشڕەوییە خێراکانی چەکدارانی تەحریر شام زۆرە، کە ڕەنگە لە دیمانەیەکی کورتدا زەحمەت بێت هەموو مافێکی خۆی پێ بدرێت، بەڵام بە کورتی و پوختی ئەم ڕووداوەش پەیوەندیی بە ڕووداو و شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، بەتایبەتی لە کوشتنی (قاسم سولەیمانی) یەوە دەست پێدەکات، چونکە قاسم سولەیمانی بە ئەندازیاری ئیمپراتۆریەتی ئێران و هەناردەی شۆڕشەکەی دادەنرا، بۆیە لە دوای کوشتنی قاسم سلێمانی دەسەڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درز و بۆشاییەکی گەورەی تێکەوت، دواتر کوشتنی ئیبراهیم ڕەئیسی، هەرچەندە ئێران و تەنانەت ئیسرائیلیش بە فەرمی ددانیان بەم کوشتنەدا نەناوە، بەڵام لەدەستدانی ڕەئیسی لە دۆخێکی گوماناوی و ناڕووندا ڕووی دا و ڕەنگە ئیسرائیل دەستی لەم کارەشدا هەبووبێت، بەتایبەتی پێش کوشتنەکەی ڕەئیسی، ئیسرائیل گوتی: لەم ڕۆژانە درزێکی گەورە دەخەینە ناو ئێرانەوە، دواتر وەکو زنجیرەیەك ڕووداوی خێرا لە ئاڵۆزی و شەڕ و پێکدادانەکان، ئاڵۆزی و شەڕە مەترسیدارەکانی حەماس– ئیسرائیل و تەشەنەکردن و تێوەگلانی حوسییەکانی یەمەن و حزبوڵڵای لوبنانی و میلیشیاکانی بەناو بەرەی موقاوەمەی عێراقی هاتە پێشەوە، هەموو ئەم شەڕ و ئاڵۆزییە سەختانە ئیسرائیلی پەلکێش کرد بۆ لێدانی میلیشیات و هێزە ئێرانییەکان لە ناو خاکی سووریادا. لە ناو هەموو ئەم ڕووداو و شەڕ و ئاڵۆزییە فراوان و گەورانەدا، ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە و بۆ هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی حەماس و ئیسرائیل بگەڕێین، کە دەکرێت بگوترێت فتیلەی تەقینەوە گەورەکە ئالێرەوە سەری هەڵداوە، ئەو کاتەی ئیسرائیل و ئەمریکا لە ڕێککەوتنامەی ئیبراهیم (ئەبراهام) بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئیسرائیل لەگەڵ چەند وڵاتێکی عەرەبی، بەتایبەتی وڵاتی ئیمارات و سعودییە کە دونالْد ترامپ سەرپەرشتیی ڕێککەوتننامەکەی کردووە، زۆر بەرەوپێشەوە چووبوون، ئەمەش بە دڵی ئێران نەبوو، بۆیە زۆر لە چاودێران پێیان وایە شەڕی غەززە بە هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و کوشتن و فڕاندنی دیلەکان بۆ ئەوە دەستی پێکرد، تاوەکو ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەکرێت، هەر بۆیە ئەمریکا و ئیسرائیل گەیشتنە ئەو قەناعەتەی دەبێت لە هیلالی شیعە، یان میحوەری موقاوەمەی ئێرانی بدرێت، بۆیە شەڕەکە گواسترایەوە بۆ باشووری لوبنان و دواتر بۆ ناو قووڵایی بارەگاکانی حزبوڵڵا لە ناوخۆی

**ڕووخانە گەورەکەی ڕژێمی بەشار گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو، بە تەواوەتی هاوکێشەی سیاسی و هێزی لە سووریا گۆڕی**

**قاسم سولەیمانی بە ئەندازیاری ئیمپراتۆریەتی ئێران و هەناردەی شۆڕشەکەی دادەنرا، بۆیە لە دوای کوشتنی قاسم سلێمانی دەسەڵاتی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا درز و بۆشاییەکی گەورەی تێکەوت**

**ئەمریکا و ئیسرائیل گەیشتنە ئەو قەناعەتەی دەبێت لە هیلالی شیعە، یان میحوەری موقاوەمەی ئێرانی بدرێت، بۆیە شەڕەکە گواسترایەوە بۆ باشووری لوبنان و دواتر بۆ ناو قووڵایی بارەگاکانی حزبوڵڵا لە ناوخۆی لوبنان**

**گرفتی هێز و چەکدارەکان لە سووریا تەنیا توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە و ژێرخانی دیموکراسی نییە، بگرە ئەجێندا و دەستتێوەردانی دەرەکییە و ڕەنگە هێزگەلێک ویستی ئەوەیان نەبێت، هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا دۆخەکە سەقامگیر بێت**

**لە سووریا داعش و دەیان هێز و گرووپی چەکداری دیکەش هەن کە لە بنەمای دیموکراسییەت و دانوستان و گفتوگۆ و سازشکردن بۆ یەکتردا زۆر لاوازن، ئیتر چۆن سەقامگیری بەم نزیکانە ڕوو دەدات؟**

**لە غەززەوە بە حەماس کە هێزێکی نزیک بوو لە ئێران و زۆر بەهێز بوو، باڵیان بڕی و حزبوڵڵا لە لوبنان و سووریا و، ئەگەرەکان زۆرن هەنگاوی داهاتووش هێزی میلیشیای عێراق بێت**

لوبنان، بەو پێیەی حزبوڵڵای لوبنانی قۆڵی درێژ و بەهێزی ئێرانە لە هەموو ناوچەکەدا، تەنانەت پێشتریش بە گوێرەی بڕیاری ١٧٠١ی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەرچووە، ئیسرائیل بە یارمەتیی ئەمریکا فەرزی کردووە بوار بە حزبوڵڵا نەدرێت سەرلەنوێ خۆی چەکدار بکاتەوە، بۆیە ئەمجارە ئیسرائیل زەبری کوشندەی لە حزبوڵڵا دا و بووە هۆی لاوازبوونی ئەو حزبە و کوشتنی حەسەن نەسروڵڵای سەرۆکی حزبەکە و، بگرە کوژرانی زۆربەی سەرکردەکانی دیکەی لەسەر ئاستی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەو حزبەش. بەم شێوەیە ئەگەر بە پانۆرامای شەڕ و بارگرژی و ڕووداوەکاندا بچینەوە، دەبینین نە حەماس و نە حزبوڵڵای لوبنانی و نە میلیشیاکانی ئێران لە سووریا و، نە بەرەی موقاوەمە و گرووپە چەکدارەکانی حەشد لە نێوخۆی عێراق و، تەنانەت حوسییەکان بەرانبەر ئیسرائیل نەك هەر پێشکەوتنیان بەدەست نەهێنا، بەڵکو سنوورەکان لەلایەن ئەمریکا و هەسەدە لە ئەبوو کەماڵ و ناوچەکە کۆنترۆڵ کران و، سەرقاڵبوونەکانی ئێسرائیل بە بەرەی غەززە و لوبنان کەم کرایەوە، بۆیە ڕژێمەکەی ئەسەدیش لاواز بوو. هۆکارێکی دیکەش هەیە کە سێ مانگ لەمەوبەر پوتین داوای لە بەشار ئەسەد کرد، جۆرێك سازش بکات لەگەڵ ئەردۆگان و فریای ڕێککەوتنی ئەستانە بکەون (ئەو ڕێککەوتنەی لە کازاخستان بە نێوەندگیری ڕووسیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چارەسەری دۆخی سووریا و جێگیربوونی هێزەکانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆن واژوو کرابوو)، بە میکانیزمی سێ قۆڵیی ڕووسیا و تورکیا و ئێران چاودێریی ئاگربەستەکە و ڕاگرتنی شەڕی شەش ساڵەیان دەکرد، کە ٣٠٠ هەزار کەسی تێدا کوژرابوو و زیاتر لە ١١ ملیۆن سوورییش ئاوارە ببوون). ئالێرەدا هەڵە کوشندەکەی ئەسەد ڕووی دا و لەژێر فشاری ئێران هیچ سازشێکی نەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە هاوکاریی ئێرانییەکان بەشار ڕۆژانە لە ناوچەی ڕاگرتنی شەڕ لە ئیدلیبی دەدا، لە کاتێکدا کە ڕووسەکان لە ئۆکرانیا زۆر سەرقاڵ بوون و ئەردۆگانیش ویستی بە هێرشەکان بەشار ناچار بکات، بۆ ڕاکێشانی بۆ دانوستاندن و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن، ئەوەیان لەبیر کردبوو کە لێدانە بەردەوامەکانی ئیسرائیل و ئابوورییە داتەپیوەکەی سووریا داڕمانە گەورەکە و داڕووخانە سەربازییە خێراکەی لێکەوتەوە و، ئەردوگان و پوتین و ئۆپۆزسیۆن و هەوادارانی ڕژێم و جیهانیشی شۆك کرد.

*** ئایا نەمانی ڕژێمی ئەسەد تاچەند نەخشە کۆنەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات بە مێژوو و نەخشەیەکی نوێ لەدایك دەبێت، یان ناسەقامگیری و ئاڵۆزییەکی ڕادەبەدەری دیکە و دەستێوەردانێکی خراپ لە سووریا و ناچەکەدا ڕوو دەدات؟**

- کاتێك سەیری مێژووی شۆڕشەکان بە شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا و ئۆکتۆبەر و ئێرانیشەوە دەکەین، دەبینین شۆڕشی مەزنن، بەڵام دوای ئەوە قۆناغی پشێوی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دێت، ئەم ئەگەرەش لە سووریا زۆرە ڕوو بدات، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی هێزی زۆری چەکدار و دوور لە ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی هاوشێوە، کە ڕێژەیەکی زۆری چەکی دەوڵەتیان دەست کەوتووە و ئیسرائیل و تورکیاش تەنیا هەندێك لە چەکە قورسەکانیان تێك شکاندووە، بەداخیشەوە ئەم وڵاتە و زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەریتی دیموکراسییان نییە بۆ گۆڕین و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و قبووڵکردنی ئەوی دیکە.

*** زۆر باسی هێزەکان و لایەنە سیاسییەکان و گرووپە چەکدارەکان دەکرێت، کە وەکو ئاماژەت پێ دا، لە ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕ و نەریتی دیموکراسییەت دوورن، ئایا چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەیەکی کەمدا دۆخی ناسەقامگیری تێپەڕێندرێت و ئەم هێزانە بە جیاوازیی بیروباوەڕ و بۆچوونیانەوە، پێکەوە دابنیشن و ڕێککەوتن لەسەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی دۆخی نوێی سووریا بکەن؟**

- گرفتی هێز و چەکدارەکان لە سووریا تەنیا توندوتیژی و ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکە و ژێرخانی دیموکراسی نییە، بگرە ئەجێندا و دەستتێوەردانی دەرەکییە و ڕەنگە هێزگەلێك ویستی ئەوەیان نەبێت، هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا دۆخەکە سەقامگیر بێت، چونکە بە سەرکەوتنی خۆی نازانێت. بۆیە من پێم وایە دەستتێوەردانی دەرەکی لە سووریا زۆر دەبێت، بۆ نموونە هێزە چەکدارەکانی تەحریر شام کە ئەبوو محەمەد جۆلانی سەرکردایەتی دەکات، نزیکەی ١٦ گرووپن و بەشێکی زۆری توندڕەون و

هێزی دیکەش هەیە سەر بە تورکیا و ئەجێندای ئەو وڵاتەن، هێزە کوردییەکانیش لەلایەن ئەمریکاوە سەرپەرشتی دەکرێن. لە سووریا داعش و دەیان هێز و گرووپی چەکداری دیکەش هەن کە لە بنەمای دیموکراسییەت و دانوستان و گفتوگۆ و سازشکردن بۆ یەکتردا زۆر لاوازن، ئیتر چۆن سەقامگیری بەم نزیکانە ڕوو دەدات؟

*** ئەگەر کەمێك لە دۆخی سووریا دوور بکەوینەوە و باسێکی دۆخەکەی عێراق بکەین، ئایا ئەمریکا و ئیسرائیل وا بە ئاسانی دەستبەرداری تۆڵەکردنەوە لە گرووپەکانی بەرەی موقاوەمە دەبن، یان لە دوای سووریا نۆرەی عێراقیش دێت؟**

- بە بیرتان دەهێنمەوە نەتانیاهۆ لە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکاندا گوتی: «ئێمە دەبێت هاوسەنگیی هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگۆڕین.» ئەوە بوو دەستیان پێ کرد لە غەززەوە بە حەماس کە هێزێکی نزیك بوو لە ئێران و زۆر بەهێز بوو، باڵیان بڕی و حزبوڵڵا لە لوبنان و سووریا و، ئەگەرەکان زۆرن هەنگاوی داهاتووش هێزی میلشیای عێراق بێت و لیستەکەیان ئامادەیە کە ٤٩ ئامانجە و شەش گرووپن کە سێ دانەیان زۆر بەدەسەڵاتن و لە ناو حکومەتدان، ئەوەتا هادی عامری کە وەزارەتی ناوخۆی بەدەستەوەیە و خەزعەلی و کەتائیبی حزبوڵڵا و هێزەکانی بەدر کە جومگەی دەسەڵاتن، ئێ خۆ لەمانە بدرێت، واتا لە عێراق دەدرێت. بابەتەکە تەنیا لەسەر کات و سات ڕاوەستاوە. بەو ئومێدەی لێدانەکەی عێراق سنووردار بێت و وەکو سووریا نەبێت کە بە تەواوەتی تێك بچێت، چونکە نازانرێت داعش هەڵدەستێتەوە، یان ئەمریکا بەرنامەی خۆی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل، هۆزە عەرەبییە سوننەکانی عێراق هەڵدەستێنێتەوە، یان ئەوەی دوو مانگە لە ئیعلامی ڕۆژئاوا باس لە گەڕانەوەی بەعسییەکان دەکرێت .

*** سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و پەیامەکەی سەرۆك بارزانی سەبارەت بە گۆڕانگارییەکانی سووریا تا چەند گرنگ بوو بۆ ئاراستەکردنی هەمووان بەرەو گفتوگۆو لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان، بەتایبەتی لەپێناو گەیشتن بە ڕێککەوتنێك کە لە بەرژەوەندیی سەرجەم پێکهاتەکاندا بێت؟**

- ئەمڕۆ ئەگەر میللەتی کورد لای وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی سەرکردەیەکی هەبێت،(سەرۆك بارزانی)یە، بۆیە زۆر گرنگە سەرۆك بارزانی و جەنابی کاك نێچیرڤان بارزانی پەیوەندییەکانی خۆیان وەکو ئەرکێکی نیشتمانی بخەنەگەڕ، تا ئەمریکا دەستپێشخەرییەك بکات، لە پێناو ئەوەی نزیکبوونەوەیەك لە نێوان مەزڵووم عەبدی و وڵاتی تورکیادا دروست ببێت و، حکومەتێکی نیشتمانی لە ڕۆژئاوا بە بەشداریی هێزەکانی ڕۆژ و ئەنەکەسە دروست ببێت، چونکە قۆناغەکە پێویستی بەمەیە.

- ئەو دەستپێشخەرییەی هەڵکردنی ئاڵای نوێی شۆڕش لە سووریا لەو شوێنانەی لە ژێر کۆنترۆڵی هەسەدەدایە، ئاماژەیەکی باشە و نیشانی دەدات کە مەزڵووم عەبدی ئامادەیە بۆ دانوستاندن، لەلایەکی دیکەوە، زۆر پێویستە ئەو داواکارییانەی هەسەدە بەپێی قەوارەی خۆی بێت و زۆر پراکتیکی بێت و شتێك داوا نەکات لە قەبارەی خۆی گەورەتر بێت و هەمان هەڵەی دیموکرات و کۆمەڵە لە ١٩٧٩ لە ئێران دووبارە نەکاتەوە، کە لە دژی کۆماری ئیسلامی دەستیان کرد بە شۆڕش و دەرئەنجام هێزەکانی شۆڕشی ئەو کات دەستیان کرد بە هێرش و کۆمەڵکوژی و تەنانەت سەرکردەکانی کوردیان لە ئێران دەرکرد و کورد هیچی دەست نەکەوت. لە لایەکی دیکەوە پێویستە هەسەدە بە هەموو جۆرێك خۆی لە پێکدادانی چەکداری بە دوور بگرێت و لەو شوێنانەی زۆرینەی عەرەبن پاشاکشە بکات، ئەوەتا لە دێرە زۆر کە پێشتر بەشێك لە هۆزە عەرەبەکان لەگەڵ هەسەدە بوون، کەچی کە ڕژێم گۆڕا پەیوەندییان بە هێزەکانی تەحریر شامەوە کرد و هەسەدەیان دەرکرد، ئەمڕۆ جۆرە ڕاپەڕینێك هەیە لە ڕەققەش لەبەر ئەوەی ئەم شارە شارێکی عەرەبییە و سەرۆك بارزانی زۆر بە ڕوونی لەپێناو بەرژەوەندیی هەمووان و سەقامگیریی دۆخی سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان و بگرە هەرێمی کوردستان و عێراقیش، هەموانی ئاگادار کردەوە، چونکە ئەم دۆخە تا ماوەیەکی دوور و درێژ سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت و دەرهاویشتەکانی کاریگەریی لەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستانیشەوە دەبێت، بەتایبەتی شەڕ و پێکدادانەکانی منبج بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان و نانەوەی ئاژاوە و پشێوی، هێزەکانی سووریای

**هادی عامری کە وەزارەتی ناوخۆی بەدەستەوەیە و خەزعەلی و کەتائیبی حزبوڵڵا و هێزەکانی بەدر کە جومگەی دەسەڵاتن، ئێ خۆ لەمانە بدرێت، واتا لە عێراق دەدرێت**

**ئەو دەستپێشخەرییەی هەڵکردنی ئاڵای نوێی شۆڕش لە سووریا لەو شوێنانەی لە ژێر کۆنترۆڵی هەسەدەدایە، ئاماژەیەکی باشە و نیشانی دەدات کە مەزڵووم عەبدی ئامادەیە بۆ دانوستاندن**

**زۆر پێویستە ئەو داواکارییانەی هەسەدە بەپێی قەوارەی خۆی بێت و زۆر پراکتیکی بێت و شتێک داوا نەکات لە قەبارەی خۆی گەورەتر بێت و هەمان هەڵەی دیموکرات و کۆمەڵە لە ١٩٧٩ لە ئێران دووبارە نەکاتەوە**

**سەرۆک بارزانی زۆر بە روونی لە پێناو بەرژەوەندیی هەمووان و سەقامگیریی دۆخی سووریا و رۆژئاوای کوردستان و بگرە هەرێمی کوردستان و عێراقیش، هەمووانی ئاگادار کردەوە، چونکە ئەم دۆخە تا ماوەیەکی دوور و درێژ سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت**

دیموکرات لە زۆر ناوچەن کە زۆرینەی هۆزی عەرەبی تێدایە و هێزەکانی هەسەدە ڕەت دەکەنەوە، تەنانەت هەسەدە بە سوودوەرگرتن لە بارودۆخەکەی ئەم دواییەی سووریا چووەتە ناو ئەم ناوچانە و هیچ بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نەبووە. ڕاستە هەسەدە یارمەتی دەدرێت لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام گرووپە توندڕەوەکان لەم قۆناغەدا ویستیان زۆرە کە دەسەڵاتەکانی هەسەدە سنووردار بکەن و بۆ قۆناغی داهاتوو زەبری توندیان لێ بوەشێنن، لەبەر ئەوەی پەیەدە بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پەکەکە لە قەندیل و ئەو ئاراستەیەیان لە ڕۆژئاوا کە گوێیان لە کاك مسعود بارزانی نەگرت. لەو کاتەی باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا (جەیمس جێفری) کە لە ساڵی ٢٠١٩ بووە نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ کاروباری سووریا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش، داوای کرد هێزی ڕۆژ و ئەنەکەسە پێکەوە بەرەیەکی ناوخۆ لە ڕۆژئاوا دروست بکەن و پێکەوە بچنە تورکیا و دانوستان بکەن، ئەمریکاش یارمەتیدەریان دەبێت، تا مەترسییەکانی تورکیا بڕەوێننەوە، کەچی بەداخەوە سەرکردەکانی پەیەدە ئەو کارەیان نەکرد، لەبەر ئەوەی خوازیاری دانوستاندن و ڕەزامەندیی ئەسەدەیان هەبوو، سەبارەت بە هەرێمیش، ئەگەر بارودۆخی عێراق تێك بچێت، ئەوا هیچ گومانی تێدا نییە میلیشیاتەکانیش هەوڵ دەدەن لە هەرێم بدەن کە هێزەکانی ئەمریکاش لێرەیە و پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ ئەمریکا باشە، سەردەمێکی زۆریشە لە ڕێگەی ڕاگرتنی هەناردەی نەوت و هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا و ئێرانەوە و تەنانەت دروستکردنی کێشە بۆ مووچە و ماف و شایستەکانی هەرێم، هەمووی ئەو شەڕە ڕانەگەیەنراوەیە کە لە ڕێگەی گەمارۆ و جەنگی ئابوورییەوە بە باڵادەستیی ناو حکومەت و دەوڵەتی عێراق ئەو میلیشیاتانە جێبەجێی دەکەن، لەم بارودۆخەدا ئەرکی بەڕێز مسعود



بارزانی وەکو سەرۆك و مەرجەعێکی نەتەوەیی کورد بۆ دامەزراندنی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە سەر شان، چونکە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق بە بارودۆخێکی زۆر مەترسی و وەرچەرخانی چارەنووسساز دەڕوات، بۆ دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێم لە بارودۆخێکی ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری تێکچوون و تێوەگلانی عێراقیش لەم ئاڵۆزییانە و بۆ ئامادەبوون بۆ هەموو ئەگەرەکان، دەستپێشخەریی سەرۆك بارزانی لەپێناو نەتەوە و گەلەگەیدا گەورەیی ئەم سەرکردە مێژووییە نیشان دەدات.

**ڕاستە هەسەدە یارمەتی دەدرێت لەلایەن ئەمریکاوە، بەڵام گرووپە توندڕەوەکان لەم قۆناغەدا ویستیان زۆرە کە دەسەڵاتەکانی هەسەدە سنووردار بکەن و بۆ قۆناغی داهاتوو زەبری توندیان لێ بوەشێنن**



# سووریا بەرەو کوێ؟

## ڕەنگە یەکەمین ئالنگاری کە ڕووبەڕووی پرۆسەی گۆڕان ببێتەوە ئەوە بێت، کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشماوەی ڕابردوودا بکرێت



د. عەبدولحسێن شەعبان
بیرمەند و ئەکادیمیستی عەرەبی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەندێک ئالنگاری لە شێوەی دیکە هەن، گرنگترینیان ئەوەیە سەرکردە تازەکان چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی کورددا دەکەن؟ ئایا دان بە مافی کورددا دەنێن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی؟ بۆیە دەکرێت بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان یەکێتیی ئەوروپا بە بەشداریی کۆمکاری عەرەبی، بۆ دەرکردنی شێوازێکی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی خۆسەریی کوردی، پێویستە دەرگای گفتوگۆی ئاشتییانە واڵا بکرێت. هەر چەندە ئەم جۆرە چارەسەرە بە دڵی تورکیا نابێت، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش پاڵپشتیی بکات. ئەم جۆرە ناڕەزاییە ئاساییە، ئالنگارییەکی دیکە ئەوەیە چۆن سووریا سەربەخۆیی نیشتمانیی خۆی بەدەست دێنێتەوە، دوای ئەوەی باڵادەستیی ئێرانی لەسەر بوو، هەروەها هەژموونی ڕووسیا، چونکە ڕووسیا و ئێران ئەم ڕژێمەیان دەپاراست و نەیاندەهێشت هەرەس بهێنێت، بۆیە باڵادەستیی تورکیا و ئەمریکا بوو بە جێگرەوەی هەژموونی ڕووسیا و ئێران، ئەمەش گرفتێکی دیکەیە.



سووریا دوای زیاتر لە پێنج دەیە، لەژێر حوکمڕانیی تاکە حزب و ڕژێمێکی تۆتالیتاریدا، ڕۆژی ٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٤ پێی نایە سەردەمێکی تازە و ڕۆژێکی جیاوازەوە، ڕژێمی ئەسەد بە چاوترووکانێک ڕووخا، هەروەها هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان (ئێران و ڕووسیا) لەو وڵاتە هەرەسیان هێنا، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەگشتی هەست بەوە کرا، کە چیدی توانای بەرگریی نەماوە بەرانبەر ئەو هێرشەی کە چەکدارەکانی پاڵپشتیکراو لەلایەن تورکیاوە ئەنجامیان دا، کاتێك لە حەلەبەوە پێشڕەوییان کرد بەرەو حەما و حومس، دواجار ڕووەو دیمەشقی پایتەخت، کە کتوپڕ ڕاپانگەیاند سەرۆك بەشار ئەسەد بەرەو شوێنێکی نادیار ڕای کردووە.

بەم شێوەیە دیمەنەکە ڕوونتر و ئاشکراتر بوو، کاتێك چەکداران دەستیان بەسەر جومگەکانی دەوڵەتدا گرت و پێگە هەستیار و گرنگەکانیان داگیر کرد، هەروەها دەرگای زیندانەکانیان شکاند، کە گەواهیدەری ستەم و چەوسانەوە و ئەشکەنجەدانی ڕژێم بوون. لە لایەکی دیکەوە دوای ئەوەی کە سەرکردایەتیی حزبی بەعس بە واژۆی ئیبراهیم ئەلحەدید ئەمینداری گشتیی ئەو حزبە بلۆککردن و ڕاگرتنی هەموو چالاکییەکانی حزبەکەی ڕاگەیاند، بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی هۆکاری ئەمە بخاتە ڕوو، ئەمەش دوای ئەوەی کە بەشار ئەسەدی ئەمینداری گشتی پێگەی فەرمی و حزبییەکەی خۆی بەجێهێشت.

**ڕژێمی ئەسەد بە چاوتروکانێک ڕووخا، هەروەها هاوپەیمانە نێودەوڵەتییەکان (ئێران و ڕووسیا) لەو وڵاتە هەرەسیان هێنا**

ئەگەر سووریا ئاواتەخواز بێت، لەو وڵاتە ڕژێمێك و گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و شەرعییەتێکی سیاسیی تازە بێتە کایەوە، هەروەها ڕەوایەتیی یاسایی تازە جێگیر ببێت، ئەوا چەند پرسیاری زۆر و قووڵ و ئاڵۆز ڕووبەڕووی دەبێتەوە، چونکە ڕووخانی ڕژێمێکی تۆتالیتاری تەنیا ئەوە نییە ڕاپەڕینێك بکرێت و سیستەمێکی دیموکراسی دابمەزرێت، بەڵکو پرۆسەی دیموکراسی بریتییە لە ڕێڕەوێکی درێژخایەن و پێویستی بە چەندین بنەما هەیە، کە دەبێت بەردەست بن، لەوانە حوکمی یاسا و بڵاوکردنەوەی ئازادی و دداننان بە فرەیی و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵاتدا.

ڕەنگە یەکەمین ئالنگاری کە ڕووبەڕووی پرۆسەی گۆڕان ببێتەوە لە سووریا، ئەوە بێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ پاشماوەی ڕابردوودا بکرێت. ئایا بە تۆڵەسەندنەوە و زەبروزەنگ، یان لە ڕێی دادپەروەریی ڕاگوزاری کە بەرژەوەندیی باڵای وڵات لەبەرچاو بگرێت، هەروەها یەکێتیی نیشتمانی بۆ گەیشتن بە ئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتی؟ ئەمەش پێویستی بە دیاریکردنی بەرپرسیارێتییەکان و لێپێچینەوە لە گەورە ستەمکارەکان هەیە. هاوکات ئاشکراکردنی ڕاستی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییان، یان خێزانەکانیان و چاککردنی سیستەمی یاسایی و دادپەروەری و ئەمنی و هەموو دەزگاکانی یاسا، دیارە ئەمەش پێویستی بە شەفافییەتێکی باڵا و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ و بنیادنانەوەی دەوڵەت هەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە و هەموو گرووپەکان بتوانن بۆ دیموکراسی بە هەنگاوی دیراسەکراو و درێژخایەن بەرەو پێش بچن. جا بۆ ئەوەی توندوتیژی سەرهەڵنەدات، کە بەرهەمی دەمارگیرییە و لەمەشەوە پەرگیری دێتەکایەوە، کە پەرگیرییش بوو بە ڕەفتار، سەر دەکێشێت بۆ توندوتیژی، ئەویش دەگۆڕێت بۆ تیرۆر، جا ئەگەر سنووری بەزاند، ئەوا متمانەی دەوڵەت بە خۆی و بە تاکەکانی کۆمەڵگە لاواز دەکات، ئەمەش بە تیرۆر و تیرۆری نێودەوڵەتی وەسف دەکرێت.

ڕەنگە ئەمڕۆ سووریا زۆر پێویستی بە بنیادنانەوەی دەوڵەت هەبێت و نابێت ئەو دامەزراوانەی ئێستای تێك بچن و بڕووخێندرێن، بەڵکو دەبێت هەوڵ بدرێت پاك بکرێنەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت و ئاسەواری ڕژێمی پێشوویان تێدا نەهێڵدرێت، هەروەها کارەکە وا دەخوازێت، کە جەخت لە پرەنسیپە نیشتمانییەکان بکرێتەوە بە بناغەی مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتیانی ئازادیخواز دابنرێن، بە پێی بنەماکانی: یەکەمیان ئازادی و دووەمیان یەکسانی و سێیەمیان دادپەروەری، بەتایبەتیش دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بە کەمترین ئاست، چوارەمیشیان شەراکەت و بەشداریکردن، کە هەمووان شەریکن لە نیشتماندا و پێویستیشە لە بڕیاردانیشدا بەشدار بن.

**ڕەنگە ئەمڕۆ سووریا زۆر پێویستی بە بنیادنانەوەی دەوڵەت هەبێت و نابێت ئەو دامەزراوانەی ئێستای تێک بچن و بڕووخێندرێن، بەڵکو دەبێت هەوڵ بدرێت پاک بکرێنەوە و چاکسازییان تێدا بکرێت**

لێرەدا پێویستە جیاکاریی نێوان هاووڵاتیان پشتگوێ بخرێت و لەسەر بنەمای نەتەوە، یان ئایین، یان تایفەگەری، یان زمان، یان بنەچە، یان حزب، یانیش بە هەر هۆکارێکی دیکە مامەڵ نەکرێت، ئەمە جگە لە ڕێزگرتن لە مافی ئافرەت و یەکسانیی لەگەڵ پیاودا.

ئەمانە بنچینە و بناغەگەلی بنیادنانەوەی دەوڵەتی سووریان، هەروەها گەشەپێدانی سەرتاسەری و بەردەوام بۆ هەموو کایەکان دێننە ئاراوە، بەتایبەتی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی

جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەریدا، لەگەڵ نەهێشتنی گەندەڵی و لێپرسینەوە لە گەندەڵکاران، ئەمەش پێویستی بە دارشتنەوەی بەهاکان و بەرزکردنەوەی هۆشیاریی مافی کۆمەڵگە هەیە، لەسەر بنەمای عەقڵانییەت و شارستانی لە دامەزراوە یاساییەکانەوە، دەکرێت ئەو دامەرزاوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆڵیان لەم بوارەدا هەبێت، جگە لە سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵەکان و دەستەبژێرانی فیکری و رۆشنبیری لە چوارچێوەی دیالۆگێکی سەرتاسەریی کۆمەڵگەیی بێ نواندنی رق و کینە، یان خۆسەپاندن. لە راستیدا هەندێ مین لەبەردەم ئەم جۆرە ئاراستانەدا هەن، لەوانە رەوتی ئیسلامگەرایی کە دەستێکی باڵای لەم پرۆسەی گۆرانەدا هەیە، وێرای ئەو لایەنانەی لە پشتیەوەن و هاوکارییان دەکەن، ئەمەش پێویستی بە هەڵێنانی هەنگاوی سەرپێیی هەیە، لەوانە: قەدەغەکردنی هەڵگرتنی چەك، یان بەکارهێنانی لە دەرەوەی دەوڵەتدا، هەروەها دەرکردنی لێبووردنی گشتی لە هەموو ئەوانەی حوکم دراون، یان لە زیندانییە سیاسییەکانن، یان ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتن و بە ئامادە نەبوون حوکم دراون و مافیان پێ بدرێت بێ مەرج بگەرێنەوە وڵات.

هەندێك ئالنگاری لە شێوەی دیکە هەن، گرنگترینیان ئەوەیە سەرکردە تازەکان چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەی کورددا دەکەن؟ ئایا دان بە مافی کورد دادەنێن لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیدا؟ بۆیە پێویستە لێرەدا دەرگای گفتوگۆی ئاشتییانە واڵا بکرێت، دەکرێت بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، یان یەکێتیی ئەورووپا بە بەشداریی کۆمکاری عەرەبی بۆ دەرکردنی شێوازێکی فیدراڵی بۆ بەرێوەبردنی خۆسەریی کوردی هەنگاو هەڵگیرێت، هەر چەندە ئەم جۆرە چارەسەرە بەدڵی تورکیا نابێت، تەنانەت ئەگەر ئەمریکاش پاڵپشتیی بکات، ئەم جۆرە نارەزاییەی ئاساییە، ئالنگارییەکی دیکە ئەوەیە چۆن سووریا سەربەخۆیی نیشتمانیی خۆی بەدەست دێنێتەوە، دوای ئەوەی باڵادەستیی ئێرانی لەسەر بوو، هەروەها هەژموونی رووسیا، چونکە رووسیا و ئێران ئەم رژێمەیان دەپاراست و نەیاندەهێشت هەرەس بهێنێت، بۆیە باڵادەستیی تورکیا و ئەمریکا بوو بە جێگرەوەی هەژموونی رووسیا و ئێران، ئەمەش گرفتێکی دیکەیە.

ئەم پرسە پێویستی بە یەکێتییەکی پتەوی نیشتمانی هەیە، هەروەها هاوکاریی نیشتمانی و بەرنامەیەکی روون کە هەنگاوی جددی و راست هەڵێنێت بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجە، کە زۆر ئاسان نییە و لە ناو سووریا کێشەی تازە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، شەر و پێکدادانیش بەرپا دەکات لە نێوان هێزە ئیسلامگەراییەکان و هێزە نیشتمانییەکانی دیکەدا، هەروەها حوکمرانیی تازە لەژێر هەر ناوێکدا بێت، رووبەرووی ئەوە دەبێتەوە، ئەو گرفتە مێژووییەی کە پێویستە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، مەبەستم ئەوەیە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیسرائیلدا دەکات؟ چونکە ئیسرائیل ئەو بۆشاییەی قۆستەوە کە لە ئەنجامی ئەم رووداوە هاتە ئاراوە، بۆیە دەبینین کە (٣٥٠) گورزی لە دامەزراوە گرنگ و هەستیارەکانی سووریا وەشاند، لەوانەش دامەزراوەی سەربازی، ئەمە جگە لە پێشرەویکردن لە ناو خاکی سووریا بێ گوێدانە رێککەوتننامەکانی راگرتنی پێکدادان کە لە ساڵی ١٩٧٤ واژۆ کراوە، بۆیە هێزەکانی ئیسرائیل بە قووڵایی ٢٥ کیلۆمەتر هاتنە نێو خاکی سووریاوە و (جەبەل شێخی)یان داگیر کرد بەمەش ئیسرائیل توانی بەسەر پێگە ستراتیژی و گرنگەکانی سووریادا باڵادەست بێت.

هێزەکانی ئیسرائیل بە قووڵایی ٢٥ کیلۆمەتر هاتنە نێو خاکی سووریاوەو (جەبەل شێخی)یان داگیر کرد بەمەش ئیسرائیل توانی بەسەر پێگە ستراتیژی و گرنگەکانی سووریادا باڵادەست بێت

رەنگە ئالنگارییەکی دیکە گرووپە چەکدارە گەورەکە بێت کە رژێمی پێشووی رووخاند، کە لەلایەنی نێودەوڵەتییەوە بە گرووپێکی تیرۆریستی هەژمار کراوە. ئایا ئەمە دەگۆرێت بۆ هێزێکی مەدەنی بە گرتنەبەری شێوازگەلێك کە لەگەڵ بوونی خۆی لە لووتکەی دەسەڵاتدا بگونجێت؟ وا دیارە هێزە رۆژئاواییەکان مەرجیان داناوە بۆ ئەوەی ئەم کۆتانەی لەسەر سووك بکەن، یان ناوی لەو لیستە لابەرن کە بە تیرۆر پۆلێن کراوە، بۆیە دەبینین کە بەریتانیا رایگەیاندووە کە چاو بە «دەستەی تەحریری شام»دا دەخشێنێتەوە کە وەك رێکخراوێکی تیرۆریست پۆلێن کراوە، دوای ئەو ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان شتی راگەیاند.

بەریتانیا رایگەیاندووە کە چاو بە «دەستەی تەحریری شام»دا دەخشێنێتەوە کە وەک رێکخراوێکی تیرۆریست پۆلێن کراوە، دوای ئەو ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان شتی راگەیاند

رەنگە ماوەی گواستنەوە، یان ئەوەی کە گرووپە چەکدارەکە کە ئێستا حوکمرانی سووریایە پەیرەوی دەکات لە گرتنەبەری رێوشوێن و رێکارەکان، هەموویان ئاماژە بن بۆ حوکمرانییەکی تازە، کە دراوسێیەکانی سووریا ئێستا چاوەروانی دەکەن، عێراق بە کورد و عەرەبەوە، هەروەها ئوردن و لوبنان، لەو گۆرانکارییانەی کە هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەش راستەوخۆ رەنگدانەوەی تەواوی لەسەر دەوڵەتان و گەلان هەیە، بەتایبەتیش عەرەب.




فوئاد ئیزەدی، پرۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتیی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکایە لە زانکۆی تاران. بۆ مەبەستی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕووداوە گرنگ و گەورەکانی ئەم دواییەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرسی کێشە و بارگرژییەکانی ئێران لەگەڵ ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ و، پەیوەندییەکانی ئێران و عێراق و لە نێویاندا هەرێمی کوردستان، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.

### پڕۆفیسۆر فوئاد ئیزەدی بۆ گوڵان:

# ئیسرائیل دەیەوێت سووریا ببێتە وڵاتێکی هاوشێوەی ئەردەن یان میسر

*** هەروەك ئاشكرایە كە لە سووریادا پەرەسەندن و پێشهاتی خێرا هاتنە ئاراوە، بە تایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووخانی ڕژێمەكەی بەشار ئەسەد و هەڵاتنی لەو وڵاتە، ئێوە چۆن لەو هێزانە دەڕوانن كە توانییان شكست بەم ڕژێمە بهێنن و لە ئێستادا جڵەوی ئەم وڵاتەیان كەوتووەتە دەست؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەوانە ڕێكخراوی تیرۆریستین، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە تەنانەت لە تێڕوانینی خودی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاشدا وەك ڕێكخراوی تیرۆریستی ناسراون، ئەویش لەسەر بنەمای ئەوەی كە پێشتر ئەمانە لە ڕێكخراوی داعشەوە هاتوونەتە ئاراوە و كاری تیرۆریستییان ئەنجام داوە، هەرچۆنێك بێت بوونی ئەمانە نە لە بەرژەوەندیی سووریادایە و نە لە بەرژەوەندیی وڵاتە دراوسێكانی سووریاشدایە.

*** بەڵام هێرشی دەستەی تەحریری شام و كەوتنی یەك لە دوای یەكی شارە گەورەكانی سووریا و پاشەكشەی سوپای ڕژێمەكەی بەشار و پاشان ڕووخانی، مایەی سەرسوڕمان و شۆك بوون، بە چەشنێك كە ڕەنگە هیچ كەسێك پێشبینیی ئەوەی نەكردبێت كە ڕەوتی ڕووداوەكان بەم خێراییە بەرەوپێش بچێت و ئەو دەرئەنجامەی لێ بكەوێتەوە، بە دیدی ئێوە ئەو هۆكارانە چی بوون كە بوونەهۆی ئەوەی بارودۆخەكە بەم ئاراستەیەدا بڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە چەند هۆكارێك بكەین، یەكێكە لەوانە ئەوەبوو كە لە سووریادا حكومەتێكی لاواز هەبوو، هەروەها داهات و سەرچاوەیەكی زۆری دارایی لە بەردەستی ئەم حكومەت و ڕژێمەدا نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبوو سوپای سووریا دۆخەكەی زۆر بە جددی وەربگرتایە و هەنگاوی هەڵگرتایە

**تورکیا بەشدارە لە هێنانەئارای ئەم دۆخە، بەهۆی ئەوەی تورکیاش دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی خۆی لە نێو سووریادا درێژ بکاتەوە و ڕێگە لە هاوکاریی ئێران بۆ لوبنان بگرێت**

بۆ ڕاگرتنی ئەم هێرشانە، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی بەرهەڵستکاری بەشار ئەسەد دارایییەکی باشیان بۆ دابین و دەستەبەر کرابوو، هەروەها چەك و تفاقی باشتریان بۆ فەراهەم کرابوو، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بهێنن، ئەگەرچی من پێم وانییە ئەم سەرکەوتنەیان بەردەوام بێت.

*** لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا ئەم پەرەسەندن و هەڵکشان و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوانە بە مایەی شۆك و تاسێنەر وەسف کران، لەم ڕوانگەیەوە پێتان وایە کاردانەوەی ئێران و شێوازی مامەڵەی ئێران چی دەبێت لەگەڵ ئەم دۆخەدا؟**

- من دەمەوێت لێرەدا ئەوەتان بە بیر بهێنمەوە کە کاتێك داعش سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی بەشێکی زۆری خاکی سووریا، دەستی دایە کاری تیرۆریستی و پاشان پانتاییەکی زۆری خاکی عێراقی داگیر کرد، لە نێویاندا بەشێکی هەرێمی کوردستانیش، لەم سۆنگەیەوە ئێمە خوازیاری ئەوە نین کە ئەم گرووپانەی سووریا دەست بدەنە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە خزمەت بە ئاشتی لە ناوچەکەدا ناکەن، ئەگەرچی ئێمە ئەوە بەدی دەکەین کە ئەوان هاوکارن بۆ ئیسرائیل، لەو ڕوانگەیەوە کە نایانەوێت یارمەتییەکانی ئێران لە ڕێی سووریاوە بگاتە لوبنان. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە تورکیا بەشدارە لە هێنانەئارای ئەم دۆخە، بەهۆی ئەوەی تورکیاش دەیەوێت دەستڕۆیشتوویی خۆی لە نێو سووریادا درێژ بکاتەوە و ڕێگە لە هاوکاریی ئێران بۆ لوبنان بگرێت. بە هەر حاڵ دەبێت ئەوە بڵێم کە ئێران پێشتر هەوڵ و کۆششی دیپلۆماتیی خستەگەڕ، ئەوە بوو وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی سەردانی ئەنقەرەی کرد، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێران خوازیاری شەڕ و ناکۆکی نییە، بەڵکو دەیەوێت ئاشتی بەرپا ببێت، بەڵام ئەوەی بەدیمان کرد ئەوە بوو ئەو لایەنانەی دەستیاندایە ئەم شەڕە خوازیاری ئەوە نەبوو ڕایبگرن.

*** ئێوە ئاماژەتان بە ڕۆڵی تورکیا کرد، کە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە ئەم هێزانە نەیاندەتوانی ئەو ئەدایەیان دژ بە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد هەبێت ئەگەر بێتو تورکیا بە چەشنێکی بەرچاو هاوکار نەبووایە، ئێوە چ لێکدانەوەیەکتان بۆ ئامانج و ڕۆڵی تورکیا لە ناو سووریادا هەیە؟**

- بە داخەوە تورکیا لەو ڕوانگەیەوە ئەم کارە دەکات کە دەیەوێت لەگەڵ ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ بگاتە ڕێککەوتنێك، ئەمەش هەڵەیەکە کە لەلایەن تورکیاوە دەکرێت، چونکە هاوکاریکردنی ئەم جۆرە گرووپانە دەبێتە هۆی ئەوەی دواتر لە فەرمانیان دەربچن و لێی هەڵبگەڕێنەوە و زیانی پێ بگەیەنن .

*** دەگوترێت ئەم گۆڕانکارییانەی نێو سووریا بەشێکیان دەرئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییە بۆ دووبارە داڕشتنەوەی ناوچەکە لەسەر کۆمەڵێك پرەنسیپی جیاواز، کە نابێت لێرەدا ئەوەش لە یاد بکەین کە پێشتر سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل (بنیامین نەتنیاهۆ) هۆشداریی بە بەشار ئەسەد دا، بەوەی نابێت یاری بە ئاگر بکات، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- گومان لەوەدا نییە کە ئیسرائیل دەیەوێت سووریا ببێتە وڵاتێکی هاوشێوەی ئەردەن یان میسر، کە پێشتر کێشەیان لەگەڵ حکومەتی سووریادا هەبوو ئەوە بوو بۆ کارکردن دژ بە حکومەتی پێشووی سووریا هاوکاریی داعشی دەکرد و تەنانەت بریندارەکانی لە نێو نەخۆشخانەکانی ئیسرائیلدا چارەسەر دەکرد، و بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا بەڵێ هەوڵێکی هەمە لایەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیا و ئەو گرووپە تیرۆریستانە بوو کە ئەم دۆخەیان هێنایە ئاراوە.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیارێکدا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم ڕووداو و پەرەسەندنەکان لە بەشێکیاندا پەیوەندیدارن بە ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ، ئایا لەم ڕووەوە چۆن لە ئەگەریی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا دەڕوانیت لە سایەی ئیدارەی نوێی ئەمریکادا، بە تایبەتی کە باس لەوە دەکرێت دووبارە سزای سەخت و قورس بەسەر ئێراندا دەسەپێنرێتەوە؟**

- ڕوونە کە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترەمپ هەمان ڕێکار و هەنگاو لە ئاست ئێراندا دەگرێتەبەر کە ئیدارەی

**هەوڵێکی هەمە لایەنەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و تورکیا و ئەو گرووپە تیرۆریستانە بوو کە ئەم دۆخەیان هێنایە ئاراوە**

**ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی ترەمپ هەمان ڕێکار و هەنگاو لە ئاست ئێراندا دەگرێتەبەر کە ئیدارەی یەکەمی ترەمپ پیادەی کردن، ئەوە بوو چوار ساڵ سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری لە بەرانبەر ئێراندا گرتەبەر**

**دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە جیهان بەرەوپێش دەچێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هێزێکە کە لە داکشاندایە**

**سەرۆک کۆماری ئێران (مەسعود پزیشکیان) لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق و لە نێویاندا بۆ هەرێمی کوردستان بە کوردی لێدوانی دا، هەمو ئەمانەش جەختکردنەوەن لەسەر پەیوەندییە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان**

یەکەمی ترەمپ پیادەی کردن، ئەوە بوو چوار ساڵ سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری لە بەرانبەر ئێراندا گرتەبەر، بەڵام من پێم وایە هەروەك چۆن لە جاری یەکەم و لە ئیدارەی یەکەمدا هیچیان نەچنییەوە لەم گوشارانە، ئەوا لە ئیدارەی دووەمی دۆناڵد ترەمپیشدا تووشی هەمان نائومێدی دەبنەوە، پێم وایە لە ماوەی چوار ساڵی داهاتوودا دووبارە ئێران ئەمە دەسەلمێنێتەوە، چونکە دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە جیهان بەرەوپێش دەچێت و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هێزێکە کە لە داکشاندایە.

*** لە ئێستادا ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران بەرەوپێشچوونی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئایا پێتان وا نییە لە ئیدارەی داهاتووی ئەمریکادا دەرفەتێك دروست ببێت بۆ گفتوگۆکردنێکی جددی لەسەر ئەم پرۆگرامە، بە تایبەتی کە باس لەوە دەکرێت ترەمپ خۆی بە پیاوی ڕێککەوتنەکان دەزانێت؟**

- ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا لە سەروەختی پێش ئیدارەی یەکەمی دۆناڵد ترەمپدا ئەنجام درا و، دواتر دۆناڵد ترەمپ لێی کشایەوە و ئیدارەکەی جۆ بایدن دەیتوانی بگەڕێتەوە نێو ئەم ڕێککەوتنە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا من پێم وانییە بتوانین لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ بەدەست بهێنین.

*** هەر لە پەیوەندی بە ئێرانەوە، باس لەوە دەکرێت کە ئەم وڵاتە توانیویەتی پەرە بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین بدات، ئایا ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکا لە پێگەیەکی بەهێزتردا بێت؟**

- لە ڕاستیدا نابێت ئێمە ئەوە نادیدە بگرین کە جیهان بەرەو فرەجەمسەری دەڕوات، ئەمەش لەبەر ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێزێکە لە داکشاندایە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی فشارەکانی لەسەر وڵاتێکی وەك ئێران دەرئەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوێتەوە، لەلایەکی دیکەوە چین و ڕووسیاش خوازیاری ئەوە نیین کە تەنیا هێزێك، بە چەشنی ئەمریکا، زاڵ و باڵادەست بێت لەسەر شانۆی جیهان.



*** ئێران و عێراق پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوانیاندا هەیە، ئێوە چۆن سەیری ئەگەر و ئاراستەکانی ئەم پەیوەندییە دەکەن؟**

- ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران پەیوەندییەکی چڕن و لە ئاستێکی باشدان، کە دەبینین شاندی پایە بڵندی هەردولا سەردانی یەکتری دەکەن، کە دەکرێت بڵێین هەمان شت ڕاستە بۆ پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی کە بینیمان سەرۆك کۆماری ئێران (مەسعود پزیشکیان) لە سەردانەکەیدا بۆ عێراق و لە نێویاندا بۆ هەرێمی کوردستان بە کوردی لێدوانی دا، هەمو ئەمانەش جەختکردنەوەن لەسەر پەیوەندییە کەلتووری و فەرهەنگییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان، هەروەها ئەو بازرگانییەش کە لە ئارادایە لە سوود و بەرژەوەندیی هەردوولادایە.

ستیفن بلانک

توێژەری باڵا لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە بۆ گوڵان:

# کەوتنی بەشار ئەسەد پێی وتین ڕووسیا ناتوانێت بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات

سیتفن بلانک، توێژەری باڵایە لە پرۆگرامی ئۆراسیا لە ئەنستیتیوتی توێژینەوەکانی سیاسەتی دەرەوە و زیاتر لە ٩٠٠ وتار و توێژینەوەی بڵاو کردووەتەوە، لەسەر سیاسەتی سەربازی و دەرەکیی یەکێتیی سۆڤیەت و ڕووسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئاسیا و ئەورووپا، چەندین جاریش لە کۆنگرێسی ئەمریکادا ئامادە بووە بۆ باسکردن لە بارەی کاروبارەکانی ڕووسیا، چین و ئاسیای ناوەڕاست و ڕاوێژی پێ کراوە لەلایەن دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا و ناوەندەکانی توێژینەوە. گوڵان لە میانەی دیدارێکدا چەند پرسی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، لە پەیوەندی بە پەرەسەندنەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و، گرێدانەوەی بە پێشهاتە پێشبینینەکراوەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریا، و کەمبوونەوەی کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لەو وڵاتەدا و ئاکام و دەرهاویشتەکانی کەمبوونەوەی ئەم دەستڕۆیشتووییەی ڕووسیا لەسەر شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیا و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.




*** ئاشكرایە كە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا نەك هەر لە ئێستادا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە كە كۆتایی پێبێت و یەكلا ببێتەوە، بەڵكو زیاتر هەڵكشانی بە خۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئۆكرانیا هێرشی كرد و دەستیگرت بەسەر بەشێكی خاكی ڕووسیادا، پاش ئەوەی ئیدارەی ویلایەتە یەكگكرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتیی جۆ بایدن، ڕێگەی بە ئۆكرانیا دا، مووشەكە دوورمەوداكانی ئەمریكا بۆ ئامانجەكانی نێو خاكی ڕووسیا بەكار بهێنێت. ئێوە چۆن لەم پەرەسەندنانە دەڕوانن و ئایا پێتان وایە ئاراستەی شەڕەكە بەرەو كوێ دەچێت؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە پرسی ڕەوتی شەڕەكە و ئەگەری ئەوەی بە چ ئاراستەیەكدا دەڕوات، پتر بەندە بەوەی كە ئیدارەی داهاتووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، بە سەرۆكایەتیی دۆناڵد ترەمپ چ هەڵوێست و سیاسەتێك دەگرێتەبەر لەم ڕووەوە، بەتایبەتی كە خودی دۆناڵد ترەمپ هەڵایەكی زۆری دروست كردووە و باس لە گەیشتن بە ڕێككەوتن لەگەڵ سەرۆكی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) دەكات، كە من باوەڕم وایە ئەگەر ڕێككەوتن لەگەڵ پوتیندا بكات، ئەوا ئەمە دەرئەنجامێكی زۆر خراپە، چونكە دەبێتە هۆی ئەوەی سەركەوتنێك بە ڤلادمیر پوتین ببەخشێت، كە شایستەی نییە. چونكە ئەگەر بە ڕاشكاوی بدوێم، ئەوا پێم وانییە دۆناڵد ترەمپ هیچ تێگەیشتنێكی هەبێت لەبارەی خواست و ویستی پوتین، یان سەبارەت بە ئامانجەكانی پوتینەوە، بەڵكو خەمی سەرەكیی ترەمپ ئەوەیە كە وێنەیەكی جوان و ئەرێنی بۆ خۆی دروست بكات، بە بێ ئەوەی لەوە تێبگات كە چی دەگوزەرێت و مەترسییەكە لە كوێدایە.

**دۆناڵد ترەمپ هەڵایەکی زۆری دروست کردووە و باس لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرۆکی ڕووسیا (ڤلادمیر پوتین) دەکات**

*** بەڵام سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپ، باس لەوە دەکات کە دەتوانێت کۆتایی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بهێنێت و لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیش زۆر جەختی لەسەر ئەمە دەکردەوە، خوێندنەوەی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- ئەوەی لە ئێستادا لە ئارادایە، ئەوەیە کە دۆناڵد ترەمپ باس لە پێنەدانی چەك بە ئۆکرانیا و ڕێگەلێگرتن لە هێرشکردنی بۆ سەر ئامانجەکانی ڕووسیا دەکات. من لێرەدا دەمەوێت ئەوە دووپات بکەمەوە، کە هەموو خەمی دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە ڕێککەوتنێك بهێنێتە ئاراوە، ئەگەرچی گرنگ نییە، بە لای ئەوەوە کە ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتنە و بڕگە و بەندەکانی چی دەبن. ئەگەر بە ڕوونی بڵێم، ئەوا پێم وانییە ترەمپ بزانێت باسی چی دەکات.

*** بەڵام ئەو لێکدانەوەیەش هەیە کە پێی وایە دۆناڵد ترەمپ پتر کار بە ئاراستەی ڕێککەوتن، یان با بڵێین گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیپلۆماسی دەکات، بۆ چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی شەڕ و ناکۆکییەکان، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- من پێم وانییە ئەولەوییەتی ئیدارەی داهاتووی دۆناڵد ترەمپ بریتی بێت لە گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیپلۆماسی، بەڵکو ئەوەی هەیە، ئەوەیە کە ئەولەوییەتی خودی دۆناڵد ترەمپ ئەوەیە کە پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ڤلادمیر پوتیندا هەبێت. لێرەدا ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەو تێگەیشتنێکی دروستی نییە بۆ ئەوەی کە ڕوودەدات و دەگوزەرێت. هەروەها ترەمپ ئەوە لەبەرچاو ناگرێت کە ئەمریکا کۆمەڵێك بەرژەوەندیی هەیە لەسەر ئاستی جیهان و لە بواری سیاسەتی دەرەوەیدا، بەڵکو ئەو تەنیا بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی دەکاتەوە.

**یەکێك لە دەرئەنجامەکانی بەهێزبوونی پێگەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە گوشارێکی زیاتر لەسەر ئێران دروست دەکات**

*** کەواتە ئایا باوەڕت وایە دۆناڵد ترەمپ، ئۆکرانیا ناچار بکات، بەوەی سازشی سەخت بۆ ڕووسیا بکات؟**

- بۆی هەیە هەوڵێکی لەم چەشنە بدات و لە ڕاستیدا پێدەچێت ئاڕاستەی کارکردنی بەم شێوەیە بێت.

ڕوونە کە دۆناڵد ترەمپ زۆر بایەخ بە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان نادات، و ڕەنگە پێی وابێت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاکلایەنانە کار بکات، ئەوا بتوانێت ئامانجەکانی باشتر بەدەست بهێنێت.

*** کەواتە ئایا دروستە بڵێین: ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ترەمپ هاوکارییەکی زۆر لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا بکات، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا؟**

- بەڵێ ئەمە وایە، چونکە من پێم وایە ئەو هیچ تێگەیشتنێکی بۆ ڕۆڵی ناتۆ و هیچ لەبەرچاوگرتنێکی بۆ ئاسایشی ئەورووپا نییە، بەڵکو ئەو تەنیا و تەنیا دەیەوێت ڕێککەوتن بکات، ئەگەرچی ڕێککەوتنەکەش خراپ بێت.

**ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکەین کە ترەمپ هاوکارییەکی زۆر لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپادا بکات، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا**

*** ئایا ئەم شێوازی کارکردن و ڕێگاچارانەی دۆناڵد لە بواری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە دەیگرێتەبەر- بە تایبەتی هەڵوێستی نەرمی لە ئاست ڕووسیادا- زیان بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەمریکا ناگەیەنێت؟**

- ئەم جۆرە کارکردنەی دۆناڵد ترەمپ، ئەو پەیامە بە ڤلادمیر پوتین دەدات، کە ئەمریکا بەو چەشنە لاوازە کە بیری لێ دەکردەوە، هەروەها ئەو تێگەیشتنەش لای پوتین دروست دەکات، کە ترەمپ کەسایەتییەکە دەکرێت بە شێوەیەك کاری لەسەر بکرێت، کە بتوانێت ئاراستە بکرێت. لە ڕاستیدا ئەمە دۆخێك دروست دەکات کە ڕووسیا ئەنجامدانی هەر کارێك بە ڕەوا بزانێت، ئەمەش مایەی کارەسات دەبێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کاراکتەرە خراپەکانی دیکەی جیهان بوێریی زیاتریان بۆ دروست بێت.

*** ئەگەر پرسەکە پەیوەست بکەینەوە بە پێشهات و ڕووداوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەتایبەتی ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریا، ئەوا ئاشکرایە کە ئەم پەرەسەندنانە بوونەتە هۆی کەمبوونەوە، یان داکشانی دەسترۆیشتوویی ڕووسیا لەو وڵاتەدا. ئایا پێت وایە ئەمە هیچ ئاکام و دەرهاویشتەیەکی لەسەر شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکرانیا دەبێت؟**

- لێرەدا دەمەوێت چەند خاڵ بخەمەڕوو، یەکەمیان ئەوەیە کە پەرەسەندنەکانی سووریا و ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد پەردە هەڵماڵین بوو لەسەر ئەو ڕاستییەی کە ڕووسیا ناتوانێت



بەرگری لە هاوپەیمانەکانی بکات، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە ڕووسیا وێنا و ناوبانگی خۆی لە دەست دا. خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر حکومەتی نوێی سووریا داوا لە ڕووسیا بکات، بنکەکانی لە نێو وڵاتەکەیدا چۆڵ بکات، ئەوا ڕووسیا ئەو بنکانە جێ دەهێڵێت، ئەگەرچی ئەگەری ئەوەش هەیە کە گفتوگۆ لەم بارەیەوە بکەن، بەڵام ئەگەر بنکەکان بەجێ بهێڵێت، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە ڕووسیا کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی خۆی لە سووریا لەدەست دەدات، چونکە هێشتا بە تەواوی ئەم کاریگەرییەی لەدەست نەداوە، بەڵام ئەگەر ئەم بنکانە لە دەست بدات، ئەوا پێگە و پایەیەکی سەرەکی لەدەست دەدات بۆ ململانێکردن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و برەودان بە هێزی خۆی لەم ناوچەیەدا دەدۆڕێنێت.

*** ئایا لاوازبوونی ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەرفەت و بواری ئەوە دروست ناکات، کە هێزە جیهانییەکانی دیکە بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چین، برەو بە دەستڕۆیشتوویی و پێگەی خۆیان لەم ناوچەیەدا بدەن؟**

- من پێم وایە ئەمە پانتاییەك دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا برەو بە دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ناوچەیەدا بدات، لە هەمان کاتدا هەلی ئەوە بۆ چین دروست دەبێت، کە ڕۆڵێکی گەورەتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینێت. ئەگەرچی دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە دەستڕۆیشتوویی چین زیاتر ڕەهەندێکی ئابووری هەیە، لە کاتێکدا ئەمریکا لە هەر دوو ڕەهەندی ئابووری و سەربازییەکە کاریگەرە لەسەر ئەم ناوچەیە. کەواتە لاوازبوونی پێگەی ڕووسیا لەم ناوچەیەدا دەبێتە هۆی ئەوەی چین و ئەمریکا ڕۆڵێکی بەهێزتریان هەبێت. لێرەدا دەمەوێت بە دڵنیاییەوە بڵێم کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی بەهێزبوونی پێگەی ئەمریکا لەم ناوچەیەدا ئەوەیە کە گوشارێکی زیاتر لەسەر ئێران دروست دەکات.

عەلی فەیلی
ڕاوێژکاری سەرۆک بارزانی بۆ کاروباری کوردانی فەیلی بۆ گوڵان:

# کوردایەتی و نیشتمانپەروەری، بارزانی و کوردانی فەیلی پێکەوە کۆ دەکاتەوە و هەرگیز لێکتر جیا ناکرێنەوە

## لە ساڵی نوێ سەنتەری کوردی فەیلی لە شاری هەولێر دادەمەزرێت



# لە بۆردومانی زێوە کوردانی فەیلی لە ئێران کۆمەک و هاوکارییان گەیاندە ئۆردوگاکە

لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان فەیلییەکان بەهۆی کوردبوونیان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و پاڵپشتیکردنیان بۆ بارزانیی نەمر، کەوتنە بەر دڕندەترین شاڵاوی کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامە، شاڵاوێك کە بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەچێتە قاڵبی جینۆسایدەوە، کە پێویست بوو بە شێوەی جینۆسایدی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرایە. سەرۆك بارزانی لە کۆنفرانسی «زانستی-نێودەوڵەتیی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی»دا، جەختی لەسەر ئەم جینۆسایدە و پێویستیی ناساندنی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییەکان و خانەوادەکانیان کردەوە. لەسەر ئەم پرسە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ عەلی فەیلی کەسایەتیی ناسراوی ناو کوردانی فەیلی و ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی بۆ کاروباری کوردانی فەیلی ساز دا، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**بڕیاری دادگای تاوانەکان و پەرلەمان و حکومەت لەسەر جینۆسایدی کوردانی فەیلی لە عێراقدا بە مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە**

**پیاوانی موخابەرات بە پاساوی پاشکەوتەیی ئێرانی شاڵاوێکی ڕەشبگیری و فراوانیان دەست پێکرد و ماڵ و سامانی کوردانی فەیلیان تاڵان کرد**

* بەو پێیەی ئەرکی ڕاوێژکاری سەرۆك بارزانی بۆ کاروباری کوردانی فەیلیتان پێ سپێردراوە، بەتایبەتی کە جەنابی سەرۆك زۆرترین بەرگریی لە کەیسی کوردانی فەیلی کردووە، ئایا سەرەتا دەکرێت بزانین بۆچی بە درێژایی مێژوو لە عێراقدا کوردی فەیلی کەوتوونەتە بەر هێرشی کۆمەڵکوژی و جینۆساید؟

- هەر چەندە کەیسی کۆمەڵکوژی و دەرکردنی کوردانی فەیلی لە عێراقدا مێژوویەکی کۆنی هەیە و زۆربەی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراق لە دژی ئەم پێکهاتە ڕەسەنەی کورد ئەم جینۆسایدەیان جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەم کۆمەڵکوژییە لە سەرەتای ساڵی هەشتاکاندا ئاراستەیەکی زۆر دڕندانەتری بەخۆیەوە بینی و چووە چوارچێوەی جینۆساید و کوشتن و تەرحیل و تەعریب و بە زۆر ڕاگواستنی کوردانی فەیلی و زیندانیکردنی گەنجەکانیان و دواتر بێسەروشوێنکردنیان. ئەو سەردەمە حکومەتی عێراق لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق- ئێران بوو، بۆیە پیاوانی موخابەرات بە پاساوی پاشکەوتەیی ئێرانی شاڵاوێکی ڕەشبگیری و فراوانیان دەست پێکرد و ماڵ و سامانی کوردانی فەیلیان تاڵان کرد و، بە زۆرەملێ زیاتر لە ٦٠٠ هەزار کوردی فەیلیان ڕاپێچی ئێران کرد، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا و بێ هیچ گومانێك کوردی فەیلی بە هۆکاری کوردبوون و نیشتمانپەروەرییان کەوتنە بەر ئەو شاڵاوە ڕەگەزپەرستییە. ڕاستە کوردی فەیلی بە مەزهەب شیعەن، بەڵام کوردپەوەرییان زاڵترە لەسەر بۆچوونی مەزهەبی، بۆیە دیوێکی دیکەی ئەم شاڵاوە بۆ لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوو، ڕق و کینەیەکی بەعسییەکانیش بوو لە بەرانبەر پاڵپشتی و هاوکاریکردنی کوردی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی و هەر دوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، تەنانەت نزیکبوونەوە و خۆشەویستییان بۆ ڕێبەری نەتەوەیی کورد و کوردستان (مەلا مستەفا بارزانی) دڵەڕاوکێی لەلای دوژمن و نەیارانی کورد و لای ڕژێمی عێراق دروست کردبوو، چونکە شادەماری

ئابووری و پیشەیی و کاسبی و بازرگانی و تەنانەت ڕۆشنبیری و هونەری لە ناو جەرگەی بەغدا لە دەست کوردی فەیلیدا بوو. ئەوە بوو لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨١ و لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی عێراق- ئێران، شاڵاوی جینۆسایدی کوردانی فەیلی فراوانتر و دڕندانەتر بووەوە، شاڵاوێکی بێ وێنە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و، جینۆسایدی کوردانی فەیلی دژی هەموو پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و لە بەرچاو بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە عێراق بەڕێوە چوو، کە جگە لە دەرکردنی ٦٠٠ هەزار کەس و داگیرکردنی ماڵ و سامانیان ١٢ هەزار گەنجیش لە عەکاشات لەگەڵ دیلە بارزانییەکاندا تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام دران و لە ناو حەوزی مەوادی کیمیایی و تێزابدا لاشەکانیان تواندنەوە، شوێنەوارەکانی تا ئەمڕۆش لە جەستەی کوردی فەیلی و خانەوادەکانیان و نەتەوەی کورد دیار و بەرچاوە.

*** زۆر باسی نزیکی و خۆشەویستیی کوردانی فەیلی بۆ مەلا مستەفا بارزانی دەکرێت، تەنانەت باس لەوە دەکرێت کوردی فەیلی لای مەلا مستەفا بارزانی ڕێز و مەکانەتی تایبەتیی خۆیان هەبووە. ئایا تا چەند کوردی فەیلی ڕۆڵیان لە پاڵپشتی و پشتیوانیی شۆڕشی ئەیلوولدا هەبووە؟**

- مەلا مستەفا بارزانی زۆر پاڵپشتی و پشتگیریی ئەو پێکهاتانەی دەکرد کە کەوتبوونە بەر زوڵم و چەوسانەوە و، بەردەوام بەرگریی لە مافەکانیان دەکرد، بۆیە هەموو کوردپەروەرێك لە ناویشیاندا کوردانی فەیلی، (مەلا مستەفا بارزانی)یان خۆش دەویست. لەبیرمە باوکم (ئەحمەد فەیلی) پێی دەگوتین: «دەنگی تفەنگەکەی مەلا مستەفا بارزانی نەبێت، ئێمە لێرە کەرامەتمان نامێنێت..»، هەر واش بوو، تا مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، کەس نەیدەوێرا دەست بۆ کوردی فەیلی ببات و کۆمەڵکوژیان بکات. کاتێك مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو گەڕایەوە، لە بەسراوە کوردانی فەیلی پێشوازییان لێکرد تا گەیشتە بەغدا، ئەو دەمە وەهاب ئاغای جوندیان لە پێشوازیی بارزانیی نەمردا بووە و کاتێك بینیویەتی کوردی فەیلی بەو جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لە مەلا مستەفا دەکەن، ناوی کوڕێکی دەنێت «فەیلی»، تەنانەت لە ڕێککەوتنی ١١ی ئادار و ڕێپێوانەکەی پاڵپشتیکردنی بەدەستهێنانی ئەو مافە نەتەوەییەدا، کوردی فەیلی بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی و پشتگیریی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار بەشدارییەکی فراوانیان لەو ڕێپێوانەدا کرد، ئەم ژمارە زۆرەی کوردانی فەیلی حزبی بەعس و شۆڤێنییەکانی شۆك کرد.

ئەگەر هەر کوردێکی فەیلی پەیوەندیی بە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە نەکردبوو و توانای دارایی باش بوو، بە کۆمەکی دارایی هاوکاریی شۆڕشی ئەیلوولی دەکرد، تەنانەت چەندین ماڵی شەهیدی پێشمەرگە هەبوون، کوردانی فەیلی کۆمەك و ئابوونەیان بۆ خێزان و منداڵە شەهیدەکان کۆ دەکردەوە. ئەو کات یارمەتی و کۆمەکی کوردانی فەیلی بۆ شۆڕش تەنیا لە بەغدا نزیکەی ٤٥ هەزار دیناری ئەو سەردەمە بووە، ئەمەش پارەیەکی زۆر بوو بۆ شۆڕش و هاوکاریکردنی خێزانی شەهیدان. کوردانی فەیلی لە ناو شۆڕشدا خاوەنی پۆست و پلەی بەرز بوون، لەوانە «حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی، عادل موراد سکرتێری قوتابیان، عەبدولڕەزاق فەیلی و یەدوڵڵا کەریم فەیلی سکرتێری لاوان، هەروەها سکرتێری ئافرەتان زەکییە ئیسماعیل هەقی بوو، کە یەکەمین دادوەری ئافرەت بووە لەسەر ئاستی هەموو عێراق، شەهید لەیلا قاسم لەگەڵ دەیان کادیردی دیکەی بەناوبانگی کوردی فەیلی ڕۆڵیان لە ناو ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان لە ناو شۆڕشدا هەبوو، واتا زۆربەی جومگەکانی حزب بە دەستی کوردی فەیلییەوە بووە، تەنانەت یەکەم ئێزگەی کوردیی دەنگی کورد بە پارچەپارچەکراوی لەسەر دەستی کوردانی فەیلی لە بەغداوە گەیەندرایە هەولێر و دواتر بۆ دیانا و لەوێشەوە گەیاندرایە چیاکانی کوردستان، لەوێش لەبەر شارەزایی کوردی فەیلی بە زمانی عەرەبی، بێژەری کوردی فەیلی هەواڵە عەرەبییەکانی کانی دەخوێندەوە. بارزانیی نەمر لەبەر دڵسۆزی و لێهاتوویی کوردانی فەیلی متمانەی تەواوی پێیان هەبوو، ئەوانیش بە ڕۆح و گیان قوربانی مەلا مستەفا

**ڕاستە کوردی فەیلی بە مەزهەب شیعەن، بەڵام کوردپەروەرییان زاڵترە لە بۆچوونی مەزهەبی**

**شادەماری ئابووری و پیشەی و کاسبی و بازرگانی و تەنانەت ڕۆشنبیری و هونەری لە ناو جەرگەی بەغدا لە دەست کوردی فەیلیدا بوو**

**جینۆسایدی کوردانی فەیلی دژی هەموو پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و لە بەرچاو بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە عێراق بەڕێوە چوو**

**جگە لە دەرکردنی ٦٠٠ هەزار کەس و داگیرکردنی ماڵ و سامانیان ١٢ هەزار گەنجیش لە عەکاشات لەگەڵ دیلە بارزانییەکاندا تاقیکردنەوەی کیمیاییان لەسەر ئەنجام دران**

بارزانی بوون و لە شاندی دانوستانەکاندا بۆ ڕێکخستن و پەیوەندیکردن زیاتر فەیلییەکان هەبوون.

ئەم پەیوەندییە ڕۆحییە لە سەردەمی شۆڕشی گوڵان و لەگەڵ کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرۆک مسعود بارزانی بەردەوام بوو. ڕاستە ناوچەکانمان لەسەر سنوور بە حوکمی بوونی کەسوکارمان لەوێ بووین و سەرکردایەتی لە ڕاژان و کەرەج دوور بوو، بەڵام بەردەوام دەیانگوت کوردانی فەیلی چییان دەوێت، بۆیان بکەن، لە بیرم دێت، لە بۆردومانی زێوە کوردانی فەیلی وێڕای ئاوارەبوونیان کۆمەکیان کۆکردەوە و ناردیان بۆ هاوکاریکردنی براکانمان لە زێوە.

*** دوورخستنەوە و داگیرکردنی ماڵ و سامانی کوردانی فەیلی هەر لە ناو جەرگەی بەغدا نەبوو، سەبارەت بە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلە کە کەوتنە بەر شاڵاوی تەعریب و داگیرکردنی خاک و باغ و گوندەکان، لەوێ چی ڕوویدا؟**

- تەرحیل و تەعریب و سڕینەوەی شوناسی کوردانی فەیلی بەشێکی سەرەکیی جینۆسایدی کوردانی فەیلی بوو، چ لە ناو بەغدا و لە گەڕەك و بازاڕەکانی «شۆرجە، حەی ئەکراد، کیفاح، جەمیلە، شێخ عەبدولقادر» کە ئەوان ڕۆڵی گەورەیان لە گەشەسەندنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ناو جەرگەی بەغدا و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا هەبووە، ناوچەیەکی فراوانیان هەبوو هەر لە کەلارەوە بۆ خانەقین و بەدرەوجەسان و زورباتییە و جەلەولا، کوت و عەزیزییە و عەلی غەربی قزرابات، شارەبان، خانەقین، مەندەلی، ڕۆژهەڵاتی پارێزگاکانی دیالە و کوت و تا دەگاتە ناسرییە و عەمارە نیشتەجێ بوون، بە درێژایی سنوور لەگەڵ ئێران بەو دیوی ئێرانیشەوە هەر کوردی فەیلییە.

*** لە کۆنفرانسی ناساندنی جینۆسایدی کوردانی فەیلی، سەرۆك بارزانی داوای کرد سەنتەرێك بۆ کوردی فەیلی دابمەزرێت، دامەزرانی ئەو سەنتەرە بەکوێ گەیشتووە؟**

- ڕاستە دامەزرانی سەنتەری کوردانی فەیلی لەبەر چەند هۆکارێك دواکەوت، بەڵام لە ئێستادا لە قۆناغەکانی کۆتاییدایە، لەم ڕۆژانەدا شاندێکی گەورەی کوردانی فەیلی لە خزمەتی سەرۆك بارزانی بوون و پێی گوتن، لە ساڵی نوێ دوای نۆژەنکردنەوەی بینایەکی تایبەت ئەم سەنتەرە لە ناو شاری هەولێر دادەمەزرێت و داتابەیس و سەنتەر و بەڵگەنامە و شوێنەوارێکی کەلەپووری کوردانی فەیلی لەخۆ دەگرێت .

*** دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بۆچی نەتوانرا لە ڕووی مەعنەوی و ماددییەوە مافی کوردانی فەیلی بگەڕێندرێتەوە؟ ئایا ئاستەنگ و بەربەست هەبوو لە بەردەم گەڕانەوەی کوردانی فەیلی و قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی قوربانییەکاندا؟**

- بەداخەوە دوای ڕووخانەکەی ڕژێمی بەعسیش، کوردانی فەیلی بەهۆی نائارامی و ناسەقامگیری عێراق بەگشتی و ناوچەکانیان بەتایبەتی نەتوانراوە لە هەندەران بگەڕێنەوە، ئەوەشی گەڕاوەتەوە نەیتوانیوە هەموو مافەکانی خۆی بگەڕێنێتەوە. هەرچەندە ئێمە لە عێراق بڕیاری دادگای تاوانەکان و بڕیاری پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانمان هەیە، کە ئەوەی ڕووی داوە دەرهەق بە کوردانی فەیلی، جینۆسایدە و دەبێت وەکو جینۆساید مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئەمە وەکو مەرەکەبی سەر کاغەز ماوەتەوە و جێبەجێ نەکراوە، بگرە لەبەر ئەوەی ڕوفاتی زۆر لە گەنجەکانمان لە زیندانەکان و تاقیگەکانی کیمیایی تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام دراوە، ڕوفاتەکانیان نەماوە، بۆیە ئەوانیش زۆریان هەر ڕوفاتەکانیان بێسەروشوێن ماونەتەوە. تەنانەت موڵك و ماڵەکانی کوردانی فەیلی کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کە بە١٠٠ هەزار خانوو، دووکان و شوێن و زەوی مەزەندە دەکرێن و بەهاکەی بە تریلیۆن دینار دەخەمڵێنرێت و تا ئێستا دەستی بەسەردا گیراوە و بۆ خاوەنە ڕەسەنەکەی نەگەڕێندراوەتەوە، یان قەرەبوو نەکراوەتەوە.

قەرەبووکردنەوەی ماڵ و موڵكێك کە لە ئێستادا لەناو جەرگەی بەغدایە، بە پارەیەکی زۆر دەخەمڵێنرێت، بۆیە ئەمە بڕیارێکی سیاسی دەوێت، چونکە بڕیاری دادگا بە یەکجار قەرەبوو ناکرێتەوە، بۆ نموونە خانوویەك نرخەکەی بە دد ملیار دینار دەخەمڵێنرێت، کەچی ساڵی ١٠ ملیۆن دیناری دەدەنێ، واتە بە٥٠ ساڵ پارەکەی دەدەنەوە.

**تا مەلا مستەفا بارزانی هەبوو، کەس نەیدەوێرا دەست بۆ کوردی فەیلی ببات و کۆمەڵکوژیان بکات**

**لەبیرمە باوکم (ئەحمەد فەیلی) پێی دەگوتین: «دەنگی تفەنگەکەی مەلا مستەفا بارزانی نەبێت، ئێمە لێرە کەرامەتمان نامێنێت..»**

**کوردی فەیلی بۆ دەربڕینی خۆشحاڵی و پشتگیریی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار بەشدارییەکی فراوانیان لەو ڕێپێوانەدا کرد، ئەم ژمارە زۆرەی کوردانی فەیلی حزبی بەعس و شۆڤێنییەکانی شۆك کرد**

**موڵك و ماڵەکانی کوردانی فەیلی کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، کە بە١٠٠ هەزار خانوو، دووکان و شوێن و زەوی مەزەندە دەکرێن و بەهاکەی بە تریلیۆن دینار دەخەمڵێنرێت**

# پاراستنی مافەکانی مرۆڤ

## پێویستی بە سیستەمێکی دیموکراسیی لیبرڕاڵی هەیە

**مافی مرۆڤ بریتییە لە بەهاگەلێک لە مۆراڵ و ڕەوشتی باڵا، کە دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە و خودی دەسەڵات وەک ئەرکی سەرشانیان بە ڕێکوپێکی جێبەجێیان بکەن**

**تاک حزبی فرە هزری و سیاسیی پێویست بۆ گەشەکردنی هزری مرۆیی و ڕێساکانی پیادەکردنی دیموکراسی ڕەت دەکاتەوە**

مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەدەر و بێ لە پەیوەندیی لەگەڵ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەنێو خۆیاندا، یان لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕانیی وڵات لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە دوولایەنەدا بوونی نابێت، چونکە لە واقیعدا مافی مرۆڤ بریتییە لە بەهاگەلێك لە مۆراڵ و ڕەوشتی باڵا، کە دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە و خودی دەسەڵات وەك ئەرکی سەرشانیان بە ڕێکوپێکی جێبەجێیان بکەن. مافی مرۆڤ پێویستی بە پارێزبەندیی یاسایی ناوخۆ و نێودەوڵەتی هەیە، چونکە ئەو مافانە گشتی و جیهانیین، تایبەت نین بە توێژێکی دیاریکراو، یان بە چینێکی کۆمەڵایەتی، تەنانەت تایبەتیش نین بە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی، یان پۆستێك، بەڵکو مافی هەموو مرۆڤێکە بە چاوپۆشی لە ڕەنگ و ئایین و بیروباوەڕی سیاسی، یان ئایدیۆلۆژی.

ئەو مافی مرۆڤەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و باسی لێوە دەکەین، مافگەلی سیاسی و مەدەنی (ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان)ـن، کە لە ڕاستیدا مافی سرووشتین و لەگەڵ مرۆڤدا سەریان هەڵداوە، بەڵام مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری لە سەردەمی هاوچەرخ و تازەدا لەدایك بوون، بۆیە ئەو مافە دیاریکراوانە لە جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ و دواتر لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا لە ئەنجامی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان چەسپێنران، ئەمەش بە گوێرەی ئایدیۆلۆژیەتەکان کە لە نێوان جەمسەر و بلۆکە سیاسییە هاودژەکان هاتە ئاراوە، بۆیە تا ئێستا هەست و بۆچوونی فیکری و لێکدانەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم مژارە لە ئارادایە، چونکە هەر لایەنێك بەپێی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیی سیاسیی خۆی لێکدانەوە بۆ ئەو مافانە دەکات، یان بڵاویان دەکاتەوە و داکۆکییان لێ دەکات.

بەڵام دیموکراسیی لیبرڕاڵی بریتییە لە تێکەڵکردنی نێوان بیرۆکەی دیموکراسی کە بە واتای دەسەڵاتی سیاسی لە دەست زۆرینە بێت، لەگەڵ بیرۆکەی لیبرڕاڵیزم کە بە واتای دانانی کۆت و سنوورە بۆ دەسەڵاتی سیاسی لەپێناو پاراستنی مافە تایبەتییەکانی تاك.

دیموکراسیی لیبرڕاڵی، پشت بە کۆمەڵێك بەها و پرەنسیپ دەبەستێت: لەوانە ددانناn بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان و پاراستنیان بەپێی دەستوور، دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردنی خولی ئازاد و گشتی و نهێنی، جیاکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری، سەربەخۆیی و بێلایەنیی دادگا (بە هیچ جۆرێك دەست وەرنەدرێتە کاروباری دادگا و ڕێزیش لە یاسا بگیرێت)، یەکسانیی تەواو لە بەردەم یاسا و ڕێزگرتن لە پرەنسیپی سەروەریی یاسا، پاراستنی کەمینەکان لە بەردەم ستەمی زۆرینە و دابینکردنی دەستەبەریی دەستووری و یاسایی بۆ پیادەکردنی مافە ڕەواکانیان، پەیڕەوکردنی پرەنسیپی لامەرکەزیی کارگێڕی لە دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵاتەکان، قبووڵکردنی دژە ڕاوبۆچوونەکان و ڕەتکردنەوەی سەپاندنی زۆرەملێی بیروبۆچوون و بەها و ئامانج، گرتنەبەری پرەنسیپی دیالۆگی عەقڵانییەت بۆ هاوسەنگیی نێوان بەرژەوەندییەکان و ڕا و ئامانجی جیاواز، ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی سەپێنراو، کە بانگەشەی بوونی ڕاستیی ڕەها و گشتی دەکات، دواجاریش ڕەتکردنەوەی ڕەهای سیستەمی تاك حزبی، بەو پێیەی سیمایەکە لە سیماکانی دیکتاتۆریەت، چونکە تاك حزبی فرە هزری و سیاسیی پێویست بۆ گەشەکردنی هزری مرۆیی و ڕێساکانی پیادەکردنی دیموکراسی ڕەت دەکاتەوە.

لە میانی هەڵسەنگاندنی سیستەمە سیاسییەکان لەم



**پ. د.کامەران ساڵحی**
شرۆڤەکاری سیاسیی سەربەخۆ
بۆ گوڵانی نووسیوە

سەردەمەدا، بە روونی بۆمان دەردەکەوێت، کە ناکرێت سیستەمی دیموکراسیی لیبراڵی لە پیادەکردنی ئەو مافە بنەڕەتییانە کە مرۆڤ پیادەیان دەکات، جیا بکەینەوە، چونکە بیرۆکەی مافی مرۆڤ تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چەق و ناوەندی ڕۆڵ دەگێڕێت لە فەلسەفەی دیموکراسیی لیبراڵیدا. ئەو دوو بیرۆکەیە ڕووبەڕووی دەسەڵاتەکانی حوکمرانی لە ئەوروپا بوونەتەوە لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدەیەم، تەنانەت بەرهەڵستیشیان دەکرد، تا ئێستا دیموکراسیی لیبراڵی ڕووبەڕووی سیستەمە ستەمکارەکان دەبێتەوە، کە هەوڵ دەدەن ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی خۆی لێ لابەرن، هەروەها بیخەنە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەژێر ناوی جیاجیادا.

پاراستنی مافی مرۆڤ، پێویستی بە سیستەمێکی دیموکراسیی لیبراڵی هەیە، چونکە تەنیا ڕیکلام، یان دەرکردن و بڵاوکردنەوەی یاسا و ڕێسا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ساختە، پیادەکردنی مافەکان لەلایەن مرۆڤەوە دەستەبەر ناکەن، بەڵکو پێویستە دادگایەکی سەربەخۆ هەبێت، شانبەشانی دەزگایەکی چاودێری و بەدواداچوون، هاوکات بوونی ئازادییەکی تەواوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ ئازادیی ڕێکخستن و ڕادەربڕین و ڕۆڵی بەرچاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەر ئەوانەیشە کە بیرۆکەی دیموکراسیی لیبراڵی جەختیان لێ دەکاتەوە.

ئەوانەی لە هەمبەر دیموکراسیی لیبراڵیدا خۆپارێزن، بە ناوی بیروباوەڕی توند (سیاسی یان ئایینی)، یان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، یان ئابووری، یان بە ناوی ئەولەوییەتی ئامانجگەلی نیشتمانی و نەتەوەیی، تەنیا ڕووبەڕووی شکست دەبنەوە، لە بنیادنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، یان وەدیهێنانی ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا، چونکە مافەکانی مرۆڤ زەوت دەکرێن، هەروەها هەموو بەها و ئامانجەکان فەرامۆش دەکرێن، ئەمە سەردەکێشێت بۆ دامەزراندنی ڕژێمی دیکتاتۆری، کە پێی وایە هاووڵاتی تەنیا پاشکۆیەتی، پێویستە تەنیا ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، بێ ئەوەی هیچ مافێك پیادە بکات، لەلایەکی دیکەوە ئەو ڕژێمە جیاوازیی بیروبۆچوون، بە سەرچاوەیەکی مەترسیدار دەزانێت و، هەوڵ دەدات نەیهێڵێت، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی هاووڵاتی نامێنێت و هەموو ئامانج و بیروباوەڕێکی ڕژێمی حوکمرانی بەسەردا دەسەپێنرێت.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە وەدیهێنانی دەستەبەری بۆ ئەوەی مرۆڤ مافە بنەڕەتییەکانی پیادە بکات، هەروەها گەشەپێدانێکی ئابووری و مرۆیی سەرتاپاگیر بێتە ئاراوە، هاوکات ئامانجە نیشتمانی و نەتەوەیی نایەتە کایەوە، بە نەبوونی دیموکراسی بە چەمکی لیبراڵیزم، لەم ڕووەوە من پشتگیری لەو ڕاوبۆچوونە دەکەم کە بنیادنانی دیموکراسی پلە بە پلەیە، بەڵام جێبەجێکردنی پێویستی بە هەنگاوگەلی چەسپاو و دامەزراو هەیە، بێ هیچ پاشگەزبوونەوەیەك و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگە.

لە کۆتاییدا پێویستە تاکی ڕۆشنبیری هۆشیار بە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی، بەشداری بکات لە بڵاوکردنەوەی کەلتوورێکی سیاسیی هۆشمەند بۆ چەسپاندنی ڕەگەکانی دیموکراسی لە هزری و ویژدانی حزبەکان و ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا، هەروەها بڵاوکردنەوەی هۆشیاری بەو پێیەی کە دیموکراسی بریتییە لە سیستەمی حوکمرانی و ڕێبازی ژیان، واتە دیموکراسی تەنیا ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و جیاکردنەوەی شێوەی نێوان دەسەڵاتەکان نییە، بەڵکو سیستەمی دیموکراسیی لیبراڵی، بریتییە لە سیستەمێك کە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکات.

**بنیادنانی دیموکراسی پلە بە پلەیە، بەڵام جێبەجێکردنی پێویستی بە هەنگاوگەلی چەسپاو و دامەزراو هەیە، بێ هیچ پاشگەزبوونەوەیەک و بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگە**

**پێویستە تاکی ڕۆشنبیری هۆشیار بە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی، بەشداری بکات لە بڵاوکردنەوەی کەلتوورێکی سیاسیی هۆشمەند بۆ چەسپاندنی ڕەگەکانی دیموکراسی لە هزری و ویژدانی حزبەکان**



د. محیّدین حەسەن
مامۆستای یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# قەڵاچۆکردنی مادده هۆشبەرەکان پێویستی بە کردار و هەڵمەتێکی نیشتمانی هەیە

## هەرێمی کوردستان لە ڕێرەوێکی گواستنەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە بووە بە ناوچەیەکی بەکارهێنەری ئەم ژەهرە کوشندەیە

## مادده هۆشبەرەکان ئەنفالێکی دیکەی سپییە و زیان بە گەنج و دوارۆژی ئەم نەتەوەیە دەگەیەنێت

## دانانی بەردی بناغەی سەنتەری هۆشیاری و شیاندنەوەی ئاڵوودەبووانی مادده هۆشبەرەکان گرنگیی لە ڕادەبەدەری هەیە

**مادده هۆشبەرەکان، بووەتە ئالنگارییەکی مەترسیدار و هەڕەشە لە خێزان و کۆمەڵگە و نەتەوەکەمان دەکات. بە ڕاددەیەك بازرگانی و قاچاخچییەکانی مادده هۆشبەرەکان ڕووی لەزیادبوون کردووە، هەرێمی کوردستانیان لە ناوچەیەکی ترانزێتەوە، کردووە بە ناوچەیەکی ساخکردنەوە و بەکارهێنانی ئەم مادده ژەهراوییە. دکتۆر محێدین حەسەن مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پێشووی پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی تایبەتیی گۆڤاری گوڵان، لومجۆرە ڕا و سەرنج و بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە مەترسییەکانی مادده هۆشبەرەکان و چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی باند و قاچاخچییەکانی ئەم مادده مەترسیدارە خستەڕوو.**

*** سەرەتای پرسیارەکانمان بە پرسی بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان دەست پێدەکەین. ئایا تا چ ڕاددەیەك بابەتی بازرگانیکردن و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان لە هەڵکشاندایە؟**

- بەکارهێنان و قاچاخچێتیکردن و بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لەهەڵکشان کردووە، هەر ئەمەش وای لە جەنابی سەرۆك بارزانی کرد، هۆشداریی مەترسییەکانی ئەم مادده ژەهراوییە بە گوێی هەمووواندا بدات و، داوای کرد کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەڵاچۆکردنی ئەم مادده ژەهراوییە لە ڕیزی پێشەوەی ئەرکەکانی دابنێت. ئەوەتا هەرێمی کوردستان کە پێشتر ڕێرەوێکی گواستنەوەی ئەم مادده ژەهراوییە بوو، لە ئێستادا بووەتە ناوچەیەکی بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان، لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا (٣٠) کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکانی چاکسازیی کوردستاندا بوون، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەم ژمارەیە بۆ (٢،٩٠٨)کەس بەرز بووەوە، بۆ ئەمساڵیش ژمارەی گیراوەکان دوو هێندەی ئەم ژمارەیەی بووە، ژمارەی بەکارهێنەرانیش بۆ سەرووی (٧٥،٠٠٠) کەس دەخەمڵێندرێت. گرفتەکە لەوەدایە، تا دێت ژمارەی ئەو

**دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستەی دەستپاکی، لێپرسینەوە لە ماڵ و موڵکی زۆر بەرپرسان بکرێت، کە گومانم هەیە لەوەی لە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر تێوەگلاون**

**بەکارهێنان و قاچاخچێتیکردن و بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕووی لەهەڵکشان کردووە، هەر ئەمەش وای لە جەنابی سەرۆک بارزانی کرد، هۆشداریی مەترسییەکانی ئەم مادده ژەهراوییە بە گوێی هەمووواندا بدات**

**لە ساڵی ٢٠٠٦ تەنیا (٣٠) کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر لە زیندانەکانی چاکسازیی کوردستاندا بوون، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٢ ئەم ژمارەیە بۆ (٢،٩٠٨)کەس بەرز بووەوە، بۆ ئەمساڵیش ژمارەی گیراوەکان دوو هێندەی ئەم ژمارەیەی بووە، ژمارەی بەکارهێنەرانیش بۆ سەرووی (٧٥،٠٠٠) کەس دەخەملێندرێت**

**بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکان لە دوای بازرگانیکردنی چەک، بە دووەمین بواری بەدەستهێنانی گەورەترین قازانجی بازرگانی نایاسایی لە جیهاندا دادەنرێت**

گیراوانەی لەسەر بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر دەستگیر دەکرێن، ڕووی لە زیادبوون کردووە، بە ڕاددەیەك بۆ سەرووی ٥٠٠ بازرگان زیادی کردووە، ئەم ژمارانە مەترسیی ئەم ئافاتە گەورەیە نیشان دەدات، کە شوێنەوارەکانی بۆ سەر گەنج و خێزان و کۆمەڵگە و هەموو دابونەریت و کەلتوورێکی جوانی کۆمەڵگەی کوردەواری و تەنانەت پێگەی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی زۆر مەترسیدارە.

*** باسی زیادبوونی قاچاخچێتیکردن بە مادده هۆشبەرەکانت کرد. ئایا ئایا گرووپ و باندە چەکدارەکان و کەسانی دەستڕۆیشتوو، ڕۆڵی گەورەیان لەم بازرگانیکردنە نایاساییە هەیە؟**

- ئەگەر سەرنجی بازرگانەکان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئاسایش و دەزگاکانی ناوخۆ بدەین، کاتێك ئەو کەسانە دەستگیر دەکرێن، دەبینین، تێکەڵ بە دیاردەی چەکداری بوون و چەك و تەنانەت تەقەمەنییان هەیە و کەسانی دەستڕۆیشتووش لە پشتیانە. هەر خۆی لەخۆیدا بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکان لە دنیای دەرەوەش بووەتە مافیا و باند و گرووپی مەترسیداریان لەپشتە، چونکە بازرگانیکردنی مادده هۆشبەرەکان لە دوای بازرگانیکردنی چەك، بە دووەمین بواری بەدەستهێنانی گەورەترین قازانجی بازرگانی نایاسایی لە جیهاندا دادەنرێت. ئەوەتا ڕووداوەکانی سووریا و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت، ئەو بازرگانانە کارەکانیان فراوان بکەن و کارگە و کارخانەکانیان کە لە ماڵێکی بچووکیشدا ئەنجام دەدرێت، ڕووی بکەنە هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە بوونی کارگەیەکی دروستکردنی ماددەی هۆشبەرە لە دەربەندیخان و ئاشکراکردنی لەلایەن عێراقەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە کوردستان ناوەندێکی گواستنەوە و دروستکردن و تەنانەت ساخکردنەوەی ماددەی هۆشبەرەکانیشە، هەروەها بوونی دەروازەیەکی زۆری فەرمی و نافەرمی و لە ناوچەی شاخاوی و لەگەڵ هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیار و سەردانیکەر لە ئێران و سووریا و خوارووی عێراقەوە کە لە هەموو ئەو شوێنانە بازرگانیکردن و بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر ڕووی لە زیادبوونە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی شەڕ و بێکاریی تێدایە، ئەم بەکارهێنانە زۆر زیاد دەبێت. بۆ نموونە لە عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ تەنیا دوو کەیسی ماددەی هۆشبەر نەبووە، کەچی هەر لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم ژمارەیە بۆ ٦،٠٧٤ و لە ٢٠٢٢ بۆ ٧،٥١٤ کەس بەرز بوونەتەوە، کە بەداخەوە ٦٠٪ی بازرگانی مادده هۆشبەر بوون.

*** یەکێك لە مەترسییە گەورەکان بڵاوبوونەوەی ماددەی هۆشبەرە لەناو گەنجەکان، ئایا چۆن ڕێگا بگیرێت کە لەناو گەنجەکانماندا بەکارهێنانی ئەم مادده ژەهراوییە بنبڕ بکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت بزانین هۆکاری تەشەنەکردن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لەناو گەنجەکانماندا چییە، بۆچی زیاتر لەناو گەنجدا بڵاو دەبێتەوە؟ کاتێك گەنج بێ هیوا و بێ ئومێد دەکرێت و بێکاری و هەژاری پەرە دەسەنێت و چارەسەر ناکرێت و لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەی نادادپەروەری تێدایە، چەتەکان و مافیاکانی ئەم بوارە و تەنانەت زۆر جار لەلایەن وڵاتانی دەوروبەریشمانەوە سەرەتا مادده هۆشبەرەکان بە خۆڕایی و بگرە بە نرخێکی زۆر کەم بە گەنجەکانمان دەدرێت، لە کافتریا و یانە و شوێنە گشتییەکاندا، ئەوەی تاوانەکەی مەترسیدار کردووە، بوونی ئافرەتانە لەناو بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر کە لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆری گەنجەکانمان فریو دەدەن بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر، بۆیە دەبێت هەلی یەکسانی کار و گرنگی بە پەروەردەی خێزان و هاوکاریی گەنجەکان بۆ هاوسەرگیری و پێدانی یەکەی نیشتەجێبوون بە قیست و قەرزی درێژخایەن، دابین و زیاد بکرێن، ئەمەش هاوکات بێت لەگەڵ پەروەردەی جوانی خێزان و هاوکاریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی ئەم شێوازە پەروەردەیە و دواتر هۆشداری لە ناوەندەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان و تەنانەت دواناوەندییەکانیش بڵاو بکرێتەوە. من پێم وایە هاندەری سەرەکی بۆ دوورخستنەوەی گەنجەکان لە ماددەکانی هۆشبەر، جگە لە پەروەردە و هۆشیاری، توندکردنی یاسایە، نەك بۆ بەکارهێنەران کە زۆربەی جار قوربانین، بەڵکو بۆ ئەوانەی بازرگانی بەم ژەهرەوە دەکەن.

*** مەبەستت لە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەرە کە لە عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ڕەخنەیەکی زۆر لەو یاسایانە دەگیرێت، کە کۆنن و لەگەڵ ئەم**

**سەردەمە و گۆڕانکارییە نوێیەکان ناگونجێت؟**

- ئێمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و یاساکانمان هەیە. لە عێراق یاسای ساڵی ٢٠١٧ هەیە و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢٠ هەیە، ڕەنگە بە تۆزێك دەستکاریی و هەموارکردنەوە لەناو پەرلەمان یاساکە باشتر دەربکەوێت، بەڵام عیبرەت لە جێبەجێکردنێتی، ڕەنگە تەنیا هۆشیاری و پەروەردە نەتوانێت بە تەنیا ڕێگا بە تەشەنەکردنی ئەم مادده هۆشبەرانە بگرێت، بەتایبەتی بەوەی پەیوەندی بە بازرگانیکردنیەوە هەیە، کە وەکو ئاماژەمان پێدا، قازانجێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە و کەسانی نەفس نزم و مافیاکان گوێ بە هەندێك پرەنسیپی نەتەوەیی و ئەخلاقی نادەن. ئەم ڕێکارە توندانە گرنگن، چونکە تەشەنەکردنی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان کاریگەریی لەسەر لاوازیی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە. لەم قۆناغەش گەلەکەمان کە لە هەموو لایەکەوە بە دوژمن دەورە دراوە، کرانەوەی کۆمەڵگە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان کە تێیدا بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان لەناو ئەو کۆمەڵگەیانە زۆرە و لە ڕێگەی گەشت و سەردان و تەنانەت نیشتەجێبوونیشەوە تێکەڵ بەم کۆمەڵگەیە بوون و، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئێمەش هەیە. بۆیە من پێم وایە هاوشانی هۆشیاریی و کاری پەروەردەیی و دایك و باوکان، ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەر شانی دەزگاکانی ئاسایش و پاسەوانی سەر سنوور و هێزەکانی دیکەی ناوخۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانیکردنی ئەم مادده ژەهراوییە و دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستەی دەستپاکی، لێپرسینەوە لە ماڵ و موڵکی زۆر بەرپرسان بکرێت، کە گومانم هەیە لەوەی لە بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر تێوەگلاون.

*** باسی جیاکردنەوەی قوربانییەکانی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەرت کرد لەگەڵ قاچاخچی و بازرگانیکردن بەم ماددەیە، ئایا دانانی بەردی بناغەی سەنتەری چاکسازیی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان تاچەند گرنگ بوو؟**

- هیچ هەنگاوێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دڕەنگ نییە، دانانی بەردی بناغەی سەنتەرێکی لەم شێوەیەش ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئەخلاقی و مرۆییە، چونکە زۆربەی گەنجەکانمان لە بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان قوربانین، نەوەکو تاوانبار و لە زیندانەکاندا لەگەڵ بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان زیندانی بکرێن و دواتر بێنە دەرەوە و لە بەکارهێنەرانەوە ببنە بازرگانی ئەم ژەهرە، ئەوەش جێگای دڵخۆشییە کە بڕیار دراوە، تا ئەو سەنتەرە تەواو دەبێت، لە بنکەیەك، یان نەخۆشخانەیەك چارەسەرکردنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان دابمەزرێت، بە لانی کەمەوە لە سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك سەنتەری چارەسەرکردنی مادده هۆشبەرەکان هەبووایە، بەڵام نەبوونی توانای دارایی و بگرە نەبوونی کەسانی پسپۆڕو شارەزا ڕێگر بووە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە، بەداخەوە داخستنی پەرلەمان بە هۆی بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئەم بابەتە هەستیارە هەبووە، چونکە بەشێك لەکاری پەرلەمان بەدواداچوونی ئەو یاسایانەیە کە لەپەرلەمان دەردەچێت.

ڕانەگرتنی ئەو کەس و گرووپ و چەتە و تاقمە تاوانکارانەی بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە دەکەن، کارێکی دەستەجەمعی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریشە، بۆیە دەبێت داواکارییەکەی بەڕێز مەسعود بارزانی بەهەند وەربگیرێت و ڕووبەڕووبوونەوەی قاچاخچییان و قەلاچۆکردنی بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان بکرێتە پرسێکی نەتەوەیی، کە مەترسییەکانی ئەنفالێکی دیکەی سپییە و زیان بە گەنج و دوارۆژی ئەم نەتەوەیە دەگەیەنێت، کە زۆر لە دەزگا موخابەراتییەکانی وڵاتانی دەوروبەریش دەستیان لەم تاوانکارییەدا هەیە و جۆرێکە لە تیرۆر و خوازیارن گەنجی کورد پەلکێشی بەکارهێنانی ئەم مادده هۆشبەرانە بکەن و کۆمەڵگە و خێزان و گەنجی کوردیش بڕووخێنن و ئاسایشی تاك و کۆمەڵگە و نەتەوەشمان لەناو ببەن. هیواداریین لە پەرلەمان هەموارکردنەوەی یاسای مادده هۆشبەرەکان بکرێتە ڕیزبەندی ئەرکەکانی و حکومەتیش سەنتەرەکە بە خێرایی تەواو بکات و بکرێتە سەنتەرێك بۆ چارەسەرکردنی بەکارهێنەران.

**بوونی کارگەیەکی دروستکردنی ماددەی هۆشبەرە لە دەربەندیخان و ئاشکراکردنی لەلایەن عێراقەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە کوردستان ناوەندێکی گواستنەوە و دروستکردن و تەنانەت ساخکردنەوەی ماددەی هۆشبەرەکانیشە**

**لە عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ تەنیا دوو کەیسی ماددەی هۆشبەر نەبووە، کەچی هەر لە عێراق لە ساڵی ٢٠١٩ ئەم ژمارەیە بۆ ٦،٠٧٤ و لە ٢٠٢٢ بۆ ٧،٥١٤ کەس بەرز بوونەتەوە، کە بەداخەوە ٦٠٪ی بازرگانی مادده هۆشبەر بوون**

**هاندەری سەرەکی بۆ دوورخستنەوەی گەنجەکان لە ماددەکانی هۆشبەر، جگە لە پەروەردە و هۆشیاری، توندکردنی یاسایە، نەک بۆ بەکارهێنەران کە زۆربەی جار قوربانین، بەڵکو بۆ ئەوانەی بازرگانی بەم ژەهرەوە دەکەن**



کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی (٢٠)ی کانوونی یەکەم (دیسەمبەر)ی هەموو ساڵێکی وەك ڕۆژی نێودەوڵەتیی هاوکاری ناساندووە.


ئەو ڕۆژە بۆنەیەکە بۆ نواندن و ناساندنی یەکبوونی مرۆڤایەتی، وێڕای گشت فرەیی و جیاوازییەکان.

ڕۆژێکە بۆ بیرخستنەوەی حکومەتەکان بۆ پابەندبوون و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە ئاشتی و هاوکاریی و مافەکانی مرۆڤ. ڕۆژێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی گشتی لەبارەی گرنگیی هاوکارییەوە. هەروەها ڕۆژێکە بۆ هاندانی زیاتری کۆمەڵگە بۆ هاوکاریکردنی یەکدی.

لەم ڕووانگەیەوە و بە مەبەستی گرێدانی ئەم بۆنەیە بە پاککردنەوەی ژینگەوە، جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەین، کە نەتەوە یەکگرتووەکان لەخولی (٧٨)دا و بە بڕیاری ژمارە (١٢٢/٧٨) لە (٨)ی دیسەمبەری ساڵی (٢٠٢٣)، بە کۆی دەنگ بڕیاری دا، بە ناساندنی ڕۆژی (٢٠)ی ئەیلوولی هەموو ساڵێك، وەك «ڕۆژی جیهانیی پاککردنەوەی ژینگە».

بڕیارەکە داوا لە تەواوی دەوڵەتانی ئەندام و دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی وەك کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت و ناوەندە ئەکادیمییەکان دەکات، بۆ پاککردنەوەی ژینگە بە شێوەیەکی شایان لە ڕێگەی ڕێکخستنی ئەو چالاکییانەی کە هۆکارن بۆ هۆشیاری و بەدیهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام و کارکردن بە هەموو ئاسانکارییەك بۆ پاککردنەوەی ژینگە و خستنەڕووی دەستکەوتەکانی چەند ساڵەی زۆرێك لە حکومەتەکان و کۆمەڵگە نیشتمانییەکان، هەرێمایەتی و ناوخۆییەکان لە بارەی هەوڵەکانیان لە بواری پاککردنەوەی ژینگە و هەروەها لە بواری کارکردن بۆ زیاتر هەوڵدان و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ و دابەشکردنی ئەرکەکان بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگەیەکی خاوێن و تەندروست و باشتر مامەڵەکردن لەگەڵ دەرامەت و سەرچاوە بەردەوامەکان و باشتر بەڕێوەبردن و چارەسەرکردنی پاشماوە و خاشاك، چونکە پەیوەندییەکی توند هەیە لە نێوان خراپ مامەڵەکردن و خراپ بەڕێوەبردنی پاشماوەکان لەگەڵ سێ قەیرانە گەورەکەی هەسارەکەمان، ئەو سێ قەیرانە گەورەیەش بریتین لە: «پیسکردن و لەناوبردنی فرەجۆری زیندەوەرەکان

# پاککردنەوەی ژینگە لە ڕۆژی نێودەوڵەتیی هاوکارییدا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵانی نووسیوە

و گۆڕانی کەشوهەوا»، کە ئەم سێ قەیرانە گەورەیەش ڕۆڵیان هەیە لە خێراکردنی پرۆسەی کەڵەکەبوونی زیاتری پاشماوەکان و پیسکردن و هەڕەشەی گەورەشە لەسەر کۆی هاوسەنگیی و تەندروستیی سیستەمە ژینگەییەکە.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بدەین بە پێویستیی هێشتنەوەی شار و کۆمەڵگە نێوخۆییەکان وەك شوێنێکی خاوێن و تەندروست و ئارام و خۆڕاگر و بەردەوام، چونکە شارەکان ئایندەی جیهانن، وەك شوێن بۆ ژیان کاتێك نزیکەی ٥٠٪ی دانیشتووانی جیهان لە نێو شارەکاندان، پێشبینییش دەکرێت، ئەو ڕێژەیە لە شارنشین بگاتە ٧٠٪ لە ساڵی ٢٠٥٠دا، بۆیە هێشتا شارەکان لە فراوانبووندان و هەوای شارەکانیش ڕووەو پیسبوونی زیاترن و ڕووبەری کراوە و سەوزاییش ڕوو لەکەمبوونن. لە کاتێکدا بۆ ئەوەی گەشەپێدانی بەردەوام بێتە دی، پێویستە شێوازی بیناسازیی و بەڕێوەبردنی ڕووبەرەکان گۆڕانکاری ڕیشەییان تێدا بکرێت، چونکە لە کاتێکدا شارەکان نزیکەی ٣٪ی ڕووبەری گۆی زەوی پێکدەهێنن، کەچی نزیکەی ٨٠٪ی وزەی جیهان بەکاردەهێنن و، ٧٥٪ی دەرهاویشتەکانی کاربۆنیش هەر شارەکان لێی بەرپرسن.

ئەگەر هەنگاوی زانستییانەی نوێ نەنرێت لە بواری دیزاینی شارەکاندا، ئەوا کێشەی زۆریی شارنشین زۆر کێشەی دیکەی لێدەبێتەوە، وەك پێکدادان و نائارامیی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و کەمبوونەوەی توانای بەرهەمهێنان و دەرهاویشتەکانی کارەساتە سرووشتی و دەستکردەکان و گرفتی هاتوچۆ و تێکچوونی هاوسەنگیی ئاسایشی جیهانیی خۆراك، بە هۆی فەرامۆشکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان و پەنابردنی وڵاتانی هەژار بۆ قەرزکردن و بەمەش بایەخدان بە ژینگە و گەشەپێدان دەکەوێتە دواوە.

پیسبوونی هەوا و دابەزینی کواڵێتیی هەوا بە هۆی دووکەڵی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە و ژمارەی زۆری دانیشتووانەوە، بەتایبەت بە هۆی چۆڵکردنی گوندەکان و کۆچکردن بۆ نێو شارەکان و چڕبوونەوەی ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەسەر ڕووبەرێکی کەم و، پیسبوونی ئاویش بە هۆی چالاکییەکانی مرۆڤ و زۆربوونی بڕی ئاوی ئاوەڕۆکان بە هۆی ماڵان و پڕۆژە جیاوازەکانەوە و ڕۆکردنی ئاوی ئاوەڕۆ، بە بێ هەبوونی یەکەی چارەسەر و بە بێ ڕیسایکلینی ئاوەڕۆکانەوە، بە هۆی دانیشتووان و زۆربوونی ژمارەیان و پاشماوەکانیانەوە، ئاو و سەرچاوەکانی ئاو پیس دەبن.

شاد ڕزگار:

# تەنیا بە یاسا ناتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە

شاد ڕزگار پارێزەر و بەرپرسی پەیمانگای «ئامێزی خێزان» لە یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە یاساکانی پەیوەست بە مافی ئافرەت دەکات و تیشکدەخاتە سەر چەند پرسێکی هەنووکەیی و جەختیش لەوە دەکاتەوە کەوا یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی بە یەکێك لە هەرە باشترین یاساکانی هەرێمی کوردستان دادەندرێت.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



*** بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ بێبەشکردنی بکوژانی ئافرەت لە هەر لێبووردنێکی گشتی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئایا ئەو بڕیارە تاچەند دەبێتە ڕێگر لەبەردەم دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکانی کوشتن؟**

- وەك دەزانن، بەبڕیاری سەرۆك وەزیران ڕێزدار (مەسرور بارزانی)، نابێت تاوانبارانی کوشتنی ئافرەتان بڕیاری لێبووردنی گشتی بیانگرێتەوە، بێگومان ئەمە بڕیار و هەنگاوێکی زۆر گرنگە و کاریگەریی گەورەی لە کەمکردنەوەی ڕێژەی کوشتن و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە هەموو جۆرەکانییەوە دەبێت، ئەم بڕیارە وادەکات ئیتر کەیسەکانی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا ڕژدتر لە ڕابردوو کاری لەسەر بکرێت و دەرفەتی سوڵحی عەشایەریش کەم دەکاتەوە تا ئاستی نەهێشتن، واتە چیتر کەیسەکانی توندوتیژی و کوشتن دیزە بەدەرخۆنە ناکرێن.

هەڵبەتە ئەم بڕیارەی سەرۆك وەزیران، بەمەبەستی جێبەجێکردن، گشتاندنی لە هەموو یەکەکانی لایەنی جێبەجێکار بۆ کراوە و بەهیچ ئیعتیبار و پاساوێکیش نابێت کەمتەرخەمی لە دەستگیرکردنی تاوانباراندا بکرێت، بەڵکو دەبێت ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

ئێمە هەم وەکو چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتان و هەم وەکو سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستانیش، ئەمە بە هەوڵ و بڕیارێکی زۆرباش دەزانین و بە هەموو توانایەکیشمانەوە لە جێبەجێکردنی هاوکار دەبین، هاوکات ئومێدی زۆریشمان لەسەر ئەم بڕیارە هەڵچنیوە.

*** دەگوترێ یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی کاریگەری پێشتری نەماوە و بڕگە و ماددەکان لەسەر کەسی تاوانبار وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێن، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

- سەبارەت بە خۆکوشتن، دیارە لە یاسادا خۆکوشتن بە تاوان دانەنراوە چونکە کەسێك نامێنێتەوە هەتا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەیت، بەڵام کاتێك کەسێك دوا چارەسەرەکانی خۆی لە خۆکوشتن دەبینێتەوە بەدڵنیاییەوە دەبێت پاڵنەرێك لە پشت ئەم کارەوە هەبێت، ئەمەش لە یاسای سزادانی عێراقی جیاکراوەتەوە ماددەی ٤٠٨ بڕگەی ١و٢ (هاندان و یارمەتیدان) ئاسانکاری بۆ خۆکوشتن تاوانە و ئەو کەسەی کە ئاسانکاری دەکات بۆ کوشتنەکە و کوشتنەکە بە هۆکارێکی دەرەکی ڕووی نەدا ئەوا هاندەرەکە هەر سزا دەدرێت بە سزایەك کە نیوەی سزا بنەڕەتییەکە بێت، ماددەی ٤٠٨لە بڕگەی ٢ حاڵەتی (زەرفی مشەددەدی( داناوە بۆ هاندان و ئاسانکاری، هەروەها هاندانی منداڵ و هەرزەکار بۆ خۆکوشتن یان هەوڵدان بۆ خۆکوشتن . تەشریعاتی کوردستان لە یاسای ژمارە ٤٢ی ساڵی ٢٠٠٤ هەستاوە بە هەموار کردنی ماددەی ٤٠٨ ی یاسای سزادانی عێراقی جگە لەو حاڵەتانە شتێکی دیکەشی بۆ ماددەکە زیاد کردووە کە ئەویش (تسبب فی الانتحار) واتە هەر کەسێك هۆکار بێت بۆ خۆکوشتن ئەوا تاوانبارە، کە لە یاسای توندوتیژی خێزانی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١١ لە ماددەی دووەم بڕگەی یەکەم خاڵی دەیەمدا هاتووە کە خۆکوشتن بە کاریگەری توندوتیژی خێزانی بە تاوان داناوە و سزای بۆ داناوە، چونکە زۆربەی حاڵەتەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی توندوتیژی خێزانییەوە ڕوودەدەن بەتایبەتی خۆکوشتن و خۆسوتاندن.

*** ئایا ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ئافرەت تەنیا بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی دەکرێت؟**

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی بە یەکێك لە هەرە باشترین یاساکانی هەرێمی کوردستان دادەندرێت، ماددە و بڕگەی زۆر باشی تێدایە کە ڕۆڵی کاریگەریان لە کەمبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی هەبووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا یاساکان چەند باش بن بێ کەم و کورتی نابن، پێویستە لەگەڵ گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا هەمواری هەندێك لە بڕگە و دەقەکان بکرێتەوە. چونکە بە تەنیا بە یاسا ناتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە، بەڵکو ئەرکی حکومەت و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یەکەکانی چاودێری خێزانی، لایەنی پەیوەندیدار بە پرسی ئافرەتان و خێزان، ئەرکی هەموو لایەکمانە گرنگی زیاتر بە خێزان و پەروەردەی تاك لەناو خێزانەکان بدەین، ئەویش لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کارەوە بێت، یان سانسۆرکردنی میدیا و سۆشیال میدیا، بێت، یاخود لە ڕێگەی کردنەوەی خولی هۆشیاری پەروەردەیی منداڵ وخیزان، خولی بەهێزکردن و ڕێکخستنی سیمینار بۆ هۆشیاری پەروەردەیی تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەردوو ڕەگەوە.

**بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەت وادەکات ئیتر کەیسەکانی توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا ڕژدتر لە ڕابردوو کاری لەسەر بکرێت**

**زۆربەی حاڵەتەکانی هەرێمی کوردستان بە هۆی توندوتیژی خێزانییەوە ڕوودەدەن بەتایبەتی خۆکوشتن و خۆسوتاندن**

**تەنیا بە یاسا ناتوانین ڕووبەڕووی توندوتیژی ببینەوە، بەڵکو ئەرکی حکومەت و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیشە**

## شێنێ سوعاد:

# ئامانجم لە کارەکەم ئەوەیە زانیاری پێویست و ئەزموونی دایکایەتیم بخەمەڕوو



شێنێ سوعاد خانمە گەنجێکی بە سەلیقەی دانیشتووی شاری سلێمانییە، لە ڕێگەی پەیجەکەیەوە بەشێوەی ئۆنلاین شێوازی ژیانکردنی خۆی لەگەڵ بینەرەکانی دابەشدەکات و زانیارییەکانی لەبارەی ئەزموونی دایکایەتی و هونەری چێشتلێنان بڵاودەکاتەوە، شێنێ سوعاد ساڵی ١٩٩٨ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە و بەشی ئای تی پەیمانگەی تەواو کردووە، خێزاندارە و دایکی کچێکە بە ناوی سۆفیا، شێنێ لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان چیرۆکی سەرکەوتنی خۆی و ئەزموونی ژیانی بۆ خوێنەران باس دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«سەرەتای دەستپێکردنی ئەم کارەم و شێوازی کارەکەم بیرۆکەیەك بوو کە سەرەتا بۆ ئەوە بوو کەمێك خۆمی پێوە سەرقاڵ بکەم لەبەرئەوەی دوای ئەوەی دایکم کۆچی دوایی کرد زۆر تەنیا بووم و پێویستیم بەوە بوو لەو ناخۆشی و گۆشەگیرییە بێمەدەرەوە، ئەو پەیجەم دانا تاوەکو بەو زانیارییانەی کە لامە ببمە دەرمان و چارەسەر بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیە، سوپاس بۆ خوا هەمان ساڵ کە دایکمم لە دەستدا خوای گەورە کچێکی جوانی پێ بەخشیم بوو بە هاورێ و هاودەمی ڕۆژە سەختەکانم».

شێنێ سوعاد سەبارەت بە ئامانجی هاتنی بۆ ناو سۆشیال میدیا و دنیای ئۆنلاین دەڵێت «ئامانجم لە کارەکەم بریتییە لەوەی کە زانیاری پێویست و ئەزموونی دایکایەتیم بخەمەڕوو بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بە باشی نازانن خواردن و شیرینی دروست بکەن، یان بۆ ئەو کەسانەی تازە هاوسەرگیری دەکەن، تەنانەت زۆرجار کە خواردنێکی تازە پەیدا دەبێت، من لێرە دووبارەی دەکەمەوە بە ڤیدیۆ و بە دەنگ بڵاوی دەکەمەوە، هەموو زانیارییەکان پۆست دەکەم بۆ ئەوەی بینەر سوودم لێ وەربگرێت و لێمەوە فێرببێت».

لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی ژیانکردنی ڕۆژانەی خۆم دادەنێم، هەر لە چۆنیەتی ڕێکخستنی ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ، چۆنییەتی دروستکردنی ئەو شۆربایانەی کە لە دوای تەمەنی ٦ مانگییەوە بە منداڵ دەدرێن، هەموو ئەو زانیارییانە لە پەیجەکەی مندا بەردەستە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئایا چۆن هاوسەنگی لەنێوان کارەکەت و دایکایەتی و بەڕێوەبردنی ماڵ ڕادەگریت؟ ئەو گوتی «هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەم کە بەردەوام بم، چونکە دڵنیام لەوە بینەرەکانم منیان خۆش دەوێت، ئەگەر یەك ڕۆژ دیار نەبم هەواڵم دەپرسن، بە خۆشحاڵییەوە پەیجەکە بووە بە ماڵی دووەمم.

**شێوازی ژیانکردنی ڕۆژانەی خۆم دادەنێم، هەر لە چۆنیەتی ڕێکخستنی ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ**

ئەو خاتوونە لە کۆتایی قسەکانیدا بەمجۆرە هانی خانمان دەدات بۆ کارکردن و دەڵێت: «لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەرچییەك ڕوویدات ژیان هەر بەردەوامە، ئێمە بەو بەردەوامییەوە جوانین، تکایە خانمان هەموو ڕووداوەکان وەلا بنێن و ئەو بەهرەیە بدۆزنەوە کە لە خۆتاندا بەدی دەکەن، نەترسن و باقسەی خەڵك لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانتان ساردتان نەکەنەوە، بۆ دەستکەوتنی پاروویەك نانی حەڵاڵ دەست لە کەس پان مەکەنەوە و لەسەر مافی ڕەوای خۆتان وەرنەدەنگ».

**لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەرچییەک ڕوویدات ژیان هەر بەردەوامە، ئێمە بەو بەردەوامیەوە جوانین**

# کەرکووکییەکان
# باس لە مەترسییەکانی سیاسەتی تەعریب لە ئاییندەدا دەکەن



بە درێژایی مێژوو پرسی کەرکووک یەکێك بووە لە پرسە هەرە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و بەتایبەت گەلی کورد. بەپێی ڕووداوەکانی ئەم دواییەی کەرکووک دەرکەوتووە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، هەمیشە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ڕیشەیی پرسی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەدات، ئەم ڕاستییەش لە هەڵوێست و پێداگرییەکانی پارتی و سازشنەکردنی لە مافە دەستوورییەکانی کوردستان و کوردستانیبوونی کەرکووك بەرجەستەیە. لە ئێستاشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ سیاسەتی تەعریب لە ناوچە کوردستانییەکان لە زیاد بووندایە. لەم ڕوانگەیەوە هاووڵاتییانی کەرکووك لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان، مەترسییەکانی سەر هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق دەخەنەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



ئاراز لەتیف کاکەیی قوتابی زانکۆیە و لە دەستپێکی ڕاپۆرتەکەدا دەڵێت «شاری کەرکووك، کە بە یەکێك لە گرنگترین و ستراتیژیترین شارەکانی عێراق دادەنرێت، بە درێژایی مێژوو لەبەر دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکان و پێگە جیۆپۆلەتیکییەکەی، بەردەوام لەژێر هەڕەشەی گۆڕینی دیمۆگرافیا و شوناسی نەتەوەییدا بووە. سیاسەتی تەعریب، کە وەك پرۆسەیەکی سیستماتیك لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە دەستی پێکردووە، کاریگەری قووڵی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی شارەکە هەبووە و تا ئێستاش بەردەوامە».

لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «کەرکووك لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی فرەڕەهەند بووە، لەڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە چەندین پێکهاتەی تێدا ژیاوە و بە درێژایی مێژوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون. سیاسەتی تەعریب لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا جێبەجێ کراوە، لە ساڵی ١٩٦٣ دەستی پێکردووە و لە سەردەمی بەعسدا گەیشتە لوتکە و تا ئێستاش بە شێوازی جیاواز بەردەوامە. ئەم سیاسەتە کاریگەری نەرێنی قووڵی لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵگەی کەرکووك دروست کردووە.

لە ڕووی کولتوورییەوە، سیاسەتی تەعریب هەوڵی سڕینەوە و لاوازکردنی کولتووری کوردی داوە. ئەمەش لە ڕێگەی گۆڕینی ناوی شوێنە مێژووییەکان، قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دامودەزگا حکومییەکان، و هەوڵدان بۆ سەپاندنی کولتووری عەرەبی. هەروەها ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دروستبوونی کەلێنی کۆمەڵایەتی لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە».

ئاراز لەتیف ئەوەش دەخاتەڕوو کە» لەسەر ئاستی دیمۆگرافی، گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکە ڕوویداوە. حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، بەتایبەت لە سەردەمی بەعسدا، سیاسەتی ڕاگواستنی بەزۆری دانیشتووانی کوردیان پەیڕەو کردووە و لە بەرانبەردا خێزانی عەرەبیان لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە هێناوە و لە کەرکووك نیشتەجێیان کردوون. ئەم سیاسەتە بووەتە هۆی گۆڕینی ڕێژەی دانیشتوان و لاوازکردنی پێگەی کورد لە شارەکەدا.»

گوتیشی» لە ڕووی سیاسییەوە، تەعریب کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشداری و نوێنەرایەتی کورد لە دامودەزگا حکومییەکان هەبووە. ڕێژەی فەرمانبەرانی کورد لە دامەزراوە حکومییەکان کەم کراوەتەوە و پۆستە گرنگەکان دراون بە عەرەب. هەروەها لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەهۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە، نوێنەرایەتی کورد لە ئەنجومەنی پارێزگا و پەرلەمانی عێراق کەم بووەتەوە.

مەترسییەکانی سەر هەڵبژاردنی داهاتوو زۆر جدین. گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دەبێت. کێشەکان لە کاتی تۆمارکردنی دەنگدەران زیاد دەبن، وەك دروستکردنی گرفت بۆ گەڕاوەکان و تۆمارنەکردنی ناوی هەندێك لە دانیشتوانی ڕەسەن. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی نوێنەری کورد لە پەرلەمان و لاوازبوونی دەسەڵاتی بڕیاردانیان لە پرسە چارەنووسسازەکاندا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، پێویستە چەند ڕێگەچارەیەکی گونجاو بگیرێتە بەر. لەسەر ئاستی یاسایی، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق گرنگە، کە تایبەتە بە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کێشە لەسەرەکان. هەروەها پێویستە پێداچوونەوەیەکی ورد بە تۆماری دەنگدەران بکرێت و مافی گەڕانەوە بۆ ئاوارەکان دەستەبەر بکرێت.

لەسەر ئاستی سیاسی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو پێویستە دیالۆگی بەردەوام لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی هەبێت. ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە چاودێریکردنی پرۆسەکە و دابینکردنی پشتگیری دارایی و تەکنیکی گرنگە. هەروەها پێویستە لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ چاودێریکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن پێك بهێنرێت.

لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، گرنگە پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی شارەکە پتەو بکرێت و متمانەی کۆمەڵایەتی دروست بکرێتەوە. پاراستنی مافی کەمینەکان و دابینکردنی ژیانێکی ئاشتییانە بۆ هەموو پێکهاتەکان گرنگە. ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لەم بوارەدا ببینن».

ئاراز لەتیف لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «پێویستە هەموو لایەنەکان بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە بکەن. حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی دەبێت هەماهەنگی زیاتریان هەبێت و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان دابنێن. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دەبێت چاودێری وردی پرۆسەکە بکات و فشار بخاتە سەر لایەنەکان بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان. هەروەها ڕێکخراوە مەدەنییەکان دەبێت ڕۆڵی خۆیان لە بەڵگەکاری کێشەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و پشتگیریکردنی قوربانیانی تەعریب ببینن.

تەنیا لە ڕێگەی هەماهەنگی نێوان هەموو لایەنەکان و پشتگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانرێت چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کەرکووك بدۆزرێتەوە و مافی هەموو پێکهاتەکان

**مەترسییەکانی سەر هەڵبژاردنی داهاتوو زۆر جدین. گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن دەبێت**

**کەرکووك لە ڕووی مێژووییەوە شارێکی فرەڕەهەند بووە، لەڕووی نەتەوەیی و ئایینییەوە چەندین پێکهاتەی تێدا ژیاوە و بە درێژایی مێژوو زۆرینەی دانیشتوانەکەی کورد بوون**

**لە ڕووی سیاسییەوە، تەعریب کاریگەری نەرێنی لەسەر بەشداری و نوێنەرایەتی کورد لە دامودەزگا حکومییەکان هەبووە و پۆستە گرنگەکان بە عەرەب دراون**

بپارێزرێت. هەروەها پێویستە هەموو لایەنەکان پابەند بن بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان و بەرژەوەندی گشتی لە سەرووی بەرژەوەندی تایبەتەوە دابنێن».

ڕێبوار شوانی چاودێری سیاسییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «گەڕاندنەوەی کەرکووکی داگیرکراو بۆ کوردستان بەرپرسیاریەتییەکی نەتەوەیی گەلی کوردە، وەك دووەم گەورە نەتەوە، لە نێو عێراقدا و لە دوای ساڵی ١٩٢٥ هەرگیز بەشێك نەبووە لە نەتەوەی عەرەب، هەرێمی کوردستانیش کە ئێستا بەشێکی بە زۆرلکێنراوە بە خاکی عێراقەوە، هەرگیز بەشێك نەبووە لە نیشتیمانی عەرەبی . لە هەموو قۆناغەکاندا ڕژێمە شۆڤێنی و خۆپەرستە عێراقییەکان بەناوی یەکێتی خاکی عێراق و ئاسایشەوە، نەتەوە و ئابووری کوردیان کردۆتە مەترسی بۆ پارچە پارچەکردن، بۆیە ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق هەر بە پاشایەتی و کۆنەپارێزییانەوە تا کۆماری و چەپ و بەعسییەکان، هەردەم هەوڵی دڕاشتنەوە وگۆڕینی نەتەوە و دیموگرافیای کوردستانیان داوە. هۆکارەکارەکانیشی بریتین لە:

یەکەم، کوردستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە نەوت وگاز و کانزا جۆراوجۆرەکانی تر.

دووەم، پێگەی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان کەوتۆتە ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی و هەستیارەوە بەتایبەتی لە ڕووی ئاسایش و سەربازییەوە. سێیەم، خاوەن خاکێکی بە پیت و دەوڵەمەندە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و کشتوکاڵی .

چوارەم، خاوەن سەرچاوەیەکی گرنگ و ستراتیژییە بۆ ئاوی خواردنەوە و بواری دیکە.

پێنجەم، کوردستان لە ڕووی ستراتیژییەوە دەکەوێتە سنووری سێ کوچکەی هەر سێ وڵاتی ئێران و سوریا و تورکیا.

مێژوو گەواهیدەرە ڕژێمەکانی پێشووتری عێراق و بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی لە ساڵی ٢٠٠٥ حکومەتێك نەهاتە ئاراوە کە تێیدا هاوبەشی و مافی گەل و پێکهاتەکانی تری تێیدا مسۆگەر بێت و لاپەرەیەکی نوێی هەڵبدرێتەوە. بەڵام نەك هەر پرسی کورد کە بە بێ چارەسەری و هەڵواسراوی هێشترایەوە، بەڵکو دەسەڵاتدارانی بەغدا دژی هەموو هاوبەشی و ماف و شایستەکان وەستانەوە و هەتا کاریان بۆ نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستانیش کردووە».

ئەو چاودێری سیاسییە لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت «لێرە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە دوای ئەنجامدای چەندین هەڵبژاردن و هاتنەکایەی حکومەتی یەك لە دوای یەك ئەوەی لە کردەوە و مەرامی دەسەڵاتدرانی بەغدا دەبینرێت و هیچ هەنگاوێکیان بۆ پرسی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان نەهاوێشتووە، هەر ئەوەشە کە گەلی کوردیش هەرگیز نەیویستووە و ئامادە نییە سازش لەسەر کەرکووك بکات و دەستبەرداری بێت. ئەوەی لە زیهینەیەتی دەسەڵاتدارانی بەغدا و بەتایبەتی هەندێك لایەنی شۆڤێنی خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، هەموو چاوەڕوانی درەفەتێك دەکەن بۆ درێژەپێدان بە سیاسەتی بە عەرەبکردن و ڕاگواستن و بەرنامەڕێژیشیان بۆ کردووە، کە هەڵبژاردنی دەستکرد و سەرژمێری دەستکرد و دیزاینکراوی رابردوو، ئاماژەیەکی ڕوونن و دەتوانین مێژووی ئەم وڵاتە بە مێژوویەکی ترسناك لە گۆڕینی هاوکێشەکان بە قازانجی زۆرینەی عەرەبی شۆڤێنی لە قەڵەم بدەین، بە پرسێکی سیاسی گواستنەوەی دانیشتیوانی کورد و نیشتەجێکردنی عەرەب لە جێگەیان ئەنجام دەدەن، چونکە کاتێك عێراقێك باوەڕی بە دیموکراسی و هاوبەشی و پێکەوەژیان نەبێت هەموو کارێکی مەترسیداری لێ چاوەڕوان دەکرێت. بەتایبەتی هەوڵەکانی گۆڕینی دیموگرافیای شاری کەرکووك، بەتایبەت لە دوای پیلانگێڕی و خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ ڕۆژ بە ڕۆژ دەگاتە ئاستێکی مەترسیدار بە جۆرێك کە کاریگەری لەسەر ئاییندەی شارەکە دروستکردووە، بەتایبەتی کە نەخشەی جوگرافییی شاری کەرکووك بە شێوەیەك هەڵکەوتووە، گەڕەکە زۆرینە عەرەب و تورکمانەکان کەوتوونەتە باشووری ڕۆژئاوای شارەکە و ناوچە کوردییەکانیش لە باکوور و ڕۆژهەڵاتن، بەڵام کورد جگە لەو ناوچانە پشتر بەشێك لە دانیشتووانی باشوور و ڕۆژئاوایان پێکدەهێنا، ئێستا خەریکە ژمارەیان لەو شوێنانە کەم دەبێتەوە، نەبوونی خزمەتگوزاری و پەراوێزخستنیان لەلایەك و لەلایەکی تریش دۆخی سەپێندراوی سیاسی وایکردووە کە کورد ئەو شارە بەجێبهێڵن.

لێرەدان گرنگە و ئەرکێکی قورسمان لەسەر شانە، گرنگە گشت هێز و لایەنە سیاسییەکان بە هەستی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەپەوەری هەوڵ بۆ چارەنووسی گەلەکەمان بدەین، بەتایبەتی پرسی گەڕاندنەوەی کەرکووك بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، لێرەدا ئەوەی بەکەڵکی کورد دێت تەنها خودی کوردە و نابێت چاوەڕوانی کەس بکەین، بەڵکو دەبێت تەنیا باوەڕمان بە ئیرادەی خۆمان بێت کە دەمانگەێنێتە ئامانج. نابێت ئەوەمان لە بیربچێت کە دوژمنان و نەیارانمان لە عێراق و شوێنەکانی تر بەتایبەتی داگیرکەرانی کوردستان بەو پەڕی تواناوە کار بۆ سڕینەوەمان دەکەن و بەردەوام هەوڵی گۆڕین و بچووککردنەوەی شووناس و جوگرافیا و نەتەوەکەمان دەدەن.

**تەنیا لە ڕێگەی هەماهەنگی نێوان لایەنەکان و پشتگیری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەتوانرێت چارەسەرێکی دادپەروەرانە بۆ کێشەی کەرکووک بدۆزرێتەوە**

**نەبوونی خزمەتگوزاری و پەراوێزخستنیان لەلایەک و لەلایەکی دیکەش دۆخی سەپێندراوی سیاسی وایکردووە کە کورد ئەو شارە بەجێبهێڵن**

**دوژمنان و نەیارانمان بەو پەڕی تواناوە کار بۆ سڕینەوەمان دەکەن و بەردەوام هەوڵی گۆڕین و بچووکردنەوەی شووناس و جوگرافیا و نەتەوەکەمان دەدەن**

## مەریەم فرەنکول:

# هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی چەنگەوە مۆسیقای کۆن و نوێ تێکەڵ بکەم



*** چۆن بوو ئامێری چەنگت هەڵبژارد و ئەو پەیوەندییەی نێوانتان چۆن درووستبوو و چۆن پەرەی سەند؟**

- من چەنگژەنێکی ئەرمەنیی سوریم و لە ئیمارات لە دوبەی نیشتەجێم. پەیوەندیی من لەگەڵ ئامێرەکە بەم شێوەیە سەری هەڵدا، کاتێك جولیی خوشکم کە یەکەم عەرەب بوو ئەم ئامێرەی لە ئیمارات ژەنیوە، ڕووی لە ئەمریکا کرد، ئامێرەکەی لەماڵەوە بەجێهێشت، لەو کاتەدا بەهۆی گەورەیی قەبارەی ئامێرەکە کە شوێنێکی زۆری داگیر کردبوو، من لێی بێزار بووم ویستم ئامێرەکە بفرۆشم، بەڵام لەناکاو ئیلهامێك هاتە سەرم و وتم بۆچی خۆم فێری ژەنینی نەکەم و هەمان ڕێچکەی خوشکەکەم بگرمە بەر و لە ئیمارات بەردەوام بم لەسەر ژەنینی، ئیتر لەو ڕۆژەوە من دەستم پێکرد، تا ئەمڕۆش بەردەوامم.

*** کاردانەوەی جەماوەر بۆ ژەنینی چەنگ چۆنە؟**

- جەماوەر کاردانەوەیەکی زۆر ئەرێنییان بۆی هەیە و پێی سەرسامن، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین مایەی سەرسوڕمانە، چونکە هەموو کەسێك زانیاریی لەسەر ئەم ئامێرە نییە.

*** ئایا دەکرێت گۆرانیبێژ تەنیا بە چەنگ گۆرانی بڵێت؟**

- بەڵێ کارێکی زۆر ئاساییە بۆ گۆرانیبێژ ئەگەر بە باشی شارەزا بێت لە ژەنین و گۆرانی پێکەوە لەسەر چەنگ.

*** چ جیاوازییەك هەیە لە نێوان پارچە مۆسیقایەکدا کە بە چەنگ یان بە ئامێرێکی دیکە ئەنجامی دەدەیت؟**

- چەنگ زۆر لە پەیژەی پیانۆ دەچێت، هەروەها لە شێوازی



**بە چەنگە جوانەکەی «میری ئەدکار» کە ناسراوە بە (مریەم فرەنکول) لە ئاهەنگ و بۆنە تایبەتەکاندا سەرنجی گوێگر و بینەرانی ڕادەکێشێت کاتێك بەم ئامێرە مێژووییە پارچە مۆسیقای کۆن و مۆدێرن تێکەڵ دەکات، مەریەم بە ڕەچەڵەك سوورییە و ماوەی چەند ساڵێکە لە وڵاتی ئیمارات نیشتەجێیە، سەرەتای ئاشنابوونی بە چەنگ ڕێکەوت بوو، بەڵام ئێستا تاکە کەسە لە ئیمارات چەنگ دەژەنێت.**

**لە دەرفەتێکدا بۆ گوڵان چەند زانیارییەکی دەربارەی ئەم ئامێرە خستە ڕوو.**

ژەنینیدا، وەك چۆن دەتوانیت هەردوو دەست و پێت بەکار بهێنیت، بەهەمان شێوە بە بەکارهێنانی پێیەکان لەسەر پێداڵی چەنگە کە لەژێرەوە وەك پیانۆ کاری لەسەر دەکرێت، بەڵام ناتوانیت پارچە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی وەکو عود لەسەر چەنگ لێبدەیت.

*** تەکنەلۆجیا هاتووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیانەوە، بە هونەر و مۆسیقاشەوە، ئەم پێشکەوتنەی تەکنەلۆژیا کاریگەریی لەسەر چەنگ هەبووە؟**

- بەڵێ کاریگەریی هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی ئەرێنی بووە، بەو پێیەی خەڵك فێری ئامێرەکە بوون و بە تامەزرۆییەوە هەوڵ دەدەن زیاتر بیناسن سەرەڕای هەمەجۆریی ئێستای بواری مۆسیقا و هونەر. هەروەها من خۆیشم توانیم لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاوە زیاتر خەڵك ئاشنای ئەم ئامێرە بکەم، لە ڕێگای پێدانی زانیاری دەربارەی ئامێرەکە و فێرکردنیان.

*** هیچ ئاستەنگێکی دیاریکراو دێتە پێشتان لە کاتی ژەنینی چەنگ؟**

- بەڵێ، ئاستەنگی زۆر هەیە، بەتایبەتی ئەگەر نۆتەیەك بە خێرا بخوێنیتەوە کە گواستنەوەی زۆر ئینجا پەیژەی تێدا بێت، بەڵام بە مەشقکردن و ژەنینی بۆ ماوەیەکی درێژ ئاسان دەبێت و دەتوانرێت بە ئاسانی شارەزای بن.

*** هەستت چۆنە کاتێك بە یەکەم ژنە چەنگژەنی عەرەب لە ئیمارات دادەنرێت؟**

- ڕاشکاوانە بڵێم جولیی خوشکم یەکەم چەنگ ژەنی عەرەبە لە ئیمارات و منیش دووەمم، بەڵام پێکەوە وەك دوو خوشك دەبینە یەکەم خوشکی عەرەب کە لە جیهانی عەرەبی و جیهانیشدا چەنگ دەژەنێت.

هەستەکدەم سوپاسگوزارییە بۆ خودا کە بەم ئامێرە بەرەکەتی پێبەخشیم، هەروەها هەست بەتایبەتی وەك سکەیەکی دەگمەن دەکەم بۆ ژەنینی چەنگ وەك عەرەبێك.

*** بەپێی زانیارییەکانمان تۆ و خوشکەکەت پێکەوە چەنگ دەژەنن، دەتوانن باسی ئەوەمان بکەن کە چۆن هاوبەشی دەکەن لە ژەنینی چەنگ لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا؟**

- ئێمە ڕێك دەکەوین کە لەسەر شانۆی گەورە و ئاهەنگی هاوسەرگیری و بۆنە و ئاهەنگەکان پێکەوە چەنگ بژەنین لەسەر داواکاریی جەماوەر و هەندێك جاریش ئەگەر نەخۆش بووم، یان نەتوانم بەشدار بم لە ئاهەنگ وکۆنسێرتەکاندا، ئەو شوێنم دەگرێتەوە و بە پێچەوانەشەوە.

*** ئاوات و ئامانجەکانت وەك چەنگ ژەنێك چین؟**

- من پێم خۆشە ئامانجەکە ڕەوا و بەرز بێت. هیوادارم بتوانم لە ڕێگەی ژەنینی چەنگەوە لە بواری چارەسەر کردنی نەخۆش بە مۆسیقاوە بەشداری بکەم، بە هەمان شێوە بتوانم یارمەتی بەساڵاچووان و کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت بدەم و، بتوانم ئاسوودەیان بکەم و لە ڕووی دەروونییەوە یارمەتییان بدەم و دڵیان خۆش بکەم، هەروەها زیاتر خەڵك بە چەنگ ئاشنا بکەم، بۆ ئەوەی لای هەموان بناسرێت. پشتیوان بە خودا هەوڵ دەدەم فرۆشگایەك بکەمەوە، جگە لەوەش شێوازێکی نوێی ژەنینی چەنگ زیاد بکەم، وەك جۆرێك لە هەمەچەشنکردنی هەموو مۆسیقایەك و تێکەڵکردنی مۆسیقای مۆدێرن و کۆن.

# نارین فەقێ بەرهەمێکی نوێ پێشکەش بە کوردانی ڕۆژئاڤا دەکات

نارین فەقێ خانمە هونەرمەندی کورد گۆرانییەکی نوێی بە ناوی (ڕۆژئاڤا) بڵاو کردەوە، کە خۆی مێلۆدییەکەی ئامادە کردووە و شاعیری دیاری کورد «ئەدیب چەلکی» تێکستەکەی نووسیوە و موزیسیان «عەلی شاکر» لەگەڵ ئامادەکردنی موزیکی بەرهەمەکەدا کاری دابەشکردنی کردووە، هەروەها هەژار دهۆکی کاری دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆ کلیپی بەرهەمەکە ئەنجام داوە.

لەبارەی جیاوازیی ئەم کارەی لەگەڵ بەرهەمەکانیتری «نارین فەقێ» لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «من هەموو گۆرانییەکانم وەك منداڵەکانم خۆشم دەوێن بەبێ جیاوازی، جیاوازییش ناکەم، بەڵام ئەوەی ئەم گۆرانییە جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە جێپەنجەی من لەسەر هەموو بەشەکانی ئەم گۆرانییە دیارە، جا چ بیرۆکە بێت، شیعر بێت، ئاوازەکە بێت، یان ڕۆحی گۆرانییەکە ».

هەروەها گوتیشی: «دوای گۆرانیی پەنابەر ئەمە یەکەم جارە من ئاواز بۆ کارە هونەرییەکانی خۆم دادەنێم، لە ئێستادا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بەرەو گۆڕانکاریی چاوەڕوانکراو هەنگاو دەنێت، بڕیارم دا کە ئەم گۆرانییە وەك دیارییەك پێشکەش بە هاووڵاتیانی خۆم و ڕۆژئاڤای کوردستان بکەم، بەو ستایلەی کە من پێی بەناوبانگم، داوام لە مامۆستا ئەدیب چەلکی کرد کە شیعرێکم بۆ بنووسێت دەربارەی ڕۆژئاڤای کوردستان، بە مەرجێك لەگەڵ بیرۆکەی ئەم گۆرانییەدا بگونجێت کە ساڵێك لەمەوبەر لای من لەدایك بووبوو».





# حەسنا مەتەر
# لە بەغدا ڕێزی لێ نرا

دەزگای «عیون» بۆ ڕۆشنبیری و هونەر شازدەهەمین خولی فێستیڤاڵی ساڵانەی خۆی لە «المسرح الوطني» لە شاری بەغدا ساز کرد. فێستیڤاڵەکە بە سەرپەرشتی سەرۆك وەزیران «محمد شیاع السوداني» لە ژێر دروشمی «پیاوانی بیناسازی سوورن لەسەر بەرەنگاربوونەوە» بەڕێوە چوو، کە ئەم خولە بەناوی خولی ئاسیا کەمال کرا بوو. ڕێوڕەسمەکە لەلایەن دامەزراوەی عیون بۆ داهێنانی نێودەوڵەتی کە لەسەر بانگهێشتی تایبەتی سەرۆکی فێستیڤاڵ «عەباس ئەلخەفاجی» بوو، ڕێزلێنان بۆ چەندین کەسایەتیی هونەری ساز کرا، یەکێك لەوانە خانمە گۆرانیبێژی لوبنانی «حەسنا مەتەر» بوو، بەرامبەر ئەو کارە هونەرییانەی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە عێراق پێشکەشی دەکات، لەوانەش ئەلبوومی «ليالي الغربة»، خەڵاتەکەش لەلایەن هونەرمەندی ناوداری عێراقی «مەحموود ئەبو عەباس» پێی بەخشرا.


شایانی باسە ئەستێرەی لوبنانی حەسنا مەتەر خەڵاتی ڕێزلێنانی لەسەر کاریگەریی گۆرانیی خۆی بۆ لوبنان و گۆرانیی نیشتمانی وەرگرت، خەڵاتەکەشی پێشکەش بە نیشتمانەکەی (لوبنان) کرد و هیواشی خواست ئاشتی و ئاوەدانکردنەوەی بۆ بگەڕێتەوە و دەستی خراپەی لێ بوەستێندرێت.



# ڕێ لە ئەفراندن ناگیرێت

لە هەموو بوارێکدا، ڕەخنە ڕێ بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن و بووژانەوە خۆش دەکات. ڕەخنە چەشنی تەرازووە، ئاست و ڕێژە و بەژنی ئەفراندن و داهێنان دەپێوێت، ئەگەر لە هەر بوارێکدا ڕەخنە نەبوو، چەوت و چەوێڵی، خوار و خێچی، چەواشەیی و نابووتی باڵادەست دەبن، هەنگین کار بە نیوەچڵ و نابەکام بە ئاکام دەگات. بۆ ئەوەی کار (هەموو کارێك) ڕاستەڕێ بێت و چاك بە ئاکام بگات، بە ڕەهایی باوەڕم بە ڕەخنە و ڕۆڵی کاریگەری ڕەهنە هەیە، هەڵبەت ڕەخنەش مەرجی هەیە، پێویستە نیازپاك و نییەت باش بێت، ڕاستگۆ و بابەتییانە بێت، ئامانجی لابەلای نەبێت، وەك زێڕی خالیس، پەیامی ڕوون و پوخت و بێ خەوشی خۆی ئاشکرا بکات.

تاریق کارێزی



بەر لە چەند ژمارەیەك، هەر لە «بەشی هونەری»ی گۆڤاری گوڵاندا بابەتێکم بە ناونیشانی «بەمە ناڵێم هونەر» بڵاو کردەوە، لەو وتارەدا ڕوون و ڕەوان ڕا و بۆچوونی خۆم سەبارەت بە شێواز و تەکنیك و ستایل و پێکهاتەی بەرهەم و کاری شێوەکارانی کوردستان خستە ڕوو، لەوەش دڵنیام بۆچوونی پێچەوانەی منیش هەیە، پێم خۆش بوو کەسانێك کە هاوڕای بۆچوونەکەی من نین، بهاتنایەتە دەنگ و قسەی خۆیان بکردایە، چونکە دروستبوونی گفتوگۆیەکی کراوە و بابەتییانە لە بارەی هونەری شێوەکاری لە وڵاتماندا سوودێکی زۆر دەگەیەنێت. دواتر بابەتەکەم لە لاپەڕەی فێسبووکی خۆمیش بڵاو کردەوە، دوو کەس بە کۆمێنت سەرنجیان لە بارەی ناوەڕۆکی وتارەکەم خستە ڕوو، ڕوون و ڕەوان بە تێر و تەسەلی وڵامی هەردووکیانم دایەوە، پێشم وا نییە ئەوەندە بەس بێت، من باوەڕم وایە هونەر «بەدەم ئەویشەوە هەموو جۆرە بوارێکی داهێنان» پێویستە لەسەر بناغەیەکی تۆکمە و پتەو دابمەزرێت، ئەگەرنا، کار و کۆششمان دەچێتە دەرەوەی بازنەی هونەر و پەراوێزی داهێنانەوە، لەو سەریشەوە ڕەنجی سەدان و بگرە هەزاران گەنجمان بە فیرۆ دەچێت، ئەوان بە خەیاڵی هونەر و ئەفراندن، بێ سەرمایە دەمێننەوە، ئێمەش وەك نەتەوە، خەرمانێکی بێ بڕشت و بێ سەمەرمان بۆ دەمێنێتەوە.

ئەزموونی ژیان بۆمی ساغ کردووەتەوە، بەژنی داهێنان هێندە بڵندە، هیچ تەپوتۆزێك نایشارێتەوە، بەهرە و توانا چەشنی دوندی چیا، هەر لە دوور ڕا خۆ دەنوێنن. ئاخر هونەرمەندی شێوەکار ئەگەر دیدگای نەبوو، پرۆژەی نابێت، ئەگەر لە هونەرەکەیدا کارامە نەبوو، هەر چییەکی بکات ناچێتە خانەی هونەرەوە، بە چاوگێڕانێك بە مێژووی هونەری وڵاتماندا، ئاشکرا دەردەکەوێت کێن ئەوانەی بە ڕاستی (نەك بە قسە و لاف و گەزاف) هونەرمەندن.

لاپەڕەکانی (هونەریی گوڵان)، لە ئاماژەکردن بە یەك نموونە زیاتر، مەودا نادەن، بۆیە لێرەدا تەنیا باسی هونەرمەند «سامان ئەبووبەکر» دەکەم، ئەو نیگارکێش و پەیکەرتاشە، تا لە کەرکووك بوو هیچ گۆشە و کەنارێکی بەرچاوی شار نەما بوو دەستی هونەریی ئەوی پێ نەگەیشت بێت، ماوەی چەند ساڵێکیشە لە سلێمانییە، لەوێشدا هەردەم دەستی هونەری لە کاردایە، بەدەم پرۆژەوە هونەر و ئەفراندن دەکات، هەر بەم دواییە دیواربەندی «ئەنفالی جەلەمۆرد»ی لە ماوەی ٧٥ ڕۆژدا بە «مەڕمەڕی دەسکرد، فایبەر کلاس و ئاسن» دروست کرد، کە چوار مەتر بەرز و هەشت مەتر درێژە. تێیدا شێوەی دەیان کەسی ئەنفالبردەی گوندەکەیی لە دیواربەندەکەدا بەرجەستە کردووە، جەلەمۆرد گوندێکە کەوتووەتە سەر چیای خاڵخاڵان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کەرکووك و، لە ساڵی ١٩٨٨دا بەعس لە شاڵاوی ئەنفالدا سەرووی (٥٠٠) کەس لە خەڵکی گوندەکەی ڕاپێچی مەرگستانی ئەنفال کرد، ڕۆحی پەپوولەئاسای تەواوی ئەو قوربانییانە لە گەلەگۆڕی بیابانی عەرەبستاندا هەڵفڕێن، ئەو دیواربەندە بۆ زیندووهێشتنەوە یادگاریی تاڵی ئەنفالی ئەو گوندە، چێ کراوە.

پرۆژەیەکی دیکەی سامان ئەبووبەکر، تابلۆی «ئاوە سپی»یە، ئەم تابلۆیەشی بە بەرزیی پێنج مەتر و درێژیی دە مەترە، بە ڕۆن ڕەنگ لەسەر کانڤاس دروستی کردووە، تێیدا چۆمی «ئاوە سپی»ی لە دەڤەری گەرمیان نزیك شاری خورماتوو، زۆر جوان و لە ئاستێکی بەرزی ستاتیکیدا بەرجەستە کردووە. نیگارکردن لە ڕووبەری (٥٠) مەتر دووجا، بە دڵنیاییەوە کارێکی ناوازەیە و لایەق بە بەژنی بەهرە و توانای هونەرمەندێکی بەتوانا و کارامەیە، بێ لە توانا و کارامەیی، سامان ئەفراندنی کردووە، زۆر سیحرئامێزانە تابلۆکەی بەرجستە کردووە.



سۆز ئومێد

یاریزانی باسکەی دەربەندیخان:

# هێشتا خەڵکانێک هەن زۆر بە هەڵە بیر دەکەنەوە و وەرزش بە عەیبە دەبینن




لە قەزای دەربەندیخان گرنگیی زۆر بە یارییە جۆراوجۆرەکانی ئافرەتان دەدرێت، یانەی وەرزشیی دەربەندیخانیش یەکێکە لەو یانانەی کە گرینگیی زۆر بە یاریی تۆپی باسکە دەدات لە خولەکانی کوردستان و عێراق، لەم ناوچەیە لە پاڵ پیاوان گرنگیی زۆر بە وەرزشی ئافرەتانیش دەدرێت، چەندین کچە یاریزانی بەتوانا هەیە لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا ئاست و ئەنجامیان بەرچاوە، کچە یاریزانانی ئەم دەڤەرە دەیانەوێ لە ڕێگەی وەرزشەوە زیاتر ئاستی خۆیان بەرەوپێش ببەن، لە یاریی باسکەشدا شارەکە خاوەنی ژمارەیەك یاریزانی ئاست بەرزن، یەکێك لەم کچە یاریزانانەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق «سۆزی ئومێد»ـە، کە وەکو یاریزان تەنیا یاریی بۆ یانەی دەربەندیخان کردووە، سۆز لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ قەزای دەربەندیخانە و ماوەی شەش ساڵە لە تیپەکەدا بەردەوامە لە وەرزش، سەبارەت بەم وەرزشە ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.



*** چۆن بوو بڕیارت دا یاریی تۆپی باسکە هەڵبژێریت؟**

- سەرەتای دەستپێکردن و چوونم بۆ یاریی باسکە لە ڕێگەی خانەوادەکەم، بەتایبەت باوکم و دایکم بوو، ئەوان زۆر هاوکارم بوون، زۆر پشتگیریم دەکەن و ماوەی شەش ساڵە بەردەوامم لەم یارییە.

*** هەست ناکەی وەرزشێکی زیاتر تەکنیکیت هەڵبژاردووە کە زیاتر کێبڕکێیە؟**

- کاتێک لەگەڵ ئەم یارییە دەژیت وردە وردە فێر دەبیت، ڕاستە وردەکاریی زۆرە، بەڵام تێکەڵی ژیانت دەبێت و ئەو حەزەی هەتە بۆ باسکە قورسییەکانت لا ئاسان دەکات.

*** بۆچی یاریی تۆپی باسکە لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- باسکە بەپێی پێویست گرنگیی پێ نادرێ و کەمتەرخەمیی تێدا دەکرێت، هێشتا خەڵکانێک هەن زۆر بە هەڵە بیر دەکەنەوە و وەرزش بە عەیبە دەبینن، بەتایبەت بۆ ئافرەتان، زیاتریش گرنگی بە تۆپی پێی دەدرێ نەک یاری باسکە؟

*** ئەم وەرزشە بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە لە شارەکان بە تایبەت بۆ کچان، هۆکاری چییە؟**

- بەگشتی وەرزش بۆ ئافرەت و بەتایبەت لە کوردستاندا بە شێوەیەکی باش پێشوازیی لێ نەکراوە، چونکە پاڵەوانێتی زۆر کەمە و چەند تیپێکی باسکە لە کوردستاندا هەیە و بەشداریی پاڵەوانێتی عێراقی دەکەن، ئەویش بەپێی توانای یانەکەیە لە ڕووی داراییەوە.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان باشە، بەڵام کەموکورتی زۆرە، سەپۆرتیشی کەمە، ئەوەش ئەگەر پەرەی پێ بدرێ و پشتگیری بکرێت زۆر باش دەبێت، یاریزانی زۆر باشی هەیە بەڵام بەپێی پێویست گرنگیان پێ نادرێت بۆیە دەرناکەون.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکاری کورد بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- دروستکردنی تیپی زیاتر و هاندانیان بەتایبەت لەلایەنی خێزانەکانیانەوە، دانانی هەر یاریزانێک لەو ئاستەی کە شایەنێتی و پێدانی هەل بۆ پێشکەشکردنی ئاستیان.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

-بەردەوام بوونم و بەدەستهێنانی زۆرترین سەرکەوتن، دەمەوێت ببمە یاریزانێکی پیشەگەر لە یانەکانی دەرەوە و ئاستێکی باش پێشکەش بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزی خۆم لە کۆمەڵگەدا لە دەست نەدەم.

***پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

- خولی باشترمان هەبێ بۆ بوون بە ڕاهێنەر، پشتگیریی مادی و مەعنەویمان هەبێ بۆ یاریزانە ئاست بەرزەکان و سزاش بۆ یاریزانە ئاست نزمەکان.

***گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- نەبوونی پشتگیری لەلایەن خێزانەکانەوە و نەبوونی پشتگیری لەلایەن دەستەی کارگێریی یانەکان و نەبوونی ڕۆحییەت لە یاریزاناندا و تاک یاریکردنیان بۆ خۆ دەرخستن.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆداهاتوو وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- بەهیوای ئەوەم لە عێراق و بە تایبەت لە کوردستان ئافرەتان بتوانن وەرزش وەك سەرچاوەی بژێوی ژیان بەکار بهێنن و ئاسانکاریی زیاتریان بۆ بکرێ بۆ بەرەوپێشچوون.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی عێراقەوە؟**

- **هیچ** گرێبەستێکم پێشکەش نەکراوە.

*** ئامانجت چییە لەم وەرزشە؟**

-ئامانجم ئەوەیە ببم بە یاریزانێکی پیشەگەر و لە دەرەوەی وڵات یاری بکەم و لە ڕێگەی وەرزشەوە خزمەتی شارەکەم و وڵاتەکەم بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان هیوادارم ئەم جۆرە ناساندنە وەرزشییانە زیاتر پەرەیان پێ بدرێ، چونکە ڕۆحییەت پەیدا دەکات بۆ یاریزان و وا لە یاریزان دەکات بڕوابەخۆبوونی زیاتر بێ.

# هەشت یاریزانی کورد بانگێشتی هەڵبژاردەی عێراق کران

وا بریارە ڕۆژی (٢١)ی ئەم مانگە لە لاتی کوەیت (٢٦)ەمین وشانی جامی کەنداو بە بەشداریکردنی (٨) هەڵبژاردە دەست پێ دەکات، کە هەڵبژاردە بەشداربووەکان بەسەر (٢) کۆمەڵە دابەش کراون لە هەر کۆمەڵەیەک (٢) هەڵبژاردە دەچێتە چوار گۆشەی زێڕین.

کۆمەڵەکانی جامی کەنداو بەمشێوەیە:

کۆمەڵەی یەکەم: کوەیت، سوڵتاننشینی عوممان، قەتەر، ئیمارات

کۆمەڵەی دووەم: عێراق، بەحرەین، سعودیە، یەمەن




**خشتەی یارییەکانی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە:**

| ● جەولەی یەکەم | ● جەولەی دووەم |
| --- | --- |
| ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢١) | ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٤ |
| کوەیت – سوڵتاننشینی عوممان | سوڵتاننشینی عوممان – قەتەر |
| قەتەر – ئیمارات | ئیمارات – کوەیت |
| ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢٢) | ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٥ |
| عێراق – یەمەن | یەمەن – سعودیە |
| سعودیە – بەحرێن | عێراق – بەحرەێن |

| ● جەولەی سێیەم | |
| --- | --- |
| ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٧ | ڕۆژی ٢٠٢٤/١٢/٢٨ |
| ئیمارات - سوڵتاننشینی عوممان | عێراق – سعودیە |
| قەتەر – کوەیت | یەمەن – بەحرێن |

**هەشت یاریزانی کورد لە هەڵبژاردەی عێراقە**

ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عیراق کاساس بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە بەناچاری لە هەر یانەیەکی خولی عێراق دوو یاریزانی دەستنیشانکردووە تا خولی ئەستێرەکانی عێراق ڕانەگیرێت بۆیە بەفەرمی بانگهێشتی (٢٧) یاریزانی کردووە، کە (٨) یاریزانی کورد بوونی لەم پێکهاتەیە هەیە بەمشێوەیە.

● هەڵۆ فائق ماوەی پێنج وەرزە لەگەڵ یانەی هەولێر لە هێڵی بەرگری باڵی ڕاست یاری دەکات یەکێکە لە باشترین یاریزانەکانی باڵی ڕاست لە خولی عێراق بەهۆی بوونی کێشە لەم شوێنە کاساس بڕیاری دا بۆ یەکەم جار بانگهێشتی هەڵبژاردەکەی بکات، هەڵۆ پێشتر یاری بە هەڵبژاردەکانی لاوان و ئۆڵۆمپی کردووە.

● محەمەد حەسەن یەکێکە لەم گۆڵپارێزانەی، کە ماوەیەکی زۆرە شەقامی وەرزشی عێراق داوای بانگهێشتنی دەکەن.

محەمەد حەسەن لە خولی دانیمارک لە ڕیزی یانەکانی (کۆپنهاگن، نۆرشلاند، چەند یانەیەکی دیکەی دانیمارک یاریکردووە).

● ڕێبین سۆلاقا: دانیشتووی عەنکاوەی شاری هەولێرە و ساڵانێکی زۆرە لە دەرەوەی عێراق ژیان دەباتەسەر، ڕێبین سۆلاقا ساڵانێکی زۆرە سەرکردایەتی هێڵی بەرگری هەڵبژاردەی عێراق دەکات و یەکێکە لە یاریزانە ئاست بەرزەکانی هەڵبژاردەی عێراق، چەند ساڵێک پێش ئێستا وازهێنانی نێودەوڵەتی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام بەفشاری کاساسی ڕاهێنەر ڕێبین سۆلاقا ناچار بوو دووبارە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی عێراق بکاتەوە.

● موهەند عجاز: یاریزانێکی ئاست بەرزە لە هێڵی بەرگری باڵی چەپ یاری دەکات و ئێستا لە یانەی لیلسترۆم-ی نەرویجی یاری دەکات و گۆرانیبێژی دیاری کوردستان حەسەن غەفوور دەبێتە خاڵی موهەند.

● میرخاس دۆسکی: یەکێکە لە کارتە گرنگەکانی کاساس لەسەرجەم یارییەکانی هەڵبژاردەی عێراق و ئێستا ئەم یاریزانە لە یانەی سلۆفاکۆ-ی چیکی یاری دەکات

● یوسف ئەمین: ئەستێرەیەکی درووشاوەی عێراقە و چاوەڕوان دەکرێت ئەم یاریزانە خزمەتێکی گەورەی هەڵبژاردەی عێراق بکات.

یوسف ئەمین خەڵکی دەربەندیخانە و ئێستا لە یانەی وەحدەی سعودی لە خولی ڕۆشن یاری دەکات، یوسف هەر زوو شوێنی خۆی لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی عێراق کردۆتەوە.

● پیتر گۆرگیس: ئەستێرەی یانەی دهۆک و داهاتووی هەڵبژاردەی عێراق ساڵانێکی زۆر بەهۆی نەبوونی پێداویستییەکانی تایبەت بە ڕەگەزنامەی عێراق نەیتوانی لە هەڵبژاردەی عێراق یاری بکات. دایکی پیتر خەڵکی پارێزگاری دهۆکە.

● ئەحمەد یاسین: ئەستێرەیەکی گەورەی هەڵبژاردەی عێراقە و ئێستا لە یانەی ئۆربرۆ-ی سویدی یاری دەکات. ئەحمەد یاسین کوردی فەیلیە.

**پێکهاتەی هەڵبژاردەی عیراق بۆ جامی کەنداو بەمشێوەیە:**

**گۆڵپارێز:**

جەلال حەسەن(زەورا)، محەمەد حەسەن (یانەی نۆرشیلاند)، کمێل سعد (یانەی لیگانێس خوار ٢١ ساڵ).

**هێڵی بەرگری:**

ڕیبین سۆلاقا (شافهاوزن) سویسرا، عەلی عەدنان (یانەی نەجمەی سعودیە)، ئادم تالێب (ماریبۆر) سلۆڤینیا،عەلی فائز (یانەی نەجەف)،مەناف یونس (یانەی شورتە)، موهەند عجاز (لیلسترۆم)ی نەرویجی، مستەفا سەعدون (یانەی قوە جەویە)،میرخاس دۆسکی (سلۆفاکۆ چیک)، هەڵۆ فائق (یانەی هەولێر).

**هێڵی ناوەڕاست:**

زێدان ئیقبال (یانەی ئۆترێخت)، ئەمجەد عەتوان (یانەی زاخۆ)، ئیبراهیم بایش (یانەی ڕەیاز)سعودی، عەلی جاسم (یانەی کۆمۆ)ی ئیتالی، پیتر گۆرگیس (یانەی دهۆک)، لۆکاس شلیمۆن (یانەی ئۆربرۆ) سوید، مارکۆ فەرج (سترۆمسخۆدست)ی نەرویجی، سەعد عەبدولئەمیر (قوە جەویە)، ئەحمەد یاسین (ئۆربرۆ)ی سویدی، یوسف ئەمین (یانەی وەحدە)سعودیە، ئەمیر ئەلعماری (کراکۆفیا کراکۆف) پۆڵەندە.

**هێڵی هێرشبەر:**

موهەند عەلی (یانەی شورتە)، ئەیمەن حوسێن (یانەی خۆر)قەتەری، عەلی یوسف (یانەی زەورا)، ئەمین حەموی (ساندفێکس) سوید.

جێگەی باسە هەڵبژاردەی عێراق هەڵگری نازناوەکەیە، کاتێک لە کەنداوی (٢٥)، لەشاری بەسرە ئەنجام درا.



# خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەستی پێکرد

بە بەشداریی پازدە یانەی شارەکانی کوردستان، رۆژی یەکشەممە ٢٠٢٤/١٢/٨ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەستی پێکرد، ئەم وەرزە هەریەک لە یانەکانی زانکۆی جیهان، هەڵۆ، سۆران، قەڵادزێ، خاك، شۆڕیجە، بازیان، کفری، دهۆك، تەناهی، چەمچەماڵ، سێمێل، ڕواندز، کۆیە و بابان بەشداریی یارییەکانی ئەم وەرزە دەکەن، یەکێتیی ناوەندیی تۆپی پێی کوردستان وەکو ڕێنماییەکانی ساڵانەی یەکێتییەکە، بڕیاری داوە دوو یانە سەربکەوێت بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان و دوو یانە دابەزێت بۆ ریزی یانە پلە دووەکانی کوردستان، هەر لە دەستپێکی وەرزی تازەی خولەکەشدا یانەی سلێمانی کشانەوەی لە خولەکە ڕاگەیاندوە و بەشداریی یارییەکانی وەرزی تازەی خولەکە ناکەن، ئەمساڵیش سەرجەم یانە بەشداربووەکانی خولەکە ئامادەکاریی پێویستیان کردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، رۆژی دووشەممە ٢٠٢٤/١٢/٩ لە کاتژمێردووی دوای نیوەڕۆ ئەم سێ یارییە بەڕێوە دەچێت

کۆیە-ڕواندز

قەڵادزێ-هەڵۆ

خاك-شۆریجە





# پاڵەوانێتی شەترەنج بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان بەڕێوە چوو

دەزگای جیهان بۆ پەروەردە بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاریی شەترەنج، لە ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، لە هۆڵی قوتابخانەی نێودەوڵەتیی زانکۆی جیهان هەڵسا بە ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی شەترەنج بۆ زیاتر لە ٤٠ قوتابخانەی ناحکومی، لە هەریەك لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکووك و موسڵ، هەر قوتابخانەیەك بە یەك یاریزان بەشداریی کردبوو، پاڵەوانێتییەکە بە حەوت جەولە و بە سیستمی سویسری یارییەکانی بەڕێوە چوو، لەم بارەشەوە مامۆستا دانا بەرپرسی دەزگای جیهان بۆ پەروەردە گوتی: «ئامانجمان زیاتر بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییەیە لە ناوەندەکانی خوێندندا، هەوڵیشمان داوە کە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا لە قوتابخانەکان کۆ بکەینەوە و بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییەیان پێ بکەین، ئاستی پاڵەوانێتییەکەش زۆر بەرز بوو، بەرنامەمان هەیە بتوانین کاری زیاتر بکەین، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەی خوارەوە بوو».

١-پەروەر پیچیکار
٢-یوسف عومەر
٣-ڕۆز سەمیر





# یانەی دهۆک چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

یانەی وەرزشیی دهۆك ئەمساڵ بە تیپێکی تۆکمە بەشداریی یارییەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان دەکات، ماوەی زیاتر لە مانگێکە کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی تیپەکەی کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ جارێکیتر خۆی بگەیەنێتەوە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، دهۆك ئەم وەرزە هەموو هەوڵەکانی چڕ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بە بەهێزی بێتەوە ناو کەشوهەوای یارییەکان، لەم ناوەشدا یانەکە بە فەرمی کاپتن عزەدین عەسکەری ڕاهێنەری شاری کەرکووکی ڕاسپاردووە بۆ سە ر پە ر شتیکر د نی مەشقی یانەکە، لەم بارشەوە عزەدین عەسکەر ڕاهێنەری یانەی وەرزشیی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەم وەرزە بە شێوەیەکی باش خۆمان ئامادە کردووە و چاومان لەوەیە بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستەمان هەبێت لە خولی پلە یەکەکانی کوردستاندا، کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرزمان کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، چەندین یاری دۆستانەمان کردووە بۆ ئەوەی کەموکوورییەکانی خۆمان بزانین، یاریزانەکانمان بە شێوەیەکی زۆر باش ئامادەن و ژمارەیەك یاریزانی تازەمان هێناوەتە یانەکە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك یاریزانی خولی عێراقیشمان هەیە، دەمانەوێ تیپەکە بە تەواوی ئامادە بکەین بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بە هەر جۆرێك بێت خۆمان بگەیەنینەوە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، یانەکانی دیکەی کوردستانیش ئامادەکاریی تەواویان کردووە، بۆیە تیپەکان چاویان لە ئەنجامی باشە».





# جگەرە
## هۆكاری سەرەكیی هەوكردنی بۆڕیی هەناسەیە

هەوكردنــی درێژخایەنــی بۆڕییەكانــی هەناسـە Chronic bronchitis دەبێتـە هـۆی تەسكبوونەوەی ڕێڕەوەكانی هەناسە لە ئەنجامی ئاوسـان و سـووتانەوەی بۆڕییەكانـی هەناسـە، هـاوكات لەگـەڵ زیادبوونـی دەردراوی لینـج كـە گرفـت بـۆ ئاڵوگـۆڕی گازی ئۆكسـجین و دووەم ئۆكسـیدی كاربـۆن لـە سـییەكانەوە بـۆ لـەش پەیدا دەكات، هاوكات لەگـەڵ گرفـت لـە هەناسەوەرگرتندا كە بە تێپەڕبوونی كات سەختتر دەبێت. جگەرەكێشان هـۆكاری سـەرەكییە، ئینجا هۆكارەكانـی دیكـەی وەك: هەڵمژینـی هـەوای پیسـبوو بـە گـەرد، دووكـەڵ، یـان ماددەی كیمیایـی جیـاواز لـە شـوێنی كاردا. نیشـانەكان لـە سـەرەتادا سـووكن، پاشـان بەرەبـەرە توندتـر دەبـن كە بریتیـن لە: كۆكـەی زیاد بە دەردراوی لینـج، دەنگـی ویـزە لەگـەڵ هەناسـەدا، هەناسـەتەنگی بەتایبەتـی لەكاتـی جووڵـە و مەشـقی وەرزشـیدا، هەسـتكردن بـە توندبوونـی سـینگ. وازهێنـان لـە جگەرەكێشـان گرنگتریـن هەنـگاوە بـۆ چارەسـەركردن و خۆپاراسـتن لـە هەوكردنـی درێژخایەنـی بۆڕیـی هەناسـە، ئینجـا خۆراكـی هاوسـەنگ، دەرمانـی فراوانكەرەوەی بۆرییەكانی هەناسـە، لەگـەڵ دەرمانـی دژەژی بـە ڕێنمایـی دكتـۆر، هەروەهـا پێدانـی ئۆكسـجین Oxygen therapy یـان تەنانـەت گواسـتنەوەی سـییەكان لـە حاڵەتـە سـەختەكاندا.

## ناهاوسەنگیی هۆرمۆن



سیسـتمی كوێرەگلانـدەكان Endocrine و هۆرمۆنەكانی زاوزێ دوو سیسـتمی سـەرەكیی بەرپرسـن لـەو هۆرمۆنانـەی كـە گۆڕانـی فسیۆلۆژی لە نەوجەوانانـدا پەیدا دەكەن. ئەم هۆرمۆنانـە كاریگـەری دەكەنـە سـەر نزیكـەی هەمـوو كۆئەندام و ئەندامەكانی لـەش، ناهاوسـەنگیی هۆرمۆنی بـە شـێوەی زیاددەردان یان كـەم دەردانی هۆرمۆنێـك یـان زیاتـر، كاریگـەریی بەرچـاو پەیـدا دەكات لـە تەمەنـی نەوجەوانیـدا. هـۆكارەكان:

# بۆچی زیاد دانیشتن مەترسییە بۆ تەندروستی؟



ئەمە سەلمێنراوە کە زیاد دانیشتن زیانی تەندروستیی زۆری هەیە، کە هەندێکیان مەترسین بۆ ژیان، بۆنموونە: زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، مەیینی خوێن لەناو خوێنبەرە قووڵەکانی قاچدا Deep vein thrombosis کە حاڵەتێکی مەترسیدارە، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، جەڵتەی مێشك، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، خەڵەفان Dementia، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لەبەر تێکچوونی مامەڵەی لەش لەگەڵ هۆرمۆنی ئینسولیندا، زیادبوونی کێشی لەش، پەستی، زیادبوونی فشار یان بارگرانی لەسەر ماسوولکەکانی پشت کە هۆکارە بۆ ئازاری پشت، ئازاری مل، دەوالیی قاچەکان لەبەر فشاری زۆر لەسەر خوێنهێنەرەکانی قاچ لە ئەنجامی زیاد دانیشتندا، پووکانەوەی ئێسك بەتایبەتی لە بەساڵاچوواندا، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجەی وەکو شێرپەنجەی کۆڵۆن، منداڵدان، لەگەڵ شێرپەنجەی سییەکان.


## ...ی لە نەوجەواناندا

بۆماوە، ستایلی ژیان، خۆراکی ناهاوسەنگ، سترێس بەتایبەتی کە درێژخایەن بێت کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هۆرمۆنی کۆرتیزۆل، کەم خەوی یان کوالێتیی خراپی خەو، هەروەها بەرکەوتن بە کانزا قورسەکانی وەکو قورقوشم و جیوە یان ئەو ماددە کیمیاییە دەرەکییانەی کاریگەریی نەرێنی دەکەنە سەر کوێرەگلاندەکان. نیشانەکانی ناهاوسەنگیی هۆرمۆنی لە کوڕ و کچی نەوجەواندا: هەستکردن بە ماندووبوون، زیادبوون یان کەمبوونەوەی کێشی لەش، تەنکبوونی قژ، زیاد هەستیاربوون بە گەرمی و ساردی، هەڵبەزین و دابەزینی بەرچاوی مەزاج هاوکات لەگەڵ پەستی یان خەمۆکیدا، هەروەها مووەدەردان Hirsutism یان ناڕێکبوونی سووڕی مانگانە لە کچدا.

# هۆکارەکانی کۆکە لە منداڵدا

هـۆکاری زۆربـەی حاڵەتەکانـی کۆکـە لـە منداڵـدا بریتییـە لـە هەوکـردن بـە چەنـد جۆرێکـی ڤایـرۆس ئینجـا بەکتریـا، بۆنموونـە هەڵامـەت، ئەنفلوەنزا، هەوکردنی بۆڕیی هەناسە یـان ڕێـڕەوە وردەکانـی هەناسـە، هەوکردنـی قورقوراگـە، کۆکەڕەشـە Whooping cough، هەوکردنی شانەی سییەکان، ڕەبوو، هەوکردن بە ڤایرۆسـی کۆڤیـد ١٩. پـاش تووشـبوونی منـداڵ بـە کۆکـە، لـەم حاڵەتانـەی خـوارەوەدا پێویسـت بـە سـەردانی دکتـۆر دەکات: ئەگـەر تەمەنـی منـداڵ لـە سێ مانـگ کەمتـر بێـت، ئەگـەر کۆکـە و نیشـانەکانیتر سـووك نەبـوون لـە مـاوەی ٤٨ کاتژمێـردا، یـان کۆکـە و نیشـانەکان بـەرە بـەرە سـەختتر ببـن، هەناسـەتەنگی یـان خێرابوونی هەناسە، سەرئێشە، کاڵبوونی پێست یان شین هەڵگەڕانی لێوەکان، هەروەهـا لەکاتـی بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمیـی لەشـدا. هەنگاوەکانـی خۆپاراسـتن: زوو شووشـتنی دەسـتەکان بەتایبەتـی پـاش کۆکـە یـان پژمیـن، دوورکەوتنـەوە لـە بەکارهێنانـی کەلوپەلـی منداڵیتر لـە هـەر شـوێنێك، بەکارهێنانی کلینیکس لەجیاتـی دەسـتەسـڕی قومـاش و فڕێدانـی پـاش پاککردنـەوەی دەم و لـووت، گرنگیدان بـە خۆراکـی هاوسـەنگ و تەندروسـت، لەگـەڵ تەرخانکردنـی کاتێکـی بـاش بـۆ خـەو.






# ئایا بە ساونا کێشی لەش دادەبەزێت؟

ساونا Sauna بریتییە لە ژوورێکی گەرمکراو، گەرمیی ساونا هاندەرە بۆ زیاد ئارەقەکردن، واتە ونکردنی ڕێژەیەکی زیادی ئاوی لەش، کە لەوانەیە لە دانیشتنێکی ساونادا بگاتە ١-٢ لیتر، کە دەکاتە کەمبوونەوەی ١-٢ کیلۆ کێشی لەش بە ونکردنی ئاو نەك ونکردن یان سووتاندنی چەوریی لەش. ونکردنی کێشی لەش بە کەمبوونەوەی ئاوی لەش کاتییە و هەرگیز بەدەوام نابێت، چونکە لەش پێویستی بە قەرەبووکردنەوەی ئاو دەبێت لە ڕێگەی هەستکردن بە تینووبوون و خواردنەوەی ئاو بۆ هێشتنەوەی ڕێژەی ئاسایی ئاوی لەش. لە لایەکی دیکە گەرمیی ساونا هاندەرە بۆ تاودانی تێکڕای میتابۆلیزم و زیادکردنی لێدانەکانی دڵ کە تا ڕادەیەك هاوشێوەی مەشقێکی هەوایی سووکە، دەرەنجام بڕێکی باشی کالۆری دەسووتێندرێت، بەتایبەتی لەو جۆرانەی ساونادا کە تیشکی ژێر سووریان تێدا بەکار دێت، کە هاندەرە بۆ تاودانی میتابۆلیزم تا ڕێژەی ٣٠٪. بە ڕای پسپۆڕانی تەندروستی، ساونا بە ڕێگەیەکی ئاکتیڤ هەژمار ناکرێت بۆ دابەزاندنی کێشی لەش بە شێوەیەکی تەندروست.

# چۆن تەندروستیی ئێسک دەپارێزیت؟

ئێسکەکان ڕۆڵی گرنگیان لە لەشدا هەیە بۆ پاراستنی شێوەی لەش، ڕاگرتنی پەیکەرە ماسوولکەکان، خەزنکردنی کانزای کالسیۆم، هەروەها پاراستنی ئەندامەکانی وەکو مێشك، دڵ، سییەکان. هەنگاوەکانی پاراستنی تەندروستیی ئێسك: کۆنتڕۆڵکردنی کێشی لەش، چونکە زیادبوون و کەمبوونی کێشی لەش هەردووکیان ئێسك لاواز دەکەن، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی، وەك: پیادەڕۆیی، ڕاکردن، هەڵگرتنی قورسایی کە ڕۆڵیان هەیە بۆ بەهێزکردنی ماسوولکە و ئێسکەکان، کەمکردنەوە یان وازهێنان لە جگەرەکێشان لەو کاتەی کە جگەرە ئەگەری تووشبوون بە لاوازبوون و پووکانەوەی ئێسك Osteoporosis بەرز دەکاتەوە، دوورکەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان، دابینکردنی بڕی تەواوی ڤیتامین D بە خۆدانە بەر تیشکی خۆر لەگەڵ ئەنجامدانی پشکنینی خوێن بۆ زانینی ڕێژەی ئەم ڤیتامینە لە لەشدا و بەکارهێنانی ڤیتامین D3 بە ڕێنمایی دکتۆر، ئەگەر پێویست بکات، هەروەها پابەندبوون بە خۆراکێکی تەندروست کە بڕی پێویست لە مادده خۆراکییە پێویستەکان لەخۆ بگرێت، بەتایبەتی کانزای کالسیۆم وەك: شیر، پەنیر، ماست، باوی.



# ئامرازێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی داتاکان



ئامێرەکانی گواستنەوەی داتاکان وەك میمۆری کارت، فلاش میمۆری، هارد.. تاد ئامێری گرنگ و دەتوانن بە خێراییەکی زۆر داتاکان بگوازنەوە، بەڵام ئەگەر بەکارهێنەر بیهەوێت لە هەموو ئەو ئامرازانە سوود وەربگرێت، دەبێ هەر جارەی یەکێك لە ئامرازەکان بخاتە سەر کۆمپیوتەر یا کامێرا یا مۆبایل.. ئامێرێك بەرهەم هاتووە بەناوی ASuizo Caze کە کارئاسانییەکی زۆر دەکات لەم بوارەدا.

ئامێرەکە لەیەك کاتدا دەکرێت زۆربەی ئامرازەکانی گواستنەوە، وەك میمۆری کارت، فلاش میمۆری بە هەموو جۆرەکانییەوە بخەیە سەر ئەو ئامێرە و بەکارهێنەر دەتوانێت کام ئامرازی لا مەبەست بێت ئەو هەڵبژێری. یان کاتێك بەکارهێنەرێکی کامێرایی فۆتۆگرافی میمۆرییەکەی بەرەو کۆتایی دەڕوات، پێویست ناکات میمۆری زیادی بخاتە سەر کامێرا و ئامێرێکی ASuizo Caze لابێت دەتوانێت لەیە کاتدا دە میمۆری کارتی بخاتە سەر و بە خێراییەکی زۆریش داتاکان بگوازێتەوە. خێرایی گواستنەوە لەو ئامێرەدا دە گیگابایتە. خۆی لە ئەلەمینیۆم دروستکراوە و دژە تەڕبوونە.



# پرێنتەر یا کۆمپیوتەر ئامێرێکی ناوازەی توشیبا

کۆمپیوتەر و پرێنتەر هەمیشە دوو ئامێری لێکجودا بوونە، پرینتەر وەك ئامێرێکی لاوەکی کۆمپیوتەر داتاکانی دیجیتالی دەخاتە سەر کاغەز. کۆمپانیای توشیبای ژاپۆنی کە یەکێکە لە کۆمپانیا دێرینەکانی بواری بەرهەمهێنانی ئامێرە سەردەمییەکان، کۆمپیوتەری جۆری Jimucon SJ-9500 بەرهە هێناوە لەیەك کاتدا هەم کۆمپیوتەرە و هەم پرینتەر. پێکهاتووە لە پرێنتەرێك و شاشەیەکی ١٥ ئینجی. زیاتر بۆ کاروباری ئیداری سوودی لێوەردەگیردرێت. خاڵی جێگای سەرنجی کۆمپیوتەرەکە ئەوەیە دوو هاردی تایبەتی لەسەر دانراوە، هاردەکان هەردووکیان لە جۆری SSDین، یەکێکیان بۆ وەگەڕخستنی پرۆگرامەکان و یەکێکیان بۆ هەڵگرتنی داتاکان. کێشەی گەورەی کۆمپیوتەرەکە ئەوەیە کە کێشی زۆرە ٢٣ کیلۆ بۆ کۆمپیوتەر و پرێنتەرێك کێشێکی یەکجار زۆرە. کۆمپیوتەرە ناوازەکە ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و هاردەکانی ٢٤٠ گیگابایتن.




# کیبۆردێکی ناوازە دەبێتە شاشە

تەختەی دوگمەکانی کۆمپیوتەر بەشێکی گرنگی پارچەی لاوەکی کۆمپیوتەرە، لەم دواییانەدا لە داهێنانێکی نوێدا تەختە دوگمەیەك بەرهەم هاتووە دەکرێت وەك شاشەیەکی لاوەکیش سوودی لێوەربگیردرێت.

کیبۆردەکە بە DS Pixel ناسراوە، خۆی لەخۆیدا شاشەیەکی لەمسییە و شوێنی دوگمەکانی لەسەر دیارە. شاشەکە ٦٠ هێرتزە بە ڕوونی ٣٨٤٠ نیشان دەدات. بەهۆی ئەوەی شوێنی کێبڵی HDMI هەیە دەکرێت وەك شاشەی لاوەکی دابندرێت و لە مۆبایل یا کۆمپیوتەر پەیوەند بدرێت. خۆی شەحن دەبێتەوە و لە هەر شەحنکردنەوەیەکیشدا هەتا ١٢ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. جگە لەوەش دوو بڵندگۆشی لەسەرە و پێویست بە سپیکەری زیادی ناکات. دەکرێت لەیەك کاتدا هەم دوگمەی تایپ کردن دیار بێت و هەم لە ژێر دوگمەکاندا شاشەیەك بۆ نیشاندانی ڤیدیۆ دیار بێت. کیبۆردەکە لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی ویندۆز و لینۆکس و ماك دەگونجێت. دەکرێ لەسەر هەر دوگمەیەکیش هێمایەك دابنێی.




# ئامێرێکی گرنگ بۆ پێوانەی نەخشە و ئەندازە

فووتە یا (مەتر) ئامێرێکە مێژوویەکی سەدان ساڵەی هەیە، بۆ پێوانە و ئەندازە لە فووتە سوود وەرگیراوە. لە سەردەمی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیای سەردەمدا ئامێری زۆر تایبەت لەم بوارەدا بەرهەم هاتوون، ئامێری جۆری hozo m cube laser یەکێکە لەم ئامێرانە. ئامێرێکی بچووك بۆ گرتنی هەر ئەندازەیەك بە وردبینییەکی زۆرەوە.

ئامێرەکە تەنیا بە تیشکی لەیزەر کاری پێوانە و ئەندازە دەکات. لەیەك چرکەدا مەودای ٥٠ مەتری دەپێوێت. گرنگ نییە شوێنەکان ڕاست بن، یا لە پەنای یەك بن یا بەربەستیان لەنێوان دابێت. لە ملمەوە هەتا سەدان مەتر دەپێوێت. بۆ بواری نەخشەسازی و بیناسازیدا گرنگی تایبەتی هەیە. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و ڕاستەوخۆ داتاکان بۆ مۆبایل دەگوازێتەوە. هەموو داتاکانیش لەخۆیدا خەزن دەکات. کێشی تەنیا ٩٠ گرامە و قەبارەی لە مۆبایلێك بچووکترە. شەحن دەبێتەوە.



# کیبۆردێک بۆ گشت ئامێرێک

ئێستا تەنیا مۆبایل و کۆمپیوتەر نییە پێویستیان بە کیبۆردە، بەڵکو تەلەڤزیۆنە سمارتەکان، ئامێرەکانی گەیم وەك پلەی ستەیشن و ئیکس بۆکس و ..تاد. ئەوانە هەموویان پێویستیان بە کیبۆردە. کیبۆردێك بۆ گشت ئامێرێك چ باشتر و لەوە باشتر کیبۆردەکە بچووك بێت و هەڵگرتنی ئاسان بێت.

کیبۆردی جۆری QWERTY لەراستیدا مینی کیبۆردە، واتە بچکۆلانە کیبۆرد! کیبۆردەکە ڕەنگە بۆ کۆمپیوتەر گونجاو نەبێت، بەڵام بۆ مۆبایل و تیڤی و ئامێرەکانی دیکە زۆر گونجاوە، بەتایبەتی ئەو ئامێرانەی تایبەتن بەگەیم. تۆچ پەدێکی تایبەتی هەیە کە شوێنی ماوسی گرتۆتەوە. بە سیستەمی بلوتوس لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەند دەدرێت، ئەگەر مەودای دە مەتریش دوور لە ئامێرەکان بن کێشەی نییە. کاتێك شەحن دەکرێتەوە هەتا ٥٠ ڕۆژ پێویستی بە شەحنکردنەوە نییە.




## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت کێشە و گرفتی رامی کۆمپیوتەر چییە و چۆن دەستنیشان دەکرێت؟**

خوێنەری بەڕێز، دەبێ لەسەرەتادا بزانین چۆن دەستنیشانی گرفتەکە بکەین. ئەگەر کۆمپیوتەرەکەت زوو رادەوەستێت، خێرایی دابەزیوە، لەخۆوە دەکوژێتەوە، لە کردنەوەی پرۆگرامێکدا قفڵ دەکات..تاد. ئەمانە گشتیان هۆکاری خراپ بوونی رامن. بۆ چارەسەریش یەکەم بزانە بەهۆی زەربە پێکەوتنی کۆمپیوتەر، رامەکە لە شوێنی خۆی نەجوڵاوە، یان دەبێ بزانی رامی کۆمپیوتەرەکەت پڕ نەبووە. یان پرۆگرامێکی قورست دانەبەزاندووە ببێتەهۆی ئەوەی رامەکە تێك چووبێت. بەهۆی پرۆگرامی MemTest86 دەتوانیت تێستی رامەکەت بکەی و هەموو گرفتەکانت نیشان دەدات.

# ئۆربێت کارت بۆ دۆزینەوەی ئامێرەکانتان

ئامێرەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی کەلوپەلەکان زۆرن و جۆراوجۆرن، هەندێکیان بەقەد دوگمەیەك دەبن و هەندێکیان گەورەتر، بەڵام «ئۆربێت کارت» لە گشت ئەو ئامێرانەی تایبەتن بە دۆزینەوە، تەنکترە. بارستاییەکەی بەقەد بزنس کارتێك دەبێت. لە بلوتوسی پێنج سوود وەردەگرێت، دەبێت ئامێرەکە لەسەرەتادا لەگەڵ مۆبایل جا هەر سیستەمێك بێت پەیوەند بدەی، پرۆگرامێکی تایبەت بە «ئۆربێت» لەسەر مۆبایل دابەزێنی، دواتر بە داگرتنی دوگمەیەك لەسەر مۆبایلەکە، سپیکەری «ئۆربێت» دەست دەکات بە مۆسیقی لێدان. هەتا بیست مەتر بە دەوری خۆیدا دەتوانی ئامێرەکان بدۆزیەوە. بەهۆی سیستەمی GPSەوە دەکرێت لە هەر شوێنێك بێت و مەوداکەی هەرچەند بێت شتەکان بدۆزیەوە. زۆرتر ئەو کارتە دۆزەرەوەیە بۆ ئەو کەسانە گونجاوە کە شت لە بیر دەکەن. لەسەر مۆبایلەکە شوێنی ڕاستەوخۆی کەلوپەلەکان دەبینیەوە، جگەلەوەش بۆ وێنەگرتنی سێلفیش بەکار دێت و دەتوانی وەك دوگمەی وێنەگرتن سوودی لێوەربگیردرێت. سیستەمی GPS هەیە و شەحن دەکرێتەوە و هەتا سێ مانگیش پێویستی بە شەحنکردنەوە نابێت. دەکرێت وەك ئامێری دژە دزین بۆ ئۆتۆمبیلیش بەکار بێت. کێشی تەنیا (١٠) گرامە. سیستەمی پەنجە مۆری تێدایە.






# وێستگەیەکی پاوەربانک بۆ گشت ئامێرێک

پاوەربانك بەتایبەتی بۆ گەشت و گەڕانەکان و ئەو شوێنانەی وزەی کارەبای نییە، بایەخێکی یەکجار زۆری هەیە و چونکە بەبێ پاوەربانك بەتایبەتی ئەگەر گەشتەکەت زۆر بخایەنێ، ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە بارگاوی کردنە سوودێکی ئەوتۆیان نییە.

پاوەربانکەکانیش دوو جۆرن، جۆرێکیان بچووکن و هەڵگرتنیان ئاسانە و تەنیا ئامێرە بچووکەکان شەحن دەکەنەوە وەك: مۆبایل و کامێرا و تەبلێت و کاتژمێر...تاد. بەشێکیان بە کێش و قەبارە گەورەترن و توانای زیاتریان هەیەو دەتوانن ئامێرە گەورەکانی وەك کۆمپیوتەر بە هەردوو جۆرەکەیەوە واتە لاپتۆپ و دیسکتۆپ شەحن بکەنەوە و لە گەشتەکاندا دەتوانن لەیەك کاتدا چەندین ئامێر پێکەوە شەحن بکەنەوە.

پاوەربانکی جۆری SOLIX C300 لەریزی ئەم پاوەربانکانە دێت، پاوەربانکەکە کێشەکەی دوو کیلۆ و نیوە، شوێنی بارگاوی کردنی حەوت ئامێری هەیە. بەبێ کێشە توانای شەحنکردنەوەی لاپتۆپیشی هەیە، هێزەکەی ٩٠٠٠٠ میلی ئامپێرە، خێرا شەحن دەبێتەوە واتە لە کاتژمێر و نیوێکدا شەحن دەبێتەوە، جگە لەوەی بە کارەبا بارگاوی دەبێت لە گەشت و گەڕاندا دەکرێت بە تیشکی خۆر شەحن بێتەوە، خۆی شەش پەنێڵی لەگەڵدایە. شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ زانیاری لەبارەی شەحنکردنەوە، هەروەها خۆی گلۆپی ڕووناکی تێدایە.



## ماڵپەڕێکی ژێری دەستکرد بۆ هەموو مەبەستێک

ماڵپەڕەکانی ژیریی دەستکرد زیاتر لە چوارچێوەی یەك ئامانج و مەبەستدا دەخولێنەوە، بەڵام ماڵپەڕی ژیریی دەستکردی Visme.com لەریزی باشترین ماڵپەڕەکانی ژیری دەستکرد دێت تەنیا تایبەت بە بازنەیەکی دیاریکراو نییە، بەڵکو هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی تایبەتن بە ژیریی دەستکرد دەیگرێتەوە. بۆ نموونە:

بۆ دروستکردنی پاوەرپۆینت و نیشاندانی سلایدشۆ، بۆ دروستکردنی کاری گرافیك وەك برۆشۆر و بێنر و کاری ریکلام. دەتوانێت بە نووسین وێنە دروست بکات و بابەت بنووسێت و دەق بکاتە دەنگ. بە کورتی ماڵپەڕی ناوبراو کۆکەرەوەی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەیە کە لە ماڵپەڕەکانی دیکەدا هەیە.

# پرۆگرامێک تایبەت بە دارتاشی

دارتاشی (نجاری) یەکێکە لە پیشە هەرە دێرینەکانی مرۆڤایەتی، ئەو پیشەیە دەکرێت بڵێین بەر لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیش هەر هەبووە. لەم سەردەمەی تەکنەلۆژیای سەردەمیشدا ئەو پیشەیە زیاتر پەرەی سەندووە.

بۆ فێربوونی پیشەی دارتاشی دەیان پرۆگرامی تایبەت بە پیشەیە هەیە، یەکێك لەو پرۆگرامانە، SketchList 3Dیە. پرۆگرامێکە بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی پیشەی دارتاشی دەکەن پەرەی پێدراوە. کارکردن لەسەر ئەو پرۆگرامە وەك ئەوە وایە لە کارگەیەکی دارتاشی بی و خۆت ئامێرەکان دروست بکەی. بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی لەتکردن، پێوە نووساندن و کون کردنی دار بەشێوەی مەجازی ببنی و بەرهەمێك دروست بکەی وەك ئەوە وابێت لە جیهانی واقیعی دابێت. بەرهەمەکان بەشێوەی سێ ڕەهەندی نیشان دەدرێن و بەکارهێنەر دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا فێری پیشەی دارتاشی بێت. هەموو ئەو ئامرازانەی لە جیهانی واقیعی بۆ دروستکردنی دارتاشی پێویستن لە جیهانی مەجازی و لەو پرۆگرامەدا هەن.



# کاتژمێری شینی ئاسمانی دیزاینەکان ڕزاوەتر دەکەن




ئاسمان سەرچاوەیەکی زیندوو و ئیلهامبەخشە بۆ خۆشەویستانی هونەر و جوانی، زۆرجار دیزاینەران ئیلهام لە ڕەنگە ئەفسوناوییەکەی ئاسمان وەردەگرن، بۆ پێشکەشکردنی ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤ کەمەندکێش دەکەن .

یەکێك لە ڕەنگە جوانەکانی ئاسمان شینی ئاسمانییە، کە لە ڕۆژە درەوشاوەکانی هاویندا سەرنجمان ڕادەکێشێت و یەکێکە لەو ڕەنگانەی لە تەماشاکردنی تێر نابین، هەمیشە ئەو دیزاینانە سەرنجمان ڕادەکێشن کە بە شێوەیەکی ڕەسەن و زیندوو خانمانی مۆدێرن بەدوای درەوشاوەیی و جیاوازییەکەیدا دەگەڕێن. کاتژمێر بە هێڵە چەماوە و سادەکانیەوە لە هونەری کاتژمێرسازیدا بە شاکارێکی ژنانە دادەنرێت.

ئێمەش ئەم کاتژمێرەمان بۆ ئێوە هەڵبژارد، کە بە ڕەنگی شینی ئاسمانیی نەرم و بە چوارچێوەیەکی گەورەی بازنەیی لە زێرپیەمەیی و پۆڵای دژە ژەنگ، سەرنجی ڕاکێشاین، کاتژمێرێك ناوەوەی بە ڕەنگی شینی فەیروزەیی ڕازاوەتەوە، لە ناوەوەیدا سێ دەنکۆڵە ئەڵماس بە کێشی ٠,٢٥ قیرات بۆ زیادکردنی لوکس و سەرنجڕاکێشییەکەی سەما دەکەن.

ئامادەکردنی: شیلان عەلی




# ئامۆژگاری بۆ ڕازاندنەوە ژوورێکی نانخواردنی تەنگەبەر

ژووری نانخواردن هەرچەندە بچووك بێت، لەگەڵ گرنگیدان بە قەبارەی مۆبیلیاتەکان سەرنجڕاکێش دەبێت، بۆ ئەوەی شوێنەکە گونجاو بێت بۆ بەسەربردنی کاتی ژەمەکان و گفتوگۆکردن بە ئاسوودەیی لە کاتی دانیشتندا .

- کورسی: پێویستە کورسیی بێ دەسك هەڵبژێردرێت، چونکە ئەوانەی دەسکیان هەیە بەشێکی شوێنەکە داگیر دەکەن، قەبارەی ستانداردی کورسی ٤٥ سانتیمەترە، بەڵام پێویستە گرنگی بدەیت بە جێهێشتنی١٥ سانتیمەتر شوێنی بەتاڵ لە نێوان کورسییەکاندا، ئەمە جگە لە ٧٠ سانتیمەتر بۆشایی لە نێوان دیوار (یان کۆنسۆڵ) و کورسییەکاندا، بۆ ئاسانکاریی جووڵەی دانیشتووان. کورسییەکان زیاتر بە قوماشی سادە ڕووپۆش دەکرێن، بەڵام بۆ ئەوانەی کە حەزیان لە نەخشە، باشترە کە دوو کورسیی هەردوو لای مێزەکە بە قوماشێکی هێڵدار داپۆشرێت.
- مێز: مێزی خڕ گونجاوە بۆ شوێنێکی شێوە چوارگۆشە، بەڵام یەکێك لە زیانەکانی شێوەی خڕ لە شوێنێکی تەسکدا، ئەوەیە کە ژمارەیەك کورسی لەدەست دەدات، هەروەها ئاسانکاری بۆ جووڵە بۆ کەسی دانیشتوو کەم دەبێتەوە.

لە ڕووی سەرمێزەوە، مەڕمەڕ سەرنجڕاکێش دەردەکەوێت، بە تایبەت مەڕمەڕی کەلکەتا، بە ڕەنگی سپی یان ڕەش، هاوکات لە بەرامبەردا سەرمێزی شووشەی ڕەش بەناوبانگە.









# ماسکی برنج بۆ قژ: چارەسەرێکی سرووشتیی ماڵەوە بۆ قژ و کێشەکانی پێستی سەر

ئایا دەزانی برنج یەکێکە لەو پێکهاتە سرووشتییانەی کە کاریگەرە لە چاودێریکردنی قژدا؟ ئەمەش بەو پێیەی پێشترخانمان باشترین ماسکی سرووشتییان لە برنج دروست دەکرد، کە خۆراکی پێویست و شێداری بە قژ دەبەخشێت بەهۆی دەوڵەمەندیی بە ترشە ئەمینییەکان و ڤیتامینەکان و کانزاکان و دژە ئۆکسانەکان.

چۆنیەتی ئامادەکردن و بەکارهێنانی ئاوی برنج بۆ قژ

١- کوپێك برنج بشۆرەوە بۆ ئەوەی پیسی و خڵتەکانی لێی دەربهێنێت، پاشان بیخە ناو ئاوەوە بۆ ماوەی ٣٠ خولەك تا یەك کاتژمێر.

٢- ئاوی برنجەکە لە قاپێکی پاکدا بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێردا بەجێی بهێڵە، دواتر بیپاڵێوە بۆ ئەوەی سوودی باشتر بەدەست بهێنیت.

٣- ئاوی برنجەکە وەك ماسك بدە لە قژت لە ڕەگەوە تا کۆتاییەکانی و هەروەها لەسەر پێستی سەرت، و بۆ ماوەی نیو خولەك بەجێی بهێڵە.

٤- بە شامپۆیەکی سووك قژت بە باشی بشۆ و بیشۆ و کۆندیشنەری قژت لێبدە، پاشان دووبارە بە ئاوی شلەتێن بیشۆ.

# نەوەکەی ناپلیۆن بازرگانە

«جان کریستۆف بۆناپارت» میراتگری شەرعیی تەختی ئیمپراتۆری فەرەنسایە کە لەلایەن ناپلیۆن بۆناپارتەوە دامەزراوە، جان نەوەی برای ناپلیۆنە نەك نەوەیەکی ڕاستەوخۆی ناپلیۆن خۆی، جان تەمەنی ٣٨ ساڵە و وەك بازرگانێك کار دەکات و چەندین چالاکیی لە نێوان لەندەن و پاریس ئەنجام دەدات، ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە نایەوێت لە وەهمدا بژی یان لە ڕابردوودا بژی، بەڵکو زیاتر پێی باشە لە سەردەمی خۆیدا بژی، جان کریستۆف بۆناپارت هاوسەرگیریی لەگەڵ «کوانتێس ئۆڵیمپیا ڤۆن وند سی ئارکۆ زینبێرگ» کردووە، کە نەوەیەکی ئیمپراتۆری نەمسا «کارلی» یەکەمە و تەمەنی ٣٦ ساڵە. ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ لە کاتدراڵی سانت لویس لە پاریس بەڕێوە چوو.



## گورگی هـ

گوورگی ئیپیوپیا، کاری گواستنەوەی تۆوی ڕووەکەکان ئەنجام دەدات، ئەمە یەکەمجارە سەرنجی ئاژەڵێکی گۆشتخۆر بدرێت کە کاری گواستنەوەی تۆوی ڕووەکەکان ئەنجام بدات. زۆر بە سەرسامییەوە، سەرنجدراوە ئەم جۆرە گوورگە، کە بە Canis simensis ناسراوە و تەنیا ٥٠٠ دانەیان ماوەتەوە لە ناوچە بەرزەکانی ئیپیوپیا، شیلەی گووڵی Kniphofia foliosa دەخۆن. بەو کارەشیان، لمۆزیان دەخەنە ناو گوڵەکەوە و لە ئەنجامدا تۆوی گوڵەکە پێوەی دەنوسێت و پاشان دەیگوازنەوە بۆ ڕووەکێکی دی، لەوێوە کاری پیتاندن ئەنجام دەدرێ. سەرنجدرا هەر یەك لەم گورگانە،



## ـــــــەنگ و پەپوولە

سەردانی نزیکەی ٣٠ گوڵ دەکات لە ڕۆژێکدا، لە هەمووشی گرنگتر دەرکەوت بە شێوەیەکی بەردەوام ئەو کارە دەکەن و هەڵسوکەوتێکی ڕێکەوت نییە، شایەنی ئاماژەپێدانە شیلەی گوڵی ئەم ڕووەکە (Kniphofia foliosa)، زۆر گرنگە بۆ خەڵکانی ئەو ناوچەیە و وەك شەکر بەکاری دەهێنن بۆ شیرنکردنی قاوە و کولێرە. ئەمە دیاردەیەکی زۆر سەرنجراکێشەرە و بۆ یەکەمجارە سەرنجی ئاژەڵێکی گۆشتخۆر بدرێت کە کاری گواستنەوەی تۆوی ڕووەکەکان ئەنجام بدات.



## فیستیڤاڵی هەنار و کەرەستە و خواردنی کوردەواری

سالّی ڕابردوو لە مانگی یانزە، فیستیڤاڵی هەنار لە هەولێر بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەڕێوە چوو، ئەمساڵ کە وەك فیستیڤاڵێکی ساڵانە لە مانگی یانزەدا لە شاری هەڵەبجە بەڕێوە چوو، لە مانگی دوانزەش دیسانەوە لە هەولێر بە درووشمی پێکەوەژیان و ئاشتی، فیستیڤاڵی هەنار و کەرەستە و خواردنی کوردەواری لەبەردەم پارکی شانەدەر بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەڕێوە چوو، بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە فیستیڤاڵە کات و شوێن و پانتاییەکی تەواوی پێویستە، تا ئەو هەموو کەرەستە و کەلوپەل و خۆراکی کوردەواری و میوە و سەوزە و خشڵ و جلوبەرگ و یاریی منداڵان ڕێك بخرێت، سەرەتای بیرۆکەی فیستیڤاڵی هەنار لە ساڵی ٢٠١٦ لە هەولێر هاتە ئاراوە، کە لە سەردەمی شەڕی داعشدا بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و سەرنجی گەشتیاران بەڕێوە چوو، لە فیستیڤاڵەکەدا زیاتر لە ١٠٠ کۆشکی بچووك بۆ ئامادەکاران و نمایشکارانی بەرهەمەکانیان دانرابوون، ڕۆژانە گەشتیاران و خەڵکی شارەکانی کوردستان بە تامەزرۆییەوە سەردانی فیستیڤاڵەکەیان دەکرد، «ڕووکار تەها» کارمەندی فرۆکەخانە یەکێك بوو لە سەردانیکەرانی فیستیڤاڵەکە، بەم جۆرە ڕای خۆی لەبارەی ڤیستیڤاڵەکەوە ڕاگەیاند: «فیستیڤاڵی لەم جۆرە کە نمایشی کەلوپەل و کەرەستەی کوردی و خواردنە کوردەوارییەکانن، هەروەها ڕێگەیەکە بۆ ساغکردنەوەی بەرهەمی ناوخۆ». هاوکات «ئەمەل سانی» مامۆستای زانکۆ یەکێکی دیکە بوو لە ئامادەبووانی فیستیڤاڵەکە گوتی: «بیرۆکەیەکی جوانە، دەتوانیت بە ماوەیەکی کەم زۆرترین کەرەستە و کەلوپەل لێرە بە نرخێکی باش بەدەست بهێنیت، هەروەها دەرفەتێکە بۆ دەستخستن و کەرەستە و پارێزگاریکردن لە کەلوپەلی کوردەواری و بەروبوومی خۆماڵی».









# ئافرەتە کریستیانەکانی هاوشێوەی موسڵمانان

لە شاری ڕۆستۆڤی ڕووسیا هەندێك ئافرەت جلوبەرگی شل و سەرپۆشێکیان بەسەرەوەیە کە لە حیجاب دەچێت، مەسیحییەکانی مەزهەبی ئۆرتۆدۆکسی یۆنانی لە ڕووسیا مەزهەبێکی زۆر ئاینییە، تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێکیان خۆیان لە فێرکردنی منداڵەکانیان لە قوتابخانە حکومییەکان بەدوور دەگرن، چونکە بەپێی وەسفی خۆیان (قوتابخانەی عەلمانی)ن. ژنانی ئەم مەزهەبە هەر لە منداڵییەوە سەرداپۆشراون و قسەکردن لەگەڵ پیاوی نامۆ بە حەرام دادەنرێت.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە تێکەڵی نێوان سەردەمی کۆن و ئێستادا دەکرێت، بە جۆرێك تەکنەلۆژیا لە هەموو ئاست و شوێنێکدا جێگەی بووەتەوە، تەنانەت مەڕوماڵاتیش تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنن.



## دیمەنە سەیرەکان

**ژێردەریایی ناوەکی**

ژێر دەریایی ناوەکی تەنیا پێویستی بە چوار کیلۆگرام یۆرانیۆم هەیە بۆ ئەوەی بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ بەبێ سووتەمەنی کار بکات.

## یاسا



**هاوسەری شەرعی و مەدەنی**

لە هاوسەرگیریی شەرعیدا پێویستە مەرج و پایە (شروگ و ارکان)ی پێویست فەراهەم بێت، ئینجا بە تەواو دادەنرێت، وەك لە مادە (٣) برگە (١)ی یاسادا هاتووە «هاوژینی گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان پیاو و ئافرەتدا، بە گوێرەی ئەم گرێبەستە هەریەکەیان بۆ ئەوی دیکە حەلاڵ دەبێت لە ڕووی شەرعەوە، مەبەست لە هاوژینی بریتییە لە پێکهێنانی خێزان لەسەر بنەمای سۆز و بەزەیی و لێپرسراوێتیی هاوبەش. لە هاوسەرگیریی مەدەنیدا ئەوەی گرنگیی پێ دەدرێت بریتین لە «مارەیی ئافرەت، ڕەزامەندیی وەلی ئەمر، جیاوازیی ئایین، بوونی دوو شاهید، واجببوونی بژێوی ژن لەسەر مێرد، فرەژنی، گوێڕایەڵیی ژن بۆ مێرد، مەرج و پێویستییەکانی تەڵاقدان و جیابوونەوە»، بۆ بە دروستدانانی گرێبەستی هاوسەرگیری لە ڕووی شەرع و یاساوە دەکرێت هەندێك لەم بابەتانەیان پێچەوانە بکرێت و کاریگەرییشی نابێت لەسەر دروستیی گرێبەستەکە، بۆ نموونە کاتێك ژن خاوەن مووچەی خۆی بێت دەکرێت بژێوی مێردەکەی ڕەت بکاتەوە، چونکە ئەمە مافێکی تایبەتی خۆیەتی و دەکرێت تەنازولی لێ بکرێت، بەڵام لەڕووی شەرع و یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، ناکرێت ئافرەتی موسوڵمان مێرد بە پیاوی نا موسوڵمان بکات، تەنانەت ئەگەر پیاوەکە ئەهلی کتابیش بێت. بۆیە شەرع و یاسا هیچ ناکۆکییەکیان نییە لەگەڵ هەر هاوژینییەك جا لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، بە مەرجێك سنووری شەرعی تێدا ڕەچاو بکرێت و مەرج و پایە پێویستەکانی تێدا بێتە دی، بە پێچەوانەوە بە پووچەڵ ئەژمار دەکرێت و دانی پێدا نانرێت لە ڕووی شەرع و یاساشەوە لە هەرێمی کوردستان.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتی ئەوە نییە خولەکەکانی ژیانت بە چەند کێشەیەکی بێسوودەوە بەهەدەر بدەیت، پێویستە زیاتر سەرنجت لەسەر پیشەکەت بێت و ئامانجەکانت لەبیر نەکەیت، زیاتر گرنگی بە ئەندامانی خێزانەکەت بدە، هەوڵ بدە وەرزشکردن و سیستمی خۆراکی تەندروست بکەیت بە بەشێك لە ڕۆتینی ژیانت.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

باشترە هاوسەنگی ڕابگرین لە نێوان کارەکانت و خێزانەکەتدا، سەرقاڵبوونت لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دوور خستویتەتەوە، پێویستە تێبگەیت لەوەی سترێس ڕێگری دەکات لەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، کاتەکانت تەرخان بکە بۆ چەند چالاکییەکی سوودبەخش.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە لایەنی سۆزدارییەوە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت زۆ باشە، لەگەڵ ئەوەی چەند ڕێگرییەك دێتە پێشت، بەڵام ئەمە هۆکار نابێت بۆ ئەوەی خۆشەویستیتان کەم ببێتەوە، لە لایەنی پیشەییەوە کەمێك هەست بە مانوبون دەکەیت و پێویستت بە پشووەرگرتن هەیە.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢


بەهۆی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی کە دروست بووە لە ژیانتدا زیاتر نیگەران دەبیت و هەست بە سترێس دەکەیت، ئەگەر دەتەوێت لە لایەنی پیشەییەوە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت، ئەمڕۆ ڕۆژێکی باش دەبێت، لە لایەنی سۆزدارییەوە خۆشەویستەکەت دەیەوێت کاتی زیاترت لەگەڵدا بەسەر بەرێت، کاتی بۆ تەرخان بکە.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە دڵخۆشیت، خۆشەویستەکەت لە هەر کێشەدا یارمەیت دەدات و پاڵپشتیت دەکات، دەتوانیت بڕۆیتە دەرەوە و کات لەگەڵ کەسە نزیکەکانت بەسەر ببەیت، هیچ هۆکارێك نییە بۆئەوەی نیگەران بیت، دەربارەی تەندروستیت پێویستە لە خواردنی چەور دوور بکەویتەوە.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی باشدەبێت، لە ژیانی تایبەتیتدا لەگەڵ کەسانی چواردەورت پەیوەندییەکی پتەوت هەیە، ئەمەش هۆکارە بۆئەوەی هەست بە دڵخۆشی بکەیت، ڕێزگرتنی کەسانی چواردەورت دەبێتە هۆی ئەوەی بە ئەرێنی دەربارەی تۆ بیربکەنەوە، تەندروستیت بەرەو باشی دەچێت.



## پەند و وتە

نووسەری مەکسیکی «ئۆکتاڤیۆ پاز لۆزانۆ» لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری مەکسیکۆ سیتی لە مەکسیک لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩٩٨ لە مەکسیک کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ژیانکردنێکی ئاسایی دەڵێ: «توانای بینینی داهاتوو بە شێوەیەکی سادە، گوزەرکردنی ژیانی ڕۆژانە، خۆ گونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا، بە جوانترین ڕێگەی ژیانکردن دادەنرێت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەیە، یەکێکیان دارە و ئەوەی دیکە مرۆڤە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا هەردوو دیمەنەکە دیاری بکەیت.

بۆ زانیاریت

## دەرمانی Glyphosate



توێژینەوەیەکی نوێ دەریدەخات دەرمانی گیاکوژێکی بەربڵاوە، دەبێتە هۆی هەوکردنی درێژخایەنی مێشک و زووتوشبوون بە نەخۆشی ئەلزهایمەر لە مشکەکاندا، تەنانەت دوای بەرکەوتنی کورتخایەنیش بە دەرمانەکە، هەر دەبێتە هۆی هەوکردن و زیانی دەماری، هەروەها دڵەڕاوکێ و مردنی پێشوەختە. توێژینەوەکە دەریخستووە کە میتابۆلیزمی گلایفۆسات (glyphosate) ترشی aminomethylphosate لە شانەکانی مێشکدا کۆ دەکاتەوە، ئەمەش نیگەرانیی زۆری دروست کردووە سەبارەت بە سەلامەتی مرۆڤ. توێژەران جەخت لەسەر پێویستیی لێکۆڵینەوەی زیاتر دەکەنەوە لە ڕۆڵی دەرمانی glyphosate لە نەخۆشییەکانی تێکچوونی دەماری و کاریگەریی لەسەر تەندروستی بە گشتی. ئەم دەرئەنجامانە بەرەنگاری ئەو گریمانانە دەبنەوە سەبارەت بە سەلامەتیی دەرمانەکە و، مەترسییەکانی بۆ تەندروستیی مێشک دەردەخەن.

فیلم

## مەجووڵێ - Don›t Move




فیلمێکی ترسناک و سەرکێشییە، باس لە بکوژێک دەکات کە لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە، خەڵک چالاک دەکات تا بەرگەی ڕاکردنی زیاتر بگرن، پاشان داوایان لێ دەکات ڕابکەن، خۆیشی بە تەقەکردن دوایان دەکەوێت و دەیانکوژێت. دوای ئەوەی یەکێك لە قوربانییەکانی بە زیرەکیی خۆی، خۆی لە کاریگەریی ئەو دەرزییە ڕزگار دەکات و بە تەقەکردن دوای بکوژەکە دەکەوێت، تا ئەو کاتەی جەستەی بە تەواوی گۆڵلەئاژن دەکات. ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٢) خولەکە، لە دەرهێنانی ئادەم شاندلەر، برایەن نیتۆ، نووسینی زاك کۆپێرستن، لە نواندنی: کیسلی ئەسابیل، فین واتترۆك، دانیال فرنسیس، مۆرای ترادوێل.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەتەوێت پیشەکەت فراوان بکەیت و پەرەی پێ بدەیت، ئەمەش پێویستی بە پلانی ورد هەیە، پێویستە بەوریاییەوە کاری لەسەر بکەیت، دەربارەی ژیانی تایبەتیت هەندێك سترێست هەیە، بەتایبەتی لە چوارچێوەی ماڵەکەتدا، پێویستە زیاتر گرنگی بە خۆشەویستەکەت بدەیت، دوور بکەوەرەوە لە هەر جۆرە بڕیارێك لە کاتی تووڕەییدا.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

دەرفەتی ئەوەت دەبێت پلان دابنێیت بۆ بینینی خۆشەویستەکەت و هەندێك کات پێکەوە بەسەر بەرن، لە لایەنی پیشەییەوە ئەنجامی کارەکانت ئەرێنی دەبن، تەنیا پێویستە گەشبین بیت، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو ڕووبەڕووی چەند بەربەستێك بویتەو، ئەمەش پەستانێکی زۆری هەبووە لەسەرت، بەڵام لە ئەمڕۆوە هەموو شتێك باش دەبێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت دەبێتە دەرفەتێك بۆ ئەوەی تواناکانتی تێدا دەربخەیت، نیگەران مەبە بۆ ئەو کێشانەی لە ژیانی تایبەتیتدا ڕووو دەدات، چونکە کاتین و زو کۆتاییان دێت، ئەگەر خەون بە پلەیەکی بەرزترەوە دەبینیت لە لایەنی پیشەییەوە، پیویستە متمانەت بەخۆت هەبێت و لە هەوڵدان نەوەستیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


هەندێك کێشە لە ژیانی سۆزداریتدا ڕوودەدات بەهۆی هەڵسوکەوتەکانی خۆشەویستەکەتەوە، پێویستە بە ڕێگەیەکی ژیرانە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت، ڕێگە مەدە کێشەکانی نێوانتان گەورە ببێت، بەهۆی متمانەبەخۆبونتەوە لە لایەنی پیشەییەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت، باشترە بە ئاسانی متمانە بە هاوپیشەکانت نەکەیت.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی داراییەوە ڕۆژێکی گرنگ دەبێت، هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەیت سەرکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنیت ئەگەر بە متمانەوە کارەکانت ئەنجام بدەیت، گرنگ نییە چەندێك سەرقاڵیت هەندێك کات بۆ خۆت و خێزانەکەت تەرخان بکە، دەربارەی لە لایەنی سۆزداریت خۆشەویستەکەت کەمێك لێت نیگەرانە، هەوڵ بدە لێی تێبگەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت، پێویستە ژیرانە بڕیار بدەیت، هەوڵ مەدە بە ڕێگەیەکی کورت و ئاسان بگەیت بە سەرکەوتن، چونکە ئەو ڕێگەیە بۆ تۆ گونجاو نییە و زیاتر تووشی کێشەت دەکات، لە لایەنی سۆزدارییەوە بەهۆی قسەکانی خۆشەویستەکەتەوە کەمێك بێهیوا دەبیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Weekly Gulan
December 16, 2024 Issue,No.1443

Time Net

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت

- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و رێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاورێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.



**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq

